

# محەمەد عارف

١٩٣٧ - ٢٠٠٩

ئامادەکردن و کۆکردنەوەی

بەختیار سەعید



هەواڵنامەی کتێب


هەواڵنامەی کتێب

بەختیار سەعید



هەواڵنامەی کتێب

# محەمەد عارف

**١٩٣٧ ـ ٢٠٠٩**

هەواڵنامەی کتێب

پێشکەشە بە ڕۆحی هونەرمەندی کۆچکردوو

## محەمەد عارف



هەواڵنامەی کتێب

هەواڵنامەی کتێب

تابلۆکانی (سەلاحەددین ئەیوبی)، (دوازدە سوارەی مەریوان) و (قەلای دمدم)، ئازیزترین تابلۆو کاری هونەریی منن.

من ڕێبازی خۆم ناگۆڕم کە ڕێبازی (ڕیالیزم)ـەو لە دەروونەوە لەگەڵ ئەو ڕێبازەدا دەژیم.

محەمەد عارف

هەواڵنامەی کتێب



سوپاسی تایبەتیم بۆ بەڕێزان

- بەڕێوەبەرایەتی هونەری شێوەکاری سلێمانی کە ئەرکی چاپکردنی کوڕاسەکەیان لە ئەستۆ گرت.
- ئالان محەمەد عارف کەبەشێکی زۆری ئەرشیفەکەی هونەرمەند محەمەد عارف هاوکاری کردم.
- تریفە فایەق کە هاوکارییەکی زۆری تایپکردنی کوڕاسەکەی لەئەستۆ گرتووە.
- سامان محەمەد کە ئەرکی هەڵەچنی کوڕاسەکەی لە ئەستۆگرت.
- بازیان جەلال کە ئەرکی دیزاینی کوڕاسەکەی لەئەستۆگرتووە.

هەواڵنامەی کتێب

هەواڵنامەی کتێب

# بیبلۆگرافیای محەمەد عارف



## محمد عارف

- ١٩٣٧ لە رەواندز لەدایکبووە.
- ١٩٥٦ پەیمانگەی هونەرەجوانەکانی بەغدای تەواوکردووە.
- ١٩٦٧ بەپلەی ئیمتیاز بڕوانامەی ماستەری لەهونەری نیگارکێشان لەزانکۆی مۆسکۆ وەرگرتووە.
- ١٩٦١– ١٩٦٧ سێ پیشانگەی تایبەتی لە روسیا کردۆتەوە.
- ١٩٧١ چوارەمین پیشانگەی تایبەتی لە هۆڵی (مۆزەخانەی هونەری هونەری هاودەمی نەتەوایەتی)ی شاری بەغدا.
- ١٩٧٦ پێنجەمین پیشانگەی تایبەتی بەناوی (رازی نیشتمان) لە هۆڵی (کۆمەڵەی رۆشنبیرانی کورد) لە شاری بەغدا.
- ١٩٧٧ شەشەمین پیشانگەی تایبەتی لە شاری هەولێر.
- ١٩٧٩ حەوتەمین پیشانگەی تایبەتی لەهۆڵی مۆزەخانەی هونەری نەتەوایەتی هاودەم لەبەغدا.
- ١٩٨١ هەشتەمین پیشانگەی تایبەت بەناوی (ئیمپرێشینەکانم دەربارەی جیهان) لەهۆڵی (الرواق)ی شاری بەغدا.
- ١٩٨٤ نۆیەمین پیشانگەی تایبەتی لەهۆڵی (مۆزەخانەی نەتەوایەتی هاودەم)ی شاری بەغدا.
- ١٩٨٩ دەیەمین پیشانگەی تایبەتی بەناوی (سیمفۆنییەی چیاکان) لەهۆڵی (الرواق)ی شاری بەغدا.
- ١٩٩٣ یانزەمین پیشانگەی تایبەتی بەناوی (سیمفۆنیای هونەر) هۆڵی (میدیا)ی شاری هەولێر.

هەوالنامەی کتێب

◈ ١٩٩٨ دوانزەمین پیشانگەی تایبەتی بەناوی (عاشقی کوردستان) لە هۆڵی (میدیا)ی شاری هەولێر.

◈ ١٩٩٩ سیانزەمین پیشانگەی تایبەتی بەناوی (کوردستانی من) هۆڵی مۆزەخانەی سلێمانی.

◈ ٢٠٠١ چواردەهەمین پیشانگەی تایبەتی لەهۆڵی (مۆزەخانەی نەتەوایەتی بەغدا ).

◈ ١٩٥٦تا ٢٠٠٧ بەشداری زۆربەی پیشانگە هاوبەشکانی کردووە لە (هەولێر، سلێمانی، کەرکوک، بەغدا، کوەیت، قەتەر، بەحرین، لوبنان، جەزائیر، سوریا، مەغریب، تونس، ئەڵمانیا، فەرەنسا، بەریتانیا، ئێران).

◈ ١٩٨٢– ٢٠٠٧ هەژدە کتێبی بەچاپ گەیاندووەو چەند دەستنووسێکی ئامادەیە بۆ چاپ.

◈ ئەندامی کۆمەڵەی هونەرمەندانی جیهانی سەر بە یونسکۆ بوو لە پاریس، ئەندامی کۆمەڵەی بەغدا بۆ هونەری نوێ، ئەندامی رێکخراوی هونەرمەندانی کوردستان، مامۆستای هونەری نیگارکێشان بوو لە بەغدا و بابل و زانکۆی سەلاحەدین

◈ ٢٠٠١ خەلاتی دەوڵەت بۆ داهێنانی هونەری وەرگرتووە.

◈ ٢٠٠٤ دکتۆرای لە فەلسەفەی هونەر بە پلەی نایاب لەزانکۆی سەلاحەدین وەرگرتووە.

◈ دامەزرێنەری کۆلیژی هونەرەجوانەکانی شاری هەولێرە.

◈ ٢٠٠٩/١٠/٩ لە نەخۆشخانەی کۆماری شاری هەولێر کۆچی دوایی کردووە.

هەواڵنامەی پێش


هەواڵنامەی کتێب

# چەند سەرنجيك لەسەر شێوەكار محەمەد عارف

هەواڵنامەی کتێب



وەک لە مانگی بانەمەڕ دا بە مێرگ و نواڵەکانی کوردستان دا
بگەڕێم بە دیتنی ئەم پێشانگە شاد بووم و بە تەماشای
تابلۆ سەرکەوتووەکانی کاک موحەممەد عارف هونەرمەند چاوم
ڕوون بووە. هێمن

١٩٧٦/١١/١٧

دەستووخەتی مامۆستا هێمن موکریانی شاعیر



سیفەتی هەرە بەرزی هونەری محەمەد عارف لەوەدایە کە هونەرەکەی لەپێناو میللەتەکەی تەرخانکردووە لە ڕووی مێژووی خەبات و خاک و جوانی سروشتی مرۆڤی کورد، ئەم سیفەتەی بە سێ قۆناغی گرنگ لەمێژووی هونەریدا تێپەڕیووە، سەرەتا شێوازێکی سادەی پڕ لەڕەنگ شارەزایانە بەکاری هێناوە، قۆناغی دووەم لە یەکەم وردەکاری تر، هەروەها وەستایانەتر لە بەکارهێنانی ڕەنگ و کۆمپۆزیشن، تابلۆکانی گوزارشتن لە داستان و میللەتی کورد دەکات، دواین قۆناغ بایەخی بە پۆرترێتی مرۆڤی کورد داوە لەهەردوو ڕەگەز بە ڕەنگسازییەی جیاواز لە هەردوو قۆناغی ڕابردوو.

**سلێمان شاکر**

هەواڵنامەی کتێب



هونەری شێوەکاری  محەمەد عارف لە سەرەتای ژیانی هونەرییەوە تا کۆتایی ژیانی بە هونەرمەندێکی کار واقیعی لە بواری نیگارکێشاندا ناسراو بووە، بەڕای من وەکو (تەکنیک و شێواز) گەر لەسەر ڕێچکەی حەفتاکان بەردەوام بوایەو بەمەرجێک پەرەی پێدابوایە ئێستا کارو بەرهەمەکانی لە ئاستێکی تردا خۆی دەدۆزییەوەو حسابێکی تری هونەری شێوەکاری (نیگارسازی) بۆ ئەم هونەرمەندە دەکرا.

**دارا محەمەد عەلی**

لەنێرگزی بەهار چڵێ، لە ڕێحانەی قەدپاڵ چڵێ، لە گوڵە سورەی دەشتەکی چڵێ، لە گوڵی هەمەچەشنەی کوردستان چڵێ پێشکەش بە برای هونەرمەندی لێهاتوو لەگەڵ خۆشەویستی و دڵسۆزیما، هیوای سەرکەوتنی بۆ دەخوازم و پیرۆزبایی لێدەکەم.

**عەلی جۆڵا**

**١٩٧٧/٨/١٠**

هەواڵنامەی کتێب



محەمەد عارف توانی لە زۆر لە کارەکانیدا ولە ڕێگەی ئەو ڕەنگانەی بەکاری دەهێنێت هەروەها ئەو زەخرەفە وروخساری کەسەکانەوە  کە بە چیچڕێکی ئەدبی گەورە نوسراوە وبەبەکارهێنانی کۆمەڵێک سمبولی بچوک وەک شمشێر وئەسپ وجلوبەرگ وێنای سروشتمان بۆ دەکەیشێت.

یەکێک لە خەسڵەتەکانی محمد حەمەد عارف پرکردنەوەی ئەو بۆشاییەیە لەنێوان هونەرمەند وبینەردا بەمەبەستی جەختکردنەوە لە بەردەوامی و دروستکردنی هاوسۆزیەک لە نێوانیاندا بەشێوەیەکی سانا وساکار و لە کەشێکی شیعیریدا وگونجانی بابەتەکانی بەستایڵە وردەکارەکەی و بونیادە توندوتۆڵەکەی، فۆرمەکان یەکدەگرن و بەپەیوەندیەکی بەهێز بەرەویەک دەڕۆن، وەک کوتەیەکی یەکگرتوو کەهەموو بەیەکەوە گوزارشتکاری سەرەکییە لە تایبەتمەندیەکەی.ئەو هیچ ئارەزویەکی نییە بۆ ئەوەی موغامەرە بکات لەگەل تەشکیلیەکانی دیکەدا، هەروەها حەزناکات راکات بەدوای موجازەفاتی هونەرمەندە ئەوروپیە نوێگەرەکان، بەڵام پێیوستە لەسەر ئەم پیاوە  بەقوڵی، ناخی خۆی واقیع بەدوای کلتوردا  بگەڕێت داهێنانەکەی دەوڵەمەند بکات  بەسەر روکەشی توانا تەکنیکیە وشکەکەیدا.

**بلند الحیدری**

**لە حەوتەمین پیشانگەی تایبەتی هونەرمەندلە ئازاری ١٩٧٩.**



پڕ له ڕەنگی ئاڵاواڵا و نەخشی ڕەسەن.لای من ئەو تابلۆیانە زیاتر پەسەندبوون کە باسی له ئەفسانە ودەسکەوتە نەتەوەییەکان، ئەگەرچی هونەرمەند سیمبوڵی زۆری بەکار نەهێناوە جگە لە شمشێر وقەڵغان وئەسپێک، ئەم ئەسپە ئەسپەکەی نێو ڕۆمانی (مەزرای ئاژەڵەکانی ) جۆرج ئۆروێڵم وەبیردەهێنێتەوە، لەگەڵ ئەسپەکەی جواد سەلیمیش، کە هەردوکیان وەک سمبولێکی ڕەسەنایەتی وتەحەدای مرۆڤایەتی بەکاریانهێناوە.

محمد عارف ئەسپەکەی وەک پاشکۆی سوارەکە بەکار نەهێناوە بەڵکو وەک تۆخمێکی دیکە لە وێنەکەدا، ڕەنگە پێمان وابێت ئەو ئەسپە گرنگی زیاتر بێت لەهەندێ لە کەسەکانی ناو تابلۆکە، و هەمیشە هونەرمەند لەریزی کەسەکان دایدەنێت. ئەفسانەکان لەلای محمد عارف هەموویان مەزاجێکی کارەساتباری تاریکی هەیە، لە پۆڵا دروستکراوە، باڵای بەرزە و شانازی بەخۆیەوە دەکات.

**الفنان د. قتيبة الشيخ نوري**

**عن(المعرض السابع)**

هەواڵنامەی کتێب



ئەو شێوە فۆتۆگرافییە گواستراوەیە نیە، بەڵکو فۆرمێکە کە بەرجەستەی ناخی هەنەرمەند دەکات وکاریگەریە ناوەکییەکان لە وێناکردن ودروستکردنی دیمەنی کۆتایی، بۆیە سرۆشت باکگراوندی گشتی کارەکانیەتی ولەناو سروشتدا هونەرمەند بونایادی ناوەرۆکی دروست دەکات و هتد، لە ناخۆشیەوە بۆ خۆشی، هونەرمەند لایەنێکی بینراوی سروشت و شوێن دەگوێزێتەوە ئەمەش بەرجەستەکردنی حالەتی دەرونی و مەودای راستگۆیی هونەریەتی، بۆیە لە ناخۆشیەوە بۆ خۆشی، محمد عارف ئەزمونە گشتیە کەی ورەسەنایەتیە واقیعیەکەی دەستپێدەکات، لەبەر ئەوەی ئەزمونی هونەرمەند تەنانەت لە سەخترین ناوەرۆکی هەندێ لە کارە هونەریەکانیدا هونەرمەند لایەنگری جوانی ژیان دەکات بەشێوەیەکی گواستراوە

**عادل كامل/ القاص والناقد الفني**

**(عن معرض إنطباعات عن العالم/١٩٨١)**

هەواڵنامەی کتێب



ئەوە ماوەی ٢٠ ساڵە هونەرمەندە نەگۆڕاوە ـ لە کارەکانی ئەم دواییانەیەدا گرنگیەکی تایبەت دەبیین بە بەکارهێنانی پەڵەی ڕەنگ و دەستوپەنجەی (لمساتە) تابلۆکەی ئینتباعیی خۆیەتی لەسەر سەیرانگای سەلاحەدین، بەڵام کارەکەی لە تەنها تەکنیک زیاترە، بە ئاشکرا دیارە وەک ئاشقێکی سروشت زیاتر لە بینەرێک ، لێرەدا محمد عارف وادیارە لە لوتکەی خۆشەویستی سوفیدایە بۆ سروشت کە بونی هەیە لەو ساتەدا کە پێیدەگات، کە ڕەنگە کەسێکی قوڵ بوبێتەوە لە سروشتدا بەڵام هەستی پیناکات وەک ئەو.

**شاكر حسن آل سعيد**

**الفنان والناقد الفني/ عن( إنطباعات عن العالم)**

من شانازی دەکەم بەو کارە جوان و ڕەسەنانەوە کە گوزارشت لە ڕاستی هەست و هێزی گوزارشت و پەیوەستی واقیعیانە بە خاکی نیشتمان و مێژوی پڕ سەروەریی.هەروەها من خۆشحاڵم بەوەی هونەرمەند محمد عارف پێی گەیشتووە کە من شەرەفی ئەوەم هەبوو بەشداربم لە دەرخستنی توانا خولقێنەرەکاندابووە.

**الفنان إسماعيل الشيخلي**

**رئيس رابطة الفنانين الدوليين**

**ا ل. بوبوظا – رةخنةطرێكي سوفيَتي – ١٩٦٤**

هەواڵنامەی کتێب



### بەبۆنەی کردنەوەی پێشناگای دوومی لە ماڵی هاورێیەتی لە مۆسکۆ

محمد عارف کوردێکی عیراقە بەڵێهاتوییەوە هەستە قوڵەکانی دەردەبرێت لە تابلۆ ئاوییەکانیدا باس لەو کەشە خۆلەمێشی ورەنگە سادە رەساسیە دەکات و دەمانبات بۆ ناوچەکانی دەریای بەلتیق وسروشتی باشوری ولاتەکەمان.، ئەگەرچی خۆی لە وڵاتێکی گەرمەوە هاتووە کە رەنگەکانی گەرم وپرشنگدارە.

محمد عارف ستایلێکی جیاوازی گرتوەتەبەر ئەو ئینتباعە دەبەخشێت کە ئەو وێنەی تابلۆی میناتۆری رەنگاڵە دەکێشێت بە رەنگی بەهێز و پرمانا کە تایبەتمەندی خۆی هەیە، بەم شێوەیە وێنەی «ئاشتی لە کوردستاندا» کێشراوە کە بانگەوازێکە بوو بۆ مرۆڤایەتی.

**کازارینسکی**

**رەخنەگر وئەندازیاری تەلارسازی – مۆسکۆ ١٩٦٤**



کارەکانی محمد عارف تایبەتمەندە بە رەسەنایەتی کە گوزارشت لە روانگەی هونەرمەند دەکات بۆ ژیانێکی ئارام وخۆشی هاوڵاتیان ، کارەکانی محمد عارف ستایڵی میناتۆرم بیردەخاتەوە کە هونەرمەند توانی تەرجومەی بکات بۆ شێوازی دیکە. وبەشێوەی کلتوری ناوخۆ بۆ گوزارشتکردن لە دیمەنە شاعیرییەکانی ژیانی میللی و بابەتە فۆلکلۆرییەکان.

**پرۆفیسۆر برینتس**
**ئەلمانیای دیموکراتی – ١٩٧٢**

هەواڵنامەی کتێب





## پێشەکی

ساڵی ١٩٨١له شارۆچکەی سەیدسادق کتێبخانەی شارەزوور لەلایەن شێوەکار (ڕێبوار سەعید) و هاوڕێی ئازیزییەوە (عەلی تۆفیق) دابمەزرێنراو بۆ ماوەی چەند ساڵێک من ئەو کتێبخانەیەم بەڕێوە دەبرد، لەگەڵ هاتنی گۆڤارەکانی بەیان و ڕۆشنبیری نوێ و ڕۆژنامەی هاوکارییەوە توانیم ئاشنایەی لەگەڵ ئەم شێوەکارەدا پەیدا بکەم و ئاواتی ئەوەم خواستووە کە ڕۆژێک بێت لەنزیکەوە بەدیداری شادبم.

بۆ یەکەمینجار لە ساڵی ٢٠٠٢دا ئەو خەونەم هاتەدی و دواترش لە ڕۆژی ٢٠٠٧/١٢/٢٩ لەکۆلیجی هونەری شاری هەولێر دیدارێکم لەگەڵیدا سازکرد، ئەو دیدارە یەکێکە لەدیدارەکانی ناو ئەم کەتەلۆکە.

یەکێک لە گرنگییەکانی ئەم هونەرمەندە ئەوەیە کە توانیوێتی ڕابردوو بەشێوەیەکی تۆکمە بە ئەمڕۆوە ببەستێتەوە، دیارە ئەوەش لەڕێگای ئەو داستان و چیرۆکە فۆلکلۆرییە کوردیانەوە بووە کە بۆتە بەشێک لەبیرەوەری لەوانە (دوانزە سوارەی مەریوان، قەڵای دمدم، بریاری سیامەند، ...هتد).

دەتوانم قۆناغەکانی کارکردنی ئەم هونەرمەندە مەزنە بەسەر چەند قۆناغێکدا دابەش بکەم لەوانە (پەیمانگەی هونەرەجوانەکانی بەغدا، مۆسکۆ، هەولێر، کۆلیجی هونەر) دابەش بکەین، هەروەها جگە لەو تابلۆیانەی بۆ خوێندنەکەی کێشاونی لە بابەتی هەمەجۆردا خۆی دەبینێتەوە، لەوانە بابەتی بیناسازی و دیمەنی روسیا، هەروەها قەڵای دمدم و کۆتری ئاشتی و بابەتی نەتەوایەتی و کۆمەڵایەتی، هەروەها تایبەتمەندێتی لەناو سەرجەم کارەکانیدا ئامادەیی هەیە.

ئەم هونەرمەندە بەردەوام لە خەونی گەشەکردن و فراوان بوونی هونەری شێوەکاریدا بووە، هەر لەدرووستبوونی گەلەری تایبەت و دامەزراندنی دامەزراوەی تایبەت بە خوێندنی باڵای هونەر کە دواتر ئەو خەونەی هاتەدی و لەساڵی ٢٠٠٤دا کۆلیژی هونەری لەشاری هەولێر دامەزراند بەهەر چوار بەشەکەیەوە (میوزیک، شێوەکاری، شانۆ، سینەما).

یەکێکی تر لەو تایبەتمەندیانەی کە (محەمەد عارف) لە شێوەکارەکانی تر جیادەکاتەوە

هەواڵنامەی کتێب

ئەوەیە کە ئەم هونەرمەندە جگە لەوەی هونەرمەندێکی سەنگینە، لەبواری نووسین و وەرگێڕانی بابەتی تایبەت بە شێوەکاری جیهانی، دەکرێت بووترێت جوانترین باشترین بابەتەکانی لەسەر هونەری شێوەکاری کوردی و جیهانی بە هونەرمەندان و خوێندکارانی پەیمانگەو کۆلیژەکانی هونەر لە باشوری کوردستان ناسندووەو دەستپێشخەرێکی بەسەلیقە بووەو لەو تەمەنەدا توانیویێتی (١٩) کتێبی نووسراوو وەرگێڕدراو بەچاپ بگەیەنێت و ئێستاش شەش دەستنووسی ئامادەی چاپکردنە، لەهەمانکاتدا لە ساڵانی حەفتاکانەوە لەناو دنیای ڕۆژنامەگەری کوردی و عەرەبیدا لە عیراق یەکێک بووە لەو هونەرمەندانەی کە خاوەنی بابەتی هونەری و گۆشەو لێکۆڵینەوەی هونەری بووە لەسەر شێوەکارەکان و وڵاتە جیاوازەکان کە تێکڕا هەمووی بابەت و زانیاری بەنرخن بۆ ئێمەو جێگەی ستایشکردنە.

دروستکردنی ئەم کوڕاسەیە ڕێزلێنانە لە هونەرمەند خۆی و کارەکانی کە هیوادارم لەئاست کارو تەمەنی چەند ساڵەی (محەمەد عارف) شێوەکاردا بووبێتم.

هەواڵنامەی کتێب

**بەختیار سەعید**

**٢٠١١/١٠/٢٠**



# محەمەد عارف

## لەمێرگی خەون و هونەر و جوانیدا سەرسامە !

هەواڵنامەی کتێب

گفتووگۆی: قادر میرخان – تەلعەت تاهیر

لەڕاستیدا مرۆڤ دۆش دادەمێنێ بەرامبەر بەدڵسۆزی و پاکی و هەستی نیشتمان پەروەرانەی مامۆستا محەمەد عارف، لە زەمەنی ڕاکردن لە وڵات و خەونی گەیشتنە هەندەران،، لە زەمەنی گۆڕینەوەی هەشت حەرفە خوێناوییەکەی (کوردستان) بە ئیستیمارەیەکی پەنابەری، ئەو ئیمانە پتەوی مامۆستا محەمەد عارف بە جوانی و پێشکەوتن و گەشەپێکردنی ژیانی ڕۆحی و ماددی کورد، مایەی سەرسوڕمان بوو، بەڵام هەر زوو مامۆستای هونەرمەند بوونی ئەو عوملەیەی بۆ سەلماندین کە زۆربەمان، گرەومان لەسەر نەمانی دەکرد (عوملەی گەشبینی)، هاتنی مامۆستا بۆ سلێمانی دەرفەتێکی زیوین و هەلێکی زێڕین بوو تاکو لە (ئاینده)دا میوانداریی بکەین، هەرچەندە بەداخێکی گرانەوە ڕێکۆردەکەمان کۆمەڵێک پرسیارو وەڵامی تۆمار نەکردبوو، بەڵام هێشتا پێمان وایە ئەوەی تۆمار بووەو بڵاوی دەکەینەوە، کافییە بۆ ئەوەی شایەدی جوانبینی و جوانناسی بۆ مامۆستای هونەرمەند محەمەد عارف بدات.

**تەڵعەت: مامۆستا سەرەتا بەخێرهاتنێکی گەرمت دەکەین، زۆر سوپاسیش بۆ ئەم دەرفەتەی بۆ ئێمەت ڕەخساند، حەز دەکەین سەرەتا بچینەوە منالیت، منالیی هۆگر بوونت بە ڕەنگ؟**

منیش بەخێرهاتنتان دەکەم و زۆر سوپاستان دەکەم، هەروەها سوپاسی ئەو پێشوازییە گەرمە دەکەم کە لەهەموو لایەکەوە لە سلێمانی لە من کراو هەتا هەتابێ لەبیری ناکەم، دەربارەی پرسیارەکەت لەڕاستیدا ساڵی ١٩٣٧لەشاری ڕەواندز لەدایکبووم، پاش لەدایکبوونم من ئیتر لەو شارە دەرچووم بەرەو بەشەکانی تری کوردستان، چونکە من باوکم فەرمانبەر بوو، ئیتر شوێنی وەزیفەی لەهەر جێگایەک با من لەوێندەر بووم، بگرە هەر لە هەولێرو مەخمور و دیبەگەو کۆیەو عەینکاوەو ماوەیەکی زۆریش لە هەولێر گیرساومەتەوە، یادگارییەکانم بەسەر ئەو شوێنانەی باسمکرد دابەشکراوە، بەڵام بێگومان هەر کاتێک ماوە ماوە دەگەڕێمەوە ڕەواندز بە حەنینێکی زۆرەوە سەیری ئەو چیا سەرکەش و ئەو ڕەنگانە دەکەم، سەیری کۆنتراستی جوگرافی و دەوڵەمەندی جلووبەرگ و....هتد دەکەم، هەتا ئەو خانووە قوڕەی کە تیایدا لەدایکبووم زۆر بەخۆشەویستییەکی تایبەتی لێی دەڕوانم، پێموایە ئینسان سۆزێکی زۆر تایبەتی هەیە بۆ ئەو شارو گەڕەک وماڵەی کە تیایدا ژیاوەو هەستێکی کامەرانی قوڵی پێدەبەخشێ.

**تەڵعەت: سەرەتای هۆگر بوونت بە ڕەنگ؟**

لەڕاستیدا وەکو تاقیکردنەوەیەکی زاتی، پاشان وەکو مامۆستایەکی هونەری نیگارکێشان لە ئامۆژگا و پەیمانگەو ئەکادیمییە هونەرییەکان زیاتر، بۆم بەدیار کەوتووە مرۆڤی کورد هەر کە

چاوی دەکاتەوە بەشێوەیەکی سروشتی، ڕەنگە جوانەکانی کوردستان، ڕەنگە گەشەکانی کوردستان، کۆنتراست لەنێوان وەرزەکان، کارێکی سایکۆلۆژی، کارێکی بەسەری و دەروونی لێ دەکات، بەبێ ئەوەی بڵێم من کوردم و لایەنگیری دەکەم هەستی ڕەنگ لای کورد لە میللەتانی تر دەوڵەمەند ترە، من بەپێی شیکردنەوەی خۆم ئەمە دەگەڕێنمەوە بۆ ئەو زەمینە ڕەنگینە، بۆ ئەو زەمینە بەڕەنگ دەوڵەمەندەی کوردستان، سەبارەت بە خۆم، ئەو دەوڵەمەندییە کاریگەری لەسەرچاو و دەروون نەفسی مندا هەبووە، بەڕای من ئەو زەمینە جوانەی کوردستان و ئەو توراسە دەوڵەمەندەی ڕەنگ وا لەهونەرمەند دەکات کە فڵچەو ڕەنگی فڵچەکان لە خزمەتی ناوەڕۆکدا بن، چونکە لە ئەنجامدا هەموو شتێک، هەموو چەکێک لە چەکەکانی دەربڕین، هەموو تەکنیکێک و هەموو زانستەکانی هونەر بۆ خزمەتی ناوەڕۆکە کە پێویستە ناوەڕۆکێکی مرۆڤایەتی بەرزی هەبێت، لەهونەردا کانی هەرە نەمر ناوەڕۆکە، هەموو شتەکان لە خزمەتی ناوەڕۆکن، سەبارەت بە مرۆڤی کورد یەک لە چەکە سایکۆلۆژییەکان کە وەک سەمفۆنیای ڕەنگە ـ توراسی کورستانە.

**تەڵعەت: یەکەم مامۆستای هونەریت کێ بوو؟**

لەڕاستیدا من ئامۆزایەکم هەبوو، هونەرمەندەو تاکو ئێستاش بەردەوامە لەکاری هونەری، ئەویش مامۆستای هونەرمەند (سلێمان شاکر)ە.

ئەو پێش من چووبووە ئامۆژگای هونەرەجوانەکان، لەسەرەتادا ئەو یارمەتی مندا، حەزیکرد کە منیش ڕێی هونەر بگرم، من لەوێوە قووڵ بوومەوە بۆ ناخی سرووشتی جوان و پاکی کوردستان، لەگەڵ ئەوەشدا من تەنها بە خوێندنی ئامۆژگاری هونەرەجوانەکان ئیکتیفام نەکرد، من بی‌بێ مەدحکردن قوربانیمدا، خانووم هەبوو فرۆشتم، سەیارەم فرۆشت، هەموویم کردە قوربانی ئەو خەون و ئاواتەی خوێندنی بالآ تەواو بکەم، لە کاتێکدا کە هەموو ئەندامانی خێزانەکەم نارازی بوون لەسەر ئەوەی ببمە پسپۆڕی بواری هونەری، کەچی ئێستا من شادمانم کە بەوپەڕی ئیمانەوە ئەو ئارەزووەم جێبەجێکردو هیچ پەشیمان نیم.

**میرخان: مامۆستا ئەگەر بکرێت وێستگەکانی شێوازی کارکردنی هونەریت دەستنیشان بکەین، یەکە یەکە هەڵوەستە لەسەر قۆناغەکان بکەین؟**

بەجەنابت بڵێم، شێوازی هەرە بنکەیی، شێوازی ئەکادیمییە، ئەو شێوازە شیکردنەوەکەی بەم شێوەیەیە: تۆ ئەگەر بتەوێت ببیتە هونەرمەندێکی باش، پێویستە لایەنە زانستییەکانی هونەر بزانیت، پێویستە هونەری هێڵکاری (Drwing) هونەری ڕەنگکردن (painting)، زانستی تەشریح

(anatomey)، زانستی سەیرکردن (perspective)، هەروەها زانستی دامەزراندنی هونەری (composition)، بزانیت، بێجگە لەوەش بەشێوەیەکی فراوان ڕۆشنبیرییەکی هونەریت هەبێت، زۆر بەچاکی مێژووی هونەر بزانیت، قۆناغەکانی لەیەکتر جیاواز بکەیەوە، بەشێوەیەکی هەرە تایبەتی خۆرهەڵات دیراسە بکەیت.

ئەگەر بتەوێت ئیزافەیەک بخەیتە سەر هونەری میللەتەکەت پێویستە لە کانییە نەمرەکانی هونەر سوود وەربگریت، قۆناغی ئەکادیمی من لە مۆسکۆ قۆناغی تاقیکردنەوەی توانا هونەرییەکانم بوو، پاش ئەوە بێگومان هونەرمەند خۆی دیل ناکات لەچوارچێوەی ئەکادیمیزم، چونکە هەموو زانستە، لەدوای دەرچوون لە ئەکادیمیا بەرە بەرە ڕوانگەیەکی ئیستاتیکی درووست دەبێ و تایبەتمەندی خۆت دەردەخەی، ئەو تایبەتمەندییە هێدی، هێدی قوڵ و کاریگەرتر دەبێ و خەڵک هۆگری هونەرەکەت دەکەیت، لێرەوە شێواز سەرهەڵدەداو دەتوانێ لەڕێگەی ئەو ستایلەوە قوڵایی خۆت لەهونەردا بەرجەستە بکەیت، لێرەوە هەڵوێستی ئیستاتیکی و مرۆیی و نیشتمانی هونەرمەند دەردەکەوێت، من بەشبەحاڵی خۆم ئیمانم بەوە هەیە، بۆ نموونە کە ئێستا ئێمە بە زمانێکی کوردی شیرین قسە دەکەین، زۆر باش لە یەکتری تێدەگەین، ئەگەر هونەریش بەهۆی زمانێکی بینراو– کە زمانێکی جیهانییە– بەروونی قسە بکات ئەوا ئەو پەیامە پیرۆزە مرۆییە (کە هونەرە) دەگات و کاری جوانی و کاریگەری قوڵی خۆی دەگەیەنێت، ئێمە ئێستا بۆچی بە زمانێک قسە بکەین کە کەسمان لە کەس نەگەین، لێرەدا من مەبەستم هونەری فۆتۆگرافی فۆرمالیزمی نییە، بەڵام چەندە خۆشە ئێستا ئێمە دەتوانین هەزارەها بابەت بەم زمانە ڕەوانە شیبکەینەوە، دەکرێ هونەرمەندی کورد بە زمانێک و شێوازێک مامەڵە بکات کە بەرزی قەومی کورد، دەوڵەمەندی فۆلکلۆر، سوارچاکی، میللەتی کوردی عاشق بە سروشتی جوان و ڕەنگین، بەشداری لەبەرهەمەکانی بکات، پێویستە هونەرمەند ئەو دەرگاو دەروازەیە بۆ خەڵک بکاتەوە، لێرەوە هونەری ڕیالیزمی (پاش ئەزموونێکی زۆر) شایانی هەڵگرتنی ئەو شەرەفە پیرۆزەیە کە ئاماژەمان پێکرد.

**میرخان: مامۆستا ئاشکرایە کە هەموو هونەرمەندێک پەیامێکی هەیە، بەڕێزت دەتەوێت لەڕێگای هونەرەوە چی بە خەڵک بڵێیت؟**

لەڕاستیدا بەیامی من ئەوەیە زیاتر عاشق بە کوردو کورستان بیت، و لە دڵ و دەرونەوە ئینسانت خۆش بوێت، قوربانی بەشتە زاتییەکان بدەیت، لەپێناوی گەورەیی و گەورەتربوونی دەوروبەرەکەت، بێگومان سەرەتای خۆشەویستییەکە بۆ میللەتی خۆتە، دواتر بۆ میللەتانی تر، ئەمەش زۆر ئاساییە من دایکی خۆم لە هەموو دایکەکانی دیکە خۆشتر دەوێت هەرچەندە مایەی ڕێزو تەقدیرن، من لەدایکدا

تەنها مەبەستم مەسەلەی فرۆمالیزمی نییە، کوردستان دایکی ئێمەیە، نیشتمان دایکە، بەڵام چەند ناوەرۆکێکی تێروتەسەل بن، چەند پلەی عاشقی بەرزتر بێت چەندی توانەوە لە خۆشەویستی مرۆڤ و خاکی کورد زیاتر بێت ئەوا هونەرو ئاستەکەی پایەدارتر دەکات، ناکرێ هونەر ماعونێکی سەفەری تێدا بێت دوای بەکارهێنان فڕێ بدرێت، بەڵکو پێویستە توحفەیەکی نایاب و نرخێکی جەمالی بەرزی هەبێت، لێرەدا چەند ناوەڕۆک بەرزبێت ئەوا هونەرمەند دەتوانێ ڕۆڵی هەقی خۆی ببینێ، نەک تەنها ئەو ڕۆڵەش بەر ئەو میللەتە دەکەوێ کە هونەرمەنەکە ئینتمای بۆ هەیە، بەڵکو بۆ سەرجەم جیهان ئەو جوانییە پەخش و بڵاو دەبێتەوە، چونکە لەبەختەوەری هونەری شێوەکاری ئەوەیە کە تاکە هونەرە دەتوانێ سروشتی ڕەنگین، هەروەها مرۆڤ بەشێوەیەکی زیندووی بچووککراوەی ڕەنگاوڕەنگ پێشکەش بە بینەر بکات، لەبەرئەوەشە هێزی کاریگەری هونەری نیگارکێشان ئەوەیە کە لە هەموو هێزەکانی تر بە تەوژمترە، تۆ پەیکەر دەکەیت ڕاستە، پەیکەر بەرجەستەکراوەو بەسێ سەدو شەست پلە دەتوانی ببینیت، بوعدی سێیەمی تێدایە، لە کاتێکدا هونەری نیگارکێشان دوو بوعدە، بەس تۆ پەیکەری ڕەنگاوڕەنگت نییە، کە ڕەنگ و تۆنەکانی ئینسانی تێدا بێت، هونەری نیگارکێشان ئیحائییە، لەگەڵ ئەوەشدا نزیکترین شتە لە سروشتی بینراو، تۆو ئەو چەکە نەمرەو ئەو نامە پیرۆزەت هەبێ، عاشق و متەسەوفی ئەو کوردستانە بیت، چیترت دەوێ، لەڕاستیدا هەموو تەمەن بەشی ئەو بەختەوەرییەی هونەرمەند ناکات.

**میرخان: مامۆستا هەست دەکرێ جەنابت زیاتر لە مونتەڵەقی ئەکادیمییەوە قسەکانت دەکەیت، لەڕاستیشدا پێدەچێ خوێندنی ئەکادیمیت لە سۆڤییەتی جاران تەواو کاریگەر بووبی، چونکە بەڕێزت تاوەکو ئێستاش وەکو هونەرمەندان دەڵێن هەر لایەنگری ناوەڕۆک و پابەندی ڕێبازی ڕیالیزمیت، لەلایەکی دیکەوە کاریگەری هونەری (ئیکۆنات) لەزۆر شوێندا بەسەر بەرهەمەکانتەوە دیارە، تۆ ڕات چییە؟**

لەڕاستیدا من هەموو جۆرە ڕەخنەیەک قبوڵ دەکەم، هونەرمەند نییە بگاتە پلەی کەماڵ، وەک چۆن هیچ مرۆێکیش نییەگەشتبێتە پلەی کەماڵ، ئەو هونەرمەندەی کە پێت وایە گەیشتبێتە ئەو پلەیە وەکو پەیکەرێکە کە لەجێگەی خۆی وشک بۆتەوە، من بەشبەحاڵی خۆم ئەو هێرشە وەکو مۆدە تێدەگەم، یان وەکو (پەسیو) کە ئەنگۆ پێی دەڵێن هەلامەت، ئەم دەردەش بریتییە لەو بۆچوونەی کەپێی وایە مادەمەکێ تۆ دەرچووی فلانە وڵاتیت و لەوێت خوێندووە، ئیتر دەبێ بکەویتە ژێر کاریگەری هونەری ئەو وڵاتە، برواتان بێت ئەمە وانییە، برواتان بێ ئەو توهمەیە بەشێکی زۆر کەم لەڕاستی تێدایە، ڕەنگە دستۆفسکی مافی خۆی بێت کە گوتویەتی «ئێمە هەمووومان لەژێر

پەڵتۆکەی گۆگۆڵ دەرهاتووین» بەڵامبۆ دەبێ من لە پاڵتۆی روسیا دەرهاتبم، کە من باسی کوردو کوردستان دەکەم ئەوکات سۆڤیەت هەر باوەڕی بەکێشەی نەتەوایەتی نەبوو، من کە باسی ڕەواندزو ئەو هەموو جوانییەی خاک دەکەم، ئایا ڕوسیا فێری کردووم، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کە تۆ تەکنیکی هونەری وڵاتێک فێربووی، مانای ئەوە نییە ئیلاوبیلا دەبێ پاشکۆی ئایدۆلۆژی ئەو وڵاتە بیت، بەڵێ من سوودم لە تەکنیکی ئەوان وەرگرتووە، بەڵام تەرخانم کردووە بۆ کوردو کوردستان، سەبارەت بە هونەری (ئێکونات) کە جەنابت ئاماژەت پێدا، ئەویش دەتوانین لەرێی فێربوونی تەکنیکەوە باسی بکەین، بۆ نموونە من کە لە بەغدا خوێندنی هونەریم تەواوکرد شتێکیان فێرکردین، بەڵام بە بەراورد لەگەڵ باری هونەری و ئاستی سوود وەرگرتنیان لە ئەوروپا ئەوا شتێکی هەژار بوو، با نموونەیەکت بدەمێ، من نامەی ماستەرەکەم کە دەربارەی سەلاحەدینی ئەیوبییە بە تەکنیکی (ئێکۆناتی ڕوسی) جێبەجێم کرد بەو مانایەی من لەوێدا تەکنیکێکی ڕوسیم بەکارهێنا بۆ بابەتێک لە توراسی کوردی.

**تەڵعەت: مامۆستا لە چاوپێکەوتنێکدا گوتبووت من باوەڕم بە تەجرید نییە، پێت وانییە ئەم قسەیە کەمێک قورسە، خۆشت دەزانی ئەو قسەیەی جەنابت نارەزاییەکی زۆری لێ پەیدابوو، پاشان هەڵڵایەکی زۆری لە ناوەندی هونەرمەندە گەنجەکاندا نایەوە؟ ئێستاش هەر سوری لەسەر ئەو قسەیەت، باوەڕت وەکو جارانە؟**

لەڕاستیدا من دژی هیچ شێوازێکی کارکردنی هونەری نیم، هەروەها دژی هیچ ستایلێکی هونەری نیم، پێموایە هەر ستایلێکی هونەری، هەر ڕێبازێک، مایەی دەربرینێکی فەلسەفییە، ئەو فەلسەفەیەش تیۆرییە، تاوەکو خۆی لەبەرهەمێکی بینراودا بەرجەستە دەکات، لەو چوارچێوەیەدا باس لە هونەری ئەبستر اکت دەکەم، هونەری ئەبستراکت لەناوەڕۆکدا ڕەتاوەتەوە، تۆ لەڕێی ڕوخساری دەرەوەی ئینجا دەچیە بابەت، چەند ڕەمزێکیان هێشتۆتەوە، تۆ لەڕێی ئەو ڕەمزانەوە دەزانی ئەسڵی ڕوخسارەکە چیبووە، لەڕاستیدا کە تۆ دەگەڕێیتەوە سەر دامەزرێنەرانی فەلسەفەی جەمالی ئەبستراکت عوزریان پێدەبەخشێت تۆ تەماشای بەرهەمەکانی کاندنسکی، مالڤێچ بکە کە نزیکەی سەد ساڵ لەمەوبەر ئەو قوتابخانەیان هێنایە ناو مەیدانی هونەرییەوە، شتی دەروونی ئەندێشەی خۆی دەربڕێ، مالڤێچ هەمان شت، شاگاڵ هونەرمەندێکی جوانە، نەیتوانی لەگەڵ شۆڕشی ئۆکتۆبەردا بگونجێ، ئیتر بوو پەناهەندە، تۆ عوزور دەدەیتە شاگاڵ چونکە هەستی بە موعاناتی چەوسانەوەی نەتەوایەتی دەکرد، لە ئەدەب کافکا، بۆ نموونە نووسەرێکی جولەکە بوو، موعاناتی هەبوو لە نووسینەکانی (المسخ، المحاکمە) عوزری دەدەیتێ، لێرەدا هونەرمەندێکی کورد دەتوانێ سوود لە ئەبستراکت وەرگرێ، مافی ڕەوای خۆیەتی، شارستانییەت موڵکی هەموو مرۆڤایەتییەو ئەوانەی ئەو ڕێبازەیان لەهونەر

هەڵبژاردووە من دژیان نیم، بەڵام منیش مافی خۆمە بەبێ ئەوەی هێرش ببەمە سەر کەس ئیمانێکی پتەوم بە ڕێبازی ڕیالیزم هەبێ وەکو کە لەسەرەتای ئەم چاوپێکەوتنەدا گوتم: چەند خۆشە ئێمە ئێستا بەزمانی زگماکی شیرینی کوردی خۆمان قسە دەکەین ئاواش هونەر ڕوون و ئاشکرابێت، بەڵام بەمەرجێک دانەبەزێتە ئاستی فۆتۆگراف، یان هونەری ڕیالیزمی.

**میرخان: ڕەنگە کێشەکە تەنها لاسایی کردنەوەی ڕۆژئاوا بێت لای هەندێکیان....**

ڕاستە..

**تەڵعەت: مامۆستا دەکرێت هونەرمەندی کورد بە ئەبستراکت و سوریالیزم کاری هونەری بکات و هەستی نەتەوایەتی و ئەو کوردو کوردستانەی باسی دەکەیت بیپارێزێت؟**

بەڵێ پێموایە، خۆت دەزانی سوریالیزم لەدوو بەش پێکهاتووە (سور) واتا سەر، ڕیالیزمیش دیارە، واتا سەرووی واقیع، لەڕاستیدا ئەوان پاساوی خۆیان هەیە، کاتی خۆی کە فرۆید تیۆری سایکۆلۆژی داهێنا، کارێکی تازە بوو، توانی بۆچوونێکی نوێ سەبارەت بە ئیزدیواجیەت، خەون، کابوس، هیوا، مرۆڤی هیوا دامرکاو، دابمەزرێنێ، هونەرمەندی کورد دەتوانێ سوود لەم بۆچوونانە وەرگرێ، بەڵام نەک لاساییەکی ڕووتی سلفادۆر دالی بکات، من سلفادۆرێکی کوردم بۆچییە، کە ئوستادی ئەم قوتابخانەیە هەبێ و ناوی سلفادۆر بێ، بۆچی دەبێ هونەرمەندێکی کورد دوای تێپەڕبوونی حەفتا، هەشتا ساڵ بەسەر کارە نەمرەکانی سوریالیزم، ئێستا خۆی بکاتە فۆتۆ کۆپی سلفادۆر دالی، بۆچی ئەو هونەرمەندە کە نیشتەجێی ئەو وڵاتەیە، نەگەڕێتەوە بۆ کلتوری نەمری ڕۆژهەڵات؟! کلتوری شوێندارو شاراوەی بە ئەنقەستی ڕۆژهەڵات هەڵکۆڵێ و تیایدا قاڵ بێتەوە چاکترو جوانتر نییە؟ ئێمە وەکو کورد کە هەمیشە چەوساوەو زوڵم لێکراو بووین، بۆچی نەگەڕێینەوە بۆ دەریای لەبن نەهاتووی کوردو کوردستان، تاوەکو بیسەلمێنن کە ئێمەش خاوەن شارستانییەت و کلتوری خۆمانین..بۆ نەگەڕێینەوە سەر فۆلکلۆرو داستان و حەیران و لاوک و پەیوەندی ڕەنگەکان و مافورو بەڕەی کوردی خۆمان؟ بۆ نەگەڕێینەوە سەر دەیەها بەیتی سوارچاکی و مەودایەتی و عەشقی پاکی کوردەواری، لەڕاستیدا لەگەڵ ڕێزم ئەگەر بەراوردێک بکەین دەبینین ژیانی ئاژەڵی و بەغەریزەی ئەوروپا لەگەڵ داب و نەریتی پاک و جوانپەرستانەی کۆمەڵی کوردەواری خۆمان ئاسمان و ڕێسمانی فەرقە، بۆچی هونەرمەندێکی کورد ڕوو لەشتێکی ڕۆژئاوایی بکات و جوانی و پاکی و سوارچاکی و دڵ و دەروونی پاک و تەسەوف و جیهانی بەرفراوانی فەلسەفەی ڕۆژهەڵاتی ئیهمال بکەم، من ڕۆڵەی کوردستانم، ڕۆڵەی ڕۆژهەڵاتم، باوەڕبکە ئەوان هونەرمەندە گەورەکانیان ئەوە

دیلاکروا، ماتیس، ژیریکۆ، هەموویان ئاوات بە ڕۆژهەڵات دەخوازن، لە هەڵمەتە گەورەکەی ناپلیۆن چەندین هونەرمەندو نووسەرو زانا ڕوویان دەکردە ڕۆژهەڵات بۆ ئەوەی لە کانییە نەمرەکەیدا قومێ هونەری ڕەسەن و پاکیی بخۆنەوە، ئێمە ڕۆژێکمان هەیە، ئاسمانێکی شینی بێگەردمان هەیە، هەموو دنیا ئیرەیمان پێدەبات، ئەوان ئاسمانەکەشیان خۆڵەمێشییە، من بۆ دەبێ ئەو هەموو سامانە پڕ بەهایە پشتگوێ بخەم و خۆم بکەمە پاشکۆی هونەرمەندێکی ئەورووپی!

**میرخان: مامۆستا خاڵێکی زۆر گرنگت دەستنیشانکرد، کە هەمیشە ڕووبەڕووی هونەرمەندان و ڕۆشنبیرانی کورد دەبێتەوە، کە ئەویش بەدوای خۆدا گەڕانە، یان گەڕانە بەدوای پێناسەدا، پرسیارێک دێتە پێشەوە، ئایا ئەو سەرچاوانە چین کە هونەرمەندو خوێندکاری پەیمانگەو ئەکادیمیانی کورد پشتیان پێ ببەستێ؟ یان بیکاتە بناغەیەک بۆ خۆی، بۆ نموونە ئێمە مۆزەخانەیەکمان نییە بەرهەمی هونەرمەندانی پێش خۆمان بگرێتە خۆی و ببێتە بناغەیەک، لای ئێمە سەیر دەکەین ئەگەر چەند بەرهەمێکی کەم مابێ، تەمەنێکی کورتیان هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا لەو ماڵ و لەو شوێن ونبوون! بەڕای تۆ ئەو سەرچاوانە چین؟**

بەڕای من، بنەمای تراژیدیای وەزعی ئێمە ئەوەیە کە خاوەنی دەسەڵاتی سەربەخۆو قەوارەی تایبەتی خۆمان نەبووین، هەمیشە ئەگەر شتێکیش سەری هەڵدابێ زوو سەرکوتکراوین، کە تۆ خاوەنی زەوی خۆت بووی، دەتوانی بەشێکی بکەیتە خەستەخانەو بەشێک باخچەو بەشێک بیناو بەشێکیش مۆزەخانە، بەڵام کەنەتبوو ئەوا هیچ شتێک لەوانەی باسمکرد بەڕێکوپێکی ئەنجام نادرێت.

سەبارەت بەسەرچاوەکانیش کە هونەرمەندان و خوێندکاری ئامۆژگاکانی هونەر پشتی پێ ببەستن ئەوەیە پێش هەموو شتێک سەرچاوە زانستییەکانی هونەرو فێربوونیان زۆر گرنگە، لەگەڵ ئەوەشدا من تەواو لەگەڵ بۆچوونەکەی جەنابتم سەبارەت بە نەبوونی مۆزەخانەیەک، ئەوە تراژیدیای هەرە گەورەی ئێمەیە، بەڵام بۆ نموونە هەندێ شت هەیە بەرە بەرە دەچەسپێ بۆ نموونە لایەنی تیۆری ئیستاتیکی، تۆ سوود لە (میناتۆر)ەوە وەربگریت، سوود لە میناتۆری فارسی و هیندی وەرگریت، دەتوانی سوود لەهونەری (میزوپۆتامیا)و هونەری ئیسلامی وەربگریت، هونەرمەندی کورد ئەگەر بیەوێت دەتوانێ هونەری ئاشوری و فیرعەونییەکان بۆ نموونە بەسەرچاوەی خۆی بزانێ، لەگەڵ ئەوەشدا سەرجەم کلتوری هونەری جیهانی موڵکی خۆیەتی، هەرچەندە بۆ هونەرمەندی کورد توراسی ڕۆژهەڵات نزیکترە وەک لە ڕۆئاوا، با سوود لە ڕۆژئاواو هونەری جیهانی ببینێ، بەڵام بزانێ چی هەڵدەبژێرێ، بەڕای من هونەری (میناتۆر) کە دەکاتە ڕازاندنەوەی کتێب، بۆ هونەرمەند سوود لە کلتووری ڕۆژهەڵاتی وەرنەگرێت؟ ئەمە باشتر نییە لەوەی فۆتۆکۆپی کارە هونەرییەکانی



هەواڵنامەی کتێب

هونەرمەندە ڕۆژئاواییەکان بکات، دەرفەت بۆ کارکردن ئێجگار زۆرە ئەگەر یەکێک بیەوێت کار بکات، بۆ نموونە مام هێمنی شاعیر ئایا ئەوە ناهێنێ کە من بەرگی کتێبی شیعرەکانی برازێنمەوە؟ با ئێمە لە هەستی بازرگانی کارنەکەین و چاومان لەداهێنان بێ، هونەرمەند هەیە نرخی خەیاڵی بۆ تابلۆکانی دادەنێ، لێپرسراوانیش دەڵێن بازرگانی دەکەن، لێرە دە، سەد هونەرمەند بە ئاگری یەکێک دەسووتێ، هونەرمەند پێویستە بەڕاستی خزمەت بە خەڵک بکات، خۆشەویستیان زیاد بکات و باوەڕیان بەژیان پیتەو بکات، بەداخەوە هەندێ لێپرسراو بۆچوونی زۆر کۆنیان لەسەر هونەرمەند هەیە، ئەمەش ڕەنگە هۆی ئەوە بێت کە دەرفەتیان نەبوو یان نەیانویستووە بچنە مۆزەخانەیەک، یان بەڕێکەوت چوون، لەلایەکی دیکەوە بەڕاستی هەندێ هونەرمەند خۆیان سووک کردووە بەشێوەیەکی زۆر تەبەعی و پاشکۆیی بەدوای لێپرسراوەکانەوەن.

هەندێ لە لێپرسراوەکان وەکو کالایەک سەیری هونەرمەندان دەکەن، هونەرمەندەکانیش ڕۆحی بازرگانێتیان لەلا زاڵ بووە لەبەرامبەریان، بەڕای من پێویستە پەیوەندی نێوان هونەرمەندو لێپرسراوەکان بەشێوەیەکی ڕێزگرتنی هاوبەش و لەسەر بنەمای خۆشەویستی دوور لە تەبەعییەت دابمەزرێتەوە.

**تەڵعەت: مامۆستا با کەمێک بگەڕێینەوە دواوە، هونەرمەندان عەزیز سەلیم و دانیال قەساب لە ساڵانی ١٩٣٠-١٩٤٠دا چ ئامادەییەکیان لە مەیدانی جموجوڵی شێوەکاریدا هەبووە؟ چیان کردووە؟ دەوریان چی بووە؟**

بێگومان دەورێکی باشیان هەبووە، بەڵام هەریەکە لەو دوو هونەرمەندە، شێوازو ستایلی جیاوازی خۆی هەبوو، بۆ نموونە دانیاڵ قەساب بەڕاستی شارەزای هونەری بەکارهێنانی ڕەنگ بووە، بێگومان بەنیسبەت کورد زیاتر ڕیالیزمی بووە، نهێنییەکانی قوڵایی سێیەم و پلەی ڕەنگەکانی زانیووە، لەگەڵ ئەوەی کە خوێندنی ئاکادیمی نەبووە، یان کەم بووە، بەڵام زۆر زیرەکانە بۆخۆی دیراسەی کردووە، لەو چەند بەرهەمەی کە من بینوومن، تابلۆ زەیتییەکانی بەڕاستی دەیسەلمێنێ کە هونەرمەندێکی زۆر بەهرەداربوو، بەڵام کۆمەڵێک گرافیکم بینی کە دانیال کێشابوونی لە کتێبێکدا بوو، بەداخێکی گرانەوە زۆر لە ئاستی نیگارکێشانی نزمتر بوون، بەنیسبەت عەزیز سەلیم بەڕاستی هونەرمەندێکی بەهەرەدارو پڕ جموجوڵە، بەرهەمی هەمەجۆری هەیە، زۆر بابەتی ئاڵۆز لەیەک تابلۆدا جێبەجێ دەکات، بەڵام هونەرمەندێکی سەرەتاییە، چونکە زانستی هونەری بەوشێوەیە نەخوێندووە کە یارمەتی بدات، سەیر دەکەیت لەیەک تابلۆدا سەد فیگەر، سەد ئاژەڵ و چەندین بابەت لەیەک تابلۆدا کۆدەکاتەوە، کە ئەمە بەرپرسیارییەکی ئێکجار گەورەیەو هەروا ئاسان نییە، کەچی ئەو دێت

زۆر بە ئاسانی و لە دڵپاکی خۆیەوە خۆی (ئیقتحام) دەکات، بێگومان ئەمەش کارێکی پڕ مەترسییە سەبارەت بە هونەرمەند، ئەگەر هونەرمەند لە کارەکەی دڵنیا نەبێت، لە سەرکەوتوویی دڵنیا نەبێت مافی خۆی نییە خۆی بهاوێتە گێژاوێک کە نازانێ بۆ کوێی دەبات، بۆ نموونە ئەگەر هونەرمەند دڵنیا نەبێت بوتڵەی ئێستا لەبەر دەممانە (کە بوتڵە ئاوێکی موقەتەرەوە خوێنەر نەزانێ مەشرووب)ەو شتی وایە رەسم بکات کە سەداسەد دەتوانێ ئەو ئاوە شەففافەی ناو بوتڵەکەو تیشک و رووناکی و سێبەرو نیوە رووناکی رەسم بکات، ئەو بوتڵە رەسم نەکات، لەبەر ئەوە ئەگەر نەتوانێ مافی خۆی بدەیتێ ئەوە باشترە خۆتی تێنەئاخنێ.

**تەڵعەت: ڕۆڵی حەسەن فەلاح و خالید سەعید چییە لە ساڵانی ١٩٣٠-١٩٥٠دا؟**

لەڕاستیدا من زانیارییەکی تەواوم نییە بە شێوەیەکی گشتی لەسەر ئەو قۆناغەی کە جەنابت ئاماژەت پێکرد،هەتا سەبارەت بە دانیال و عەزیز سەلیم،چونکە من ماوەیەکی زۆر لەدەرەوەی کوردستان بووم،پاشان کە گەرامەوە بیست ساڵ زیاترمامۆستای ئەکادیمیای هونەر بووم لەبەغدا،لەبەر ئەوە ببورە ئەگەر وەڵامەکانم تینوێتی پرسیارەکانت نەشکێنێ،بەڵام حەزدەکەم هەرچۆنێک بێت وەڵامت بدەمەوە،سەبارەت بە حەسەن فەلاح بێگومان ئەویش کۆمەڵێک ئیشی کردووە و لەچەند ماڵێک و لەچەند چایخانەیەک هەن،وەختی خۆی هەزار رەحمەت لە گۆری لەگەل مامۆستا مستەفا نەریمان گەشتێکمان لەچەند چایخانە و حەیدەرخانە و ئوتێلێکدا کرد،تەوسیقی ئیشەکانی (حەسەن فەلاح)مان کرد،بەڵام بەداخەوە کە ئیشەکانمان تەسلیمی دەزگای رۆشنبیری ئەوسا کرد نازانم چارەنووسیان چی بوو؟

هەواڵنامەی کتێب

**تەلعەت: جیاوازی تۆ (یان جیلی تۆ) چیە لەگەڵ جیلی رواد (دانیال و عەزیز سەلیم و حەسەن فەلاح و جەواد رەسول ناجی)؟تکایە گەر بکرێ جیاوازییەکان دەستنیشان بکەیت،دواتر لێکچوونەکانتان؟**

لەڕاستیدا جیاوازییەکە لەوە خۆی دەنوێنێ کە ئەوان بەشی زۆریان تەنها ئارەزوومەندبوون، موحتەریف نەبوون، هەموونا بەڵام بەشێکیان هەروەکو هیوایەت رەسمیان دەکرد.مەسەلەن مامۆستای (جەواد رەسول ناجی) خاوەنی فەزلێکی زۆرە لەسەر هەمووومان، مورەبی ئێمەیە، هەموو بایەخی هونەری کۆپی کردنی دیمەن بوو،ئێمەشی ئامۆژگاری دەکرد کە دیمەن ئامۆژگاری بکەین، من ئەو کات بەشدارییەکی کەمم لەجوڵانەوەی هونەری دەکرد، لەراستیدا ژیانی راستەقینەی هونەری من لە ساڵی ١٩٦٠ەوە دەستپێکرد ئەو کاتەی کەئامۆژگاری هونەریم لە بەغدا تەواو کرد و چوومە

ئەوروپا، لەوێ ئاسۆی زۆر فراوانی هونەری لەپێشم کرایەوە.ئەو هونەرمەندانەی باست کرد لەراستیدا هەموویان بەشداری خۆیان کردووە و جێی رێز و تەقدیرن، بەس قسەی راستیت پێ بڵێم بڵێین بابەتی مێژوویی، داستانی فۆلکلۆری، هەروا دیمەنی جوانی سروشتی و هتد، ئەو هونەرمەندانە ئەو مەجالەیان نەبووە وەک هونەرمەندی پسپۆر تیایدا کاربکەن، من رێز و خۆشەویستی خۆم دووبارە دەکەمەوە بەڵام واقیعەکە ئاوابوو،بەشێک لەجیلی ئێمە مەسئولییەتەکەمان زۆر گەورە وەرگرت. باسی خۆم ناکەم بەش واقیع دەگێڕمەوە: نیگاری قەڵای دمدم کە رەسمم کرد و ئێستا لەمۆزەخانەیەکی ئیتاڵی پارێزراوە، مەبەستی سەرەکی من ناوەڕۆکەکە بوو، قەڵای دمدم لەوێدا وەک رەمزێکی سەرکەش و نەمری کورد دێتە بەرچاو، لەوێدا ئاماژە بەوە دەکەم کە ئەو قەڵایە هەرگیز نەدەگیرا ئەگەر خۆمان لەگەڵ خۆماندا خائین نەبواین، کە خیانەت گەیشتە ئەو رادەیەی سەرچاوەی ئاو ئاشکرا بکرێت و هێرش ببرێتە سەرچاوەی ژیان کە ئاوە، کێ ئەو کارەی کرد، بێگومان بەخۆمان!! ئێستا کەئەمن دەبینم کە ئەو خیلافەتە داخیلی و ئەو شتانە، من (قەڵای دمدم)م پێشکەش کرد وەکو ئەوەی عیبرەتێک بێت کە ئێمەی کورد سوود و دەرسی لێوەربگرین، من کە دوازە سوارەی مەریوانم پێشکەش کرد ئەوە رەمزی یەکگرتنەوەی کوردە، رەمزی ئەوەیە کە ئەگەر کورد یەک بگرێتەوە بە دوانزە سوار، دانزە هەزار سوار بێگانەیان راونا، مەبەستم ئەوەیە زۆر دەرفەت لەمێژوودا هەیە بۆ ئێمە و جیلی پێش خۆمان تاوەکو کاری پێوە بکەین،من مەخسەدم خۆم نییە بەڵام زۆر سەربەرزم کەنامەی ماستەرەکەم سەلاحەدینی ئەیوبی بوو، (دوانزە سوارەی مەریوان، قەڵای دمدم)م ئەنجامدا، مەدحی خۆن ناکەم و هەموویشی دیکۆمێنتە کە پێش من ئەو شتانە نەکراوە، هەروا سیستمی (پلاپیە) کە سیستمێکی زۆرجوانەو جەماوەری پێ شادمان دەبێ ئەویش کە (سەنتەرە، مەیمەنە، مەیسەرە)یە یەکەم هونەرمەندی کوردم کە هێنامە عیراق، نەوەی پێش من وا نەبوون، نەیانتوانی سیستەمی (ئەیکۆن)و (پلاپیە)و تەکنیکی پێشکەتوو بابەتی مێژوویی بەکاربهێنن، یان بتوانن بای لە شپرزەیی کوردو خیانەت بکەن، وەک لە قەڵای دمدم، مەردایەتی و داستانی عەشق لە دوانزە سوارەی مەریوان، واتا نەیتوانی بەشێوەیەکی زانستی هونەری تەعبیر لە موعاناتی کوردو کوردستان بکەن و تەعبیر لە جوانی و سروشت و پیرۆزی دایکی نیشتمان بکەن.

**تەڵعەت: وابزانم یەکەم هونەرمەندی کوردیت ماستەرت لەشێوەکاریدا هەیە، تکایە باسی ناوەڕۆک و گیروگرفتەکانی ئەم کارەمان بۆ بکە کەی بوو؟ چۆن بوو؟ ئایا تۆ ئێستا ئامادەییت هەیە سەرپەرشتی نامەیەکی ماستەری شێوەکاری بکەت؟**

بڕوا بکە، من لەم سەفەرەدا لەگەڵ جەنابی دکتۆر جەلال شەفیق ئەو بابەتەم باسکرد، من

ئەوەندەی بتوانم پشتگیری هەر ئەکادیمیایەک دەکەم لەهەر شارێکی کوردستان بکرێتەوە، من لە خزمەتدام، سەبارەت بە من پاش پێنج ساڵ لەدواکەوتنی بەرزبوونەوەم، دوای پێنج ساڵ لە غوبن ئێستا پرۆفیسۆری یاریدەدەرم، ئەگەر لایەنی یاسایی لێرە یەکالای بکەمەوە کە من دەتوانم سەرپەرشتی نامەی ماستەر بکەم ئەوا بەڵێن بە جەنابت دەدەم کە قسوری نەکەم.

**تەڵعەت: دکتۆر فەرهاد پیربال لە یەکێک لە وتارەکانیدا دەڵێت کە جەنابت دوای حسێن حوزنی موکریانی لە ساڵی ١٩٧٠بەملاوە دووەمین هونەرمەندی کوردیت کە داهێنانت لە هونەری نەخشەسازی و ڕازاندنەوەی گۆڤاردا کردووە، چۆن؟**

لەساڵی ١٩٧٠ یان ١٩٧١ بوو من و بەهەشتی مامۆستای کورد پەروەر مستەفا نەریمان هەروەها مامۆستای کورد جەمال بابان بەهەرسێکمان گۆڤاری (بەیان)مان دەردەهێنا، من کاری نەخشەساز بووم، ئەوانیش هەردووکیان ناوەڕۆکەکەیان ئامادە دەکرد، پێش گۆڤاری (بەیان) بەڕاستی گۆڤارێکی کوردی نەبوو هەردوو بەرگی ڕەنگاوڕەنگ بێت و بەرگێکی کاری هونەرمەندێکی کورد بێت و بەرگەکەی دیکەشی هونەرمەندێکی جیهانی، لەناوەڕۆکدا لاپەڕەیەک تەرخانکرابوو بەناوی (هونەرمەندانی کورد) ئیتر هەموو گۆڤارەکە بەهێڵکاری ڕازبۆوە، ئەوکات لە چاپەمەنی کوردیدا هونەری نەخشەسازی، هونەرێکی تازە بوو، لە دووەم ژمارەی (بەیان)ەوە ڕایانسپاردم و منیش زۆرم پێخۆش بوو بەشداری گۆڤارەکە بکەم.

**تەڵعەت: ئایا بەرهەمی نیگارکێشە عیراقییەکانی وەکو قتیبە شێخ نوری و شەمس الدین فارسی و ماهود ئەحمەدو نەجیب یونس و ئەوانی تر بە بەرهەمی کوردی دادەنرێت؟ تۆ لەو بارەیەوە چی دەڵێیت؟**

ڕاستت دەوێت، ئەوانە وەکو ئینتیمای نەتەوایەتی بەڕەگەز کوردن، بەڵام وەکو بەهرەو بەرهەمەکانیان وەکو ڕۆڵەی کورد بۆ کورد تەرخان نەکردووە بە ئینتیما کوردن بەڵام بەبەرهەم بەداخەوە بەشی زۆریان کورد نین، هەرچەندە نابێت ڕەقبم، چونکە زۆربەیان مامۆستام بوون، یان لەگەڵ مندا قوتابی بوون، یان هاوڕێی وانە گوتنەوە بوون لەگەڵما، بەڵام چونکە کورد قەوارەی نەبوو بەشێکیان لە ترس و دوو دڵییەوە، بەشێکی تریشیان لە ئینتیهازیەت و چاوبرینە سەفەرات و دەرچوون بۆ دەرەوەی وڵات ئینکاری ڕەگەزی خۆیان کردووە، ئەوەی کە کورد بێت نابێت لەژێر فشارێکدا بسلەمێتەوە، بەڵکو دەبێت هەتا توانای هەیە دەنگ هەڵبڕێت کە کوردە، من لەهەموو بۆنەیەکداو لە هەموو شوێنێک کە ڕەخسابێت گوتوومە کوردم، ئەوەی بەرامبەرم عەرەبە، تورکە، ڕوسییە، ئەگەر پیاوو خانەدان بووبێت زیاتر ڕێزی گرتووم.

**تەڵعەت: ئایا حکومەت خۆی پێویستە داوا لە ئێوەی هونەرمەند بکات کە (مۆزەخانەیەکی نیشتمانی هونەری شێوەکاری) بکەنەوە؟ یان دەبێت ئێوەی هونەرمەندان دەستپێشخەری و داخوازییەکە ڕووبەڕووی حکومەت بکەنەوە، روسەکان و سۆڤێتییەکان لەم بارەیەوە ئەزموونیان چۆن و چی بووە؟ ئێمە بۆ ئەو مەبەستە چی بکەین؟**

بێگومان پێویستە هەردوو لایەن پشتگیری یەک بکەن، بۆئەوەی بگەنە مەبەستێکی نەمر و پیرۆز کە ئەویش دروستکردنی مۆزەخانەی هونەری کوردیە، لە ڕاستیدا بەبێ حکومەت، بەبێ دەسەڵات، بەبێ میزانیە هیچ شتێک ناکرێت، تۆ ئەگەر پارەت نەبێ ناتوانی چوارچێوەیەک بۆ نیگارێکت بکڕی، دەزانین لێرە هونەرمەندان باری ماددیان خراپە، ئێرە ئەوروپا نیە تابلۆیەک بە هەزارەها، بگرە بە ملیۆنەها پاوەند و دۆلار بفرۆشرێ، بیکاسۆ لە یاداشتەکانی خۆیدا دەڵێ لە ساڵی ١٩٠٥تا ١٩١٠ یەک تابلۆی فرۆشت کەبەهۆیەوە هەتا هەتایێ تەئمینی ژیانی خۆی کرد، کە ئەو وەختە نان نەبوو بیخوا، ئێرە ڕۆژهەڵاتە، ئەگەر ساڵێ تابلۆیەک بفرۆشیت یان نا، لە کوردستان دەبێ لێپرسراوەکان هەست بە گرنگی کردنەوەی مۆزەخانە بکەن، خۆشبەختانە زۆربەی لێپرسراوەکانیش پەروەردەی ئاو و هەوای ئەوروپان، ڕاستە ئەوان کەم چوونەتە مۆزەخانە، بەڵام ئەو ماوەیەی لەوێدا ژیاون بێ شک سوودیان لە مەدەنیەت و شارستانیەتی ئەوێ وەرگرتووە.

لێپرسراوان پێویستە زیاتر دەرگا لە ڕووی هونەرمەندان بکەنەوە و ڕێزی بەهرەیان بگرن، لە هەمان کاتدا بەرنامەیەک دابنرێ بۆ جێ بەجێکردنی ئەو ئەرکە پیرۆزە، ئێمەی هونەرمەندان دەمانەوێ شتێک بۆ کورد بکەین، ناکرێ کورد بەبێ مۆزەخانە بچێتە هەزارەی سێیەمەوە، من پێم وایە هەموو هونەرمەندێکی خاک پەروەر لە خزمەتی ئەو ئەرکە دەبێ،

**-تەڵعەت/ وابزانم ساڵی ١٩٩٥ بوو، بە پشتیوانی هێرۆخان، (گەلەری ئەربێللا)تان لە هەولێر دامەزراند. ئەمە یەکەمین گەلەری بوو لە هەولێر. تۆ دامەزرێنەری ئەو گەلەرییە بوویت. حەکایەتی دامەزراندنەکەی چۆن بوو، گەلەرییەکە ئامانجەکانی چی بوون؟**

لە ڕاستیدا من بەرپرسم لەم قسەیە هەڵوێستی هونەر دۆستانەی هێرۆخان جێگەی تەقدیرە ئەوە لێرەدا باسی دەکەم و لە هەولێریش باسمکردووە، چونکە من قەت شت ناشارمەوەو پێویستیشم بە کەسیان نییە، بەڵام ڕێزیان دەگرم، ئەوکات ئێمە لەلایەن هێرۆ خان-ەوە بانگهێشتکرابووین و هاتین بۆ سلێمانی، بڕیاردەری تابلۆکانی گەلەری (زاموا)مان کرد، لێرە زۆر بەڕێزەوە پێشوازی میوانداریی کراین، بیرۆکەکە لەلایەن من و دکتۆر فەرهاد پیرباڵ-ەوە لە میوانخانەی چراخان سەریهەڵدا،

هەروەها لەلایەن چەند هونەرمەندێکی دیکەش پشتگیری کراین و بیرۆکەکەیان لاپەسەند بوو کە گەڕاینەوە بۆ پشتگیرییەکی مادی و مەعنەوی هێرۆخان گەلەری ئەربیلا–ی دامەزراند، ئیتر هونەرمەندانیش کە بینیان بە عەمەلی پشتگیری دەکرێ هەموویان بەرۆحێکی پاکەوە هاتنە مەیدان، ئەو گەلەرییە بووە سەنتەرێکی شارستانی و هونەری، ئیتر دوای لەئەنجامدا بەو ئەنجامە گەیشت کە خۆتان دەزانن.

**میرخان: مامۆستا حەزدەکەین بچینە سەر تەوەری پەروەردەیی، چۆن بتوانین بەڕای تۆ کەسێتی مرۆڤی کورد لە سەرەتاوە بە هونەر گۆش بکەین؟ ئایا باشتر نییە وانەی هونەر بکرێتە وانەیەکی بنچینەیی لەباخچەی ساوایانەوە بخوێندرێت تا دەگاتە دوا قۆناغی خوێندن، حەزدەکەین بەڕێزتان سەبارەت بەلایەنی پەروەردەیی بۆمان بدوێی.**

بێگومان هیچ وانەیەک نییە کە تووشی زوڵم و دەستدرێژی کردنە سەر هاتبێ وەک وانەی هونەر، وانەی هونەر کە ڕۆحی پەروەردەیە بەداخەوە زوڵمێکی زۆری لێکراوە، بڕوات بێت ڕۆحی جوانناسی و گەشبینی و ئیمان پتەویان بە ژیان لەڕێی ئەو وانەیەوە درووست دەبێت، کە بەداخەوە لە کوردستان هەموو ئەو شتانە بە پێچەوانەوەیە، لە خوێندنگاکاندا کامە وانەی وشک و برنگە مامۆستاکەی بەوپەڕی غرورەوە وانەی هونەر وەردەگرێت و وانە وشک و برنگەکەی خۆی دەخاتە شوێنی، ئەمە لە قوتابخانەی سەرەتاییەوە بگرە تا دەگاتە خوێندنی باڵا، بەڕاستی وانەی هونەر بۆتە بۆتە پەناهەندە، بۆتە ئاوارە (وەکو کاکە تەڵعەت) پێویستە وانەی هونەر ئیعتباری خۆی بۆ بگەڕێنرێتەوە، چونکە ئەوە مەسەلەیەکی حەیاتی و جوانناسییە، هەروەها پێویستە لە قوتابخانەکاندا کتێبخانەی هونەری هەبێت و مامۆستای رەسم جێگای شیاوی خۆیی هەبێت، پێویستە قوتابییەکان چاویان بەڕەنگ ئاشنا بکرێت، فڵچەو ڕەنگیان بدرێتێ، ئێمە گەر بگەڕێینەوە بۆ گریکەکان سەیر دەکەین ئەو شارستانیەتە گەورەو مەزنە لەسەر هەردوو بنەمای هونەرو بیرکاری بنیاتنراوە، ئەسکەندەری مەقدۆنی کە قوتابی ئەرستۆ بوو لەسەر بنەماکانی هونەر ڕاهێنرابوو، هەربۆیەشە ئەو جوامێرەی لێدەرچوو.

**میرخان: وەکو مامۆستایەکی پسپۆرو شارەزا و خاوەن ئەزموون حەزدەکەم لە دەمی مامۆستای ببیستم کە شارەوانی چەند ڕۆڵی هەیە لە هەڵبژاردنی ئەو کارانەی کە دەبێتە مایەی ڕازاندنەوەو جوانکردنی شار، لەلایەکی دیکەوە لەدرووستکردنی ئەو لیژنانەی کە جۆری کارە هونەرییەکان هەڵدەبژێرن، چونکە چەندینجار باس لە پێکهێنانی ئەو لیژنە پسپۆڕە کراوەو گرنگی ڕونکراوەتەوە، هەندێکاری ناشایستەی ئەوتۆ لە شەقامەکان دەبینرێت کە کاریگەرییەکی خراپی هەیە بۆ سەر زەوقی خەڵک؟**

لێرەدا باس لەدوو دیاردە دەکەم کە یەکێکیان دیاردەیەکی زۆر مەدەنی و شارستانییەو مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی چواری پێش زاین، ئەوەی دیکە ئێستا ڕوودەداو پەیوەندی بەژیانی خەڵکی کوردستانەوە هەیە، لە سەدەی چواری پێش زاین کە تۆ دەچوویتە ناو سەنتەری ئەسیناوە، لە دەریاوە، لەسەر کەنار پەیکەری خواوەندی جوانییان درووستکردبوو بە قەوارەیەکی گەورە، بۆ کۆنترۆڵکردنی سایکۆلۆژی، کە لە پاپۆڕەوە بەرەو ڕووی ئەو پەیکەرە دەبویتەوە، لەدەریاوە–با–لە لاش و لاری دەدات، پەیکەرێکی زێڕین، هەرچەندە لە زێڕیش درووست نەکرابوو بەڵام ئەو هونەرمەندانی ئەنجامیاندابوو حسابی تیشکی ڕۆژی دەریای سپی ناوەڕاستیان کردبوو، ئاسمانێکی شین، شەپۆلی دەریا، لەش و لاری زێڕینی ڤینۆس پێش چوونە ناو ئەسینا پێشوازی لێ دەکرێت و ئەوەی دەبینی، حەتمەن لە خۆشیان مەست دەبوو، ئەوە دەروازەی میواندارییکردنی خەڵک بوو، لەیەکەم ساتەوە میوان چاوو ڕۆحی بە جوانی شاد دەبوو، لەڕووی سایکۆلۆژییەوە ئامادەیی چوونە ناو ئەسینای لەلا درووست دەبوو، ئێمە هەر باشە دەریامان نییە، بەڵام دەروازەی شارمان هەیە، من بەبێ ئەوەی خۆم لە کەس بە گەورەتر بزانم، لەدەروازەکانی شارەکانی کوردستان جۆرەها کابینەی بچووکی ناشرین و کە پڕو ڕۆنگۆڕو بەنزین فرۆش پێشوازیت لێدەکات، هەر کە دێی ئەولاو ئەملا شت فرۆشە بەڕاستی جەناب پیاو دڵی شەق دەبات خوا خواتە بگەیتە سەنتەر، کە دەشگەیت تووشی ناهومێدی دەبیت، سەنتەری هەموو وڵاتانی دنیا، مایەی سەرسوڕمان و خۆشییە، لێرە سەنتەریش بەکاری هونەریی نەشیاو پڕ کراوەتەوە، سەیری ئەو جیاوازییە بکە پاش دوو هەزار ساڵ و چوار سەد ساڵ ئەمە وەزعت بێت.

**میرخان: بابێینە سەر ڕەخنەو ڕەخنەگری هونەری، جەنابت چۆن ئەم بوارە دەبینیت؟**

لەراستیدا رەخنەگر وەکو مایسترۆ وایە، هەر ئەندامێکی ئۆکسترا ئەگەر لەدوایشدا نەشازێکی کرد ئەوا پێویستە ئەو مایسترۆیە گوێی ئەوەندە بەهەست بێ، بتوانێ ئەو نەشازە بناسێتەوە، بەداخەوە لای ئێمە رەخنەگر مایسترۆ نییە،بەڵکو لە ئەنجامی پەیوەندی شەخسی مەدحی ئەو و زەمی ئەو ئەکات؟! بەهۆی برادەرێتی و خزمایەتییەوە،یان بەهۆی نزیکی بۆچوونی سیاسی، هەشە دەعوەت و دانیشتنیشی تێدایە، گرنگی بەفلانە هونەرمەند دەدات،بێگومان ئەمە تراژیدیایە و پێویستە لەدڵ و دەروونەوە ئەو نەخۆشییە چارەسەر بکرێت، لەسەر رەخنەگر پێویستە مافی هونەر بدات، نەک بە دۆستایەتی و ئەو بەرزبکاتەوە و بەدوژمنایەتیش ئەم بشکێنێ،بەداخەوە ئەمە باری رەخنە رەخنەگرانە....دووبارە بەداخەوە....

**میرخان: هەندێک پێیان وایە شتێک نییە بەناوی رەخنەی شێوەکارییەوە، ئایا ئەم قسەیە بەلای بەڕێزتانەوە تا چەند راستە؟**

نەخێر، ئەم قسەیە راست نییە، چونکە هەموو شتێک بنەما و بونیاد و فەلسەفەی تایبەتی خۆی هەیە،ئەگەر هات و ئەمە نەبێ، مانای وایە هیچ قیەمێک لەم دونیایەدا نییە.

چونکە پێویستە سنورێکی بینراوی هەستپێکراو هەبێت لەنێوان بەرهەمی هونەری و بەرهەمی غەیرە هونەری، هەست کردن بە گرنگی ئەم خاڵە پێویستە، تێکەڵکردنی کارتەکان بەم شێوەیە، کارێکی نەخۆشانەیە، بەداخەوە کەسی واهەیە نازانێ رەسم بکات کە خۆی سفرە، کەچی خۆی بە بلیمەت دەزانێ و خۆی بە لیۆناردۆ دافنشی ناگۆڕێتەوە، دەبێتە دوژمنی مامۆستاکەی خۆی کە پەروەردەی کردووە وەک باوکێک چاوی بەجوانی کردۆتەوە لەگەڵ هونەردا ئاشنای کردووە کەچی دژی دەوەستێتەوە.

بەراستی نابێ شتەکان تێکەڵ بکرێت، پێویستە دەستنیشانکردنی ئاستی جیاواز هەبێت، ئەو قسەیەی جەنابت ئەگەر بکرێ ئەوا مانای وایە ئێمە سەراپا و سەرجەم هونەرەکەمان لەکیس چووە، ناکرێ هونەر و هونەرمەند قیاسێکی جیاکراوی نەبێت، ئێستاش لە پێشکەوتوترین وڵاتی ئەوروپا دەستنیشانکردنی ئاستی جیاواز هەیە، گەلەری هەیە ئەگەر هەزارەها دۆلاری پێبدەی ئامادە نییە بۆ هونەرمەندێکی خراپ پێشانگە بکاتەوە، لەوێش ئاست و رێزگرتنی ئاست هەیە، لەوێش کارت و کاغەزەکان تێکەڵ نەکراون.

**میرخان: بۆ پێگەیاندنی هونەرمەندان چەندین سەنتەر هەیە، وەکو پەیمانگاکان و ئەکادیمیاکان و هتد...ئەی بۆ پێگەیاندنی رەخنەگر چی بکرێت باشە؟ ئایا خۆی دروست دەبێ یان رێگایەکی زانستی هەیە؟**

لەهەموو جیهاندا بەشێوەیەکی گشتی لە ئامۆژگا و ئەکادیمیاکان و بەشی مێژووی هونەر، هەروا بەشی زانستی ئیستاتیکا وەکو کۆلیژێک هەیە،بەڵام لێرە تەنها ماندووبونی تاکەکەسی هەیە، من بۆ خۆم لەساڵی شەست و یەکەوە کتێب لەسەر تیۆرە زانستییەکانی هونەر کۆ دەکەمەوە، هور لەم بوارەدا هەشت کتێبم لەمۆسکۆ هێنایەوە کە هەر یەکەیان هەزار لاپەرەیە، لەهەموو بوارەکانی هونەری تێدایە، دەربارەی رەخنەی هونەری،مێژووی هونەری جیهانی، بە پەیکەرسازی و نیگارێشان و سیرامیک و بیناسازییەوە بەشێوەیەکی زانستی شیکردنەوەی ئەو بوارانەی تێدایە، لای ئێمە بەداخەوە رەخنەگر وەکو دۆمبەلان بێ رەگ و ریشە سەرهەڵدەدات،نابێ وا نابێ! پێویستە ئەکادیمیای

هونەرەجوانەکانی بەشی تیۆری تێدابێ، چونکە ئەرکی رەخنەگر زۆر لە ئەرکی هونەرمەند قورسترە کە من پێشتر بە مایسترۆم شوبهاند.

**تەلعەت: مامۆستا لای جەنابت وشە رەنگی هەیە.**

لە راستیدا هەموو وشەیەک رەمزە، ئەو رەمزەش جۆرە ئیحایەکی رەنگ دەبەخشێ، ئەو ئیحایەش بەندە بەدنیابینی و تاقیکردنەوەی مرۆڤەکە بە جیهان.

**تەلعەت: بۆ نموونە دایکت ناوی چییە؟**

دایکم ناوی عایشەیە..

**تەڵعەت: عایشە لای تۆ چ ڕەنگێکە؟**

زیاتر ڕەنگی ڕەشە، چونکە هەمیشە ڕەنگی تۆخی لەبەردەکرد، لەبەر هەندێ کۆستی مردنی ئاسایی.

**تەڵعەت: بەو مانایە ئایا کە فڵچە دەگریت و ڕەشی دەکەی، ئیحای دایکت بۆ دێ؟**

بەو شێوە نا، با پێت بڵێم، ڕۆحی تابلۆ ناوەڕۆکەکەیەتی، ئەو ناوەڕۆکە، یان لە ئەنجامی ئەزموونی زاتی هونەرمەند دەردەچێ، یاخود ئیزافە بۆ ئەو ئەزموونە زاتییە، کارلێکردنێکی دەرەکی هەیە، ئەمەش هەمووی پێکەوە کە دێ تابلۆیەک دادەمەزرێنێ، بە گوێرەی ناوەڕۆکەکەی چارەسەری ڕەنگی دەکەی، بەڵام وەکو (دیلاکروا)ی مەزن دەڵێ: «ترسناکترین هەنگاو ئەوەیە کە تۆ بە گەرم و گوڕی دەست پێبکەیت و پێش تەواوبوون سارد بێتەوە».

**تەلعەت: هەر لە پەیوەندی نێوان ئاوو ڕەنگدا، دەکرێ پێمان بڵێی یەکەم خۆشەویستت ناوی چییە؟**

ناوی چی بوو (پێدەکەنێ)..وەڵڵا هونەرمەند هەموو کچێکی جوانی خۆش دەوێ.. هەرچەندە خەڵک بە پێچەوانەوە لە من تێدەگات، بەڵام شتی جوان، جوانە، سروشتی جوان، جوانە، کچی جوان جوانە،...یەکەم کچ ناوەکەی....بیرم نییە!

**تەلعەت: ئەو کچە کە ناوەکەیت نەدرکاند بەلای تۆوە چ ڕەنگێکی هەیە؟**

شین، خۆڵەمێشییەکی بەرەو شین، بە گشتی ئەو ڕەنگانەی ئیلهامی گەشبینی دەبەخشێ.

**تەڵعەت: مامۆستا ناوی ئەو هونەرمەندانە بێنین و بەڕێزت لەسەر ئەزموونی هونەریان بدوێیت؟**

**تەلعەت ئازاد شەوقی؟**

وەکو نیگارکێشی سرووشتی ڕەنگین، هەستی ڕەنگەکانی جوانە..

**تەلعەت: نامیق عەلی قادر؟**

هونەرمەندێکی دڵسۆزە، لە بواری گرافیکدا سەرکەوتووە.

**تەلعەت: مدحەت کاکەیی؟**

تەڵەبەی خۆم بووە، ئیقتیحامی ئاوو هەوای هونەری ئەورووپا دەکات، پێمخۆشە خەریکی تازەگەرییە، پێمخۆشە بەردەوام بێت، کوڕێکی بەهرەدارە.

**میرخان: ئیسماعیل خەیات؟**

لەڕاستیدا ئەویش بەشداری خۆی کردووە لە هونەری کوردی، لە هونەری گرافیکی کوردی، لە ڕاستیدا نابێ هونەرمەند یەکێکی دی بسڕێتەوە، چونکە هونەر مەسەلەیەکی بینائییە، ئەمە هەم ئەزیەت بە هونەر دەگەیەنێت و هەم بۆ خۆیشی دیاردەیەکی نەخۆشە، بۆیە من کەس ئیلغا ناکەم، خۆی لە ڕووی شارستانی و کۆمەڵایەتییەوە ژیانی ئێمە ژیانێکی سەختە، من خۆم بەوهۆیەوە ئاڵۆزبووم، بۆیە ناکرێت من لێرەدا تیرەی ڕەخنەی ڕوخێنەر لە ئەم و ئەو بگرم، من ئەوە ناکەم، باشترە باسی لایەنە باشەکەی برایەکی هونەرمەند بکەم، ئەوە خوایە ڕۆژێک لە ڕۆژان لایەنە خراپەکەشی باش بێت.

**میرخان: مامۆستا پڕۆژەی داهاتووت چییە؟**

من بەسوپاسێکی زۆرەوە ڕێزی ئەو پێشوازییە گەورەیە دەگرم کە لە من کرا، بەتایبەتی مامۆستا جەمال عەبدول وەزیری ڕۆشنبیرییەوە، بە ئومێدم لە سەرەتای مانگی دە ئەوکاتەی دنیا فێنک دەبێت و قوتابییەکانی زانکۆ دەگەڕێنەوە دەوام، پیشانگەیەکی گشتی خۆم بکەمەوە کە نەوەد نیگارە، لە ساڵی ١٩٦١وە تا ئەمساڵ ڕێڕەوی هونەریم لەخۆدەگرێ، هەڵبژاردەیەکە لەسەرجەم قۆناغەکانی ئەزمونی هونەریم، لەگەڵ ١٢٠ نیگاری ڕەنگاوڕەنگی چاپکراو، لەوێشدا قۆناغە هەمەجۆرەکانی هونەریم نیشان دەدرێ، وێڕای ١٠٠ سلایدی بەرهەمەکانم وەک سیمینارێک، ئەمەش وەک تازەکردنەوەی پەیوەندییە بەشاری سلێمانی و هونەرمەندو ۆنەردۆستانی ئێرە، هەروەها مامۆستایانی ئەکادیمی و قوتابییەکان و سەرجەم ڕۆشنبیران، هەروا ئیمانێکی پتەوم بەوەیە کە هونەرمەند، هونەرمەندی

هەموو کوردستانەو من بەدڵنیاییەوە لێرەم و دەمەوێت پیشانگە بکەمەوە، دووبارەی دەکەمەوە کە ئەو پێشوازییە گەرمەی لە من کرا کاریگەریەکی زۆر ئیجابی لە من کردووە، و سوپاسی ئێوەش دەکەم کە ئەرکتان کێشاوە بۆ سازدانی ئەم گفتووگۆیەو هەستی دەروونی پاکتان تەقدیر دەکەم.

**تەڵعەت– میرخان: زۆر شادمان بووین بەم گفتووگۆیەو زۆر سوپاسی بەڕێزت دەکەین، بە ئومێدی دیدارمان لەسەرەتای مانگی (دە)و ئاشنابوونمان بە ئەزموونی پڕ بەهرەی بەڕێزتان.**

منیش زۆر سوپاسی ئێوەو گۆڤاری «ئاینده» دەکەم...هیوای سەرکەوتنتان بۆ دەخوازم.

کورتەیەک لە ژیانی هونەرمەند محەمەد عارف:

× ١٩٢٧ لەشاری ڕەواندز لەدایکبووە.

× ١٩٥٦ دبلۆمی لەپەیمانگەی هونەرەجوانەکانی بەغدا وەرگرتووە.

× ١٩٦٧ ماستەری بە پلەی ئیمتیاز لە

هونەری نیگارکێشان لە ئەکادیمیای هونەرەجوانەکانی مۆسکۆ وەرگرتووە.

× ئەندامی کۆمەڵەی هونەرمەندانی جیهانی سەر بە یونسکۆیە.

× مامۆستای هونەر نیگارکێان بووە لە ئەکادیمیای هونەرە جوانەکانی بەغداو بابل، ئێستا پڕۆفیسۆری یاریدەدەرە لە زانکۆی سەلاحەدین– هەولێر.

× لە دەیەها پیشانگەی ناوخۆی و عێراقی و جیهانیدا بەشداریکردووە.

**سەرچاوە: گۆڤاری (ئاینده) ژمارە (٣) ئەیلولی ١٩٩٩**











# د . محەمەد عارف

## هونەرمەندێ ڕاستەقینە زانستەکانی هونەرێ نەخوێندبوو
## ناتوانێت ببێتە هونەرمەندێکی گەورە

هەواڵنامەی کتێب

هەولێر: بەختیار سەعید

٢٠٠٧

**هونەرمەند «محەمەد عارف» یەکێکە لەو هونەرمەندە شێوەکارە کوردە دەستڕەنگینانەی کە خاوەنی شێواز و ستایلی تایبەتی خۆیەتی، هونەرمەند خوێندنی هونەری لەبەغدا و مۆسکۆ تەواوکردووە و دامەزرێنەری کۆلیجی هونەری زانکۆی سەلاحەدینی شاری هەولێرە، هونەرمەند «د. محەمەد عارف» ساڵی ١٩٣٧ لە ڕەواندوز لەدایکبووە و تائەمڕۆ خاوەنی ١٥ پێشانگەی تایبەتە و ئێستاش مامۆستایە لە کۆلیجی هونەر، لەسەردانێکی تایبەتی بۆ شاری هەولێر ڕۆژی ٢٠٠٧/١٢/٢٩ لەکۆلیجی هونەر دیدارێکمان لەگەڵ هونەرمەنددا سازکرد.**

**سەرەتاکانی محەمەد عارف وەکو هونەرمەندێکی شێوەکار چۆن بوو، هەروەها لە چ ساڵێکەوە دەستیپێکرد؟**

ئەو سەرەتایانەی کە بەڕێزتان پرسیاری دەکەن بۆ ٥٠ ساڵ پێش ئێستا دەگەڕێتەوە، بێگومان ئەو کاتەی کە بوومە قوتابی لەپەیمانگەی هونەرەجوانەکانی بەغدا لە ساڵی ١٩٥٣دا، لەو کاتەدا هەر شارە و چەند کورسییەکی هەبوو، هەولێر سێ کورسی هەبوو، من یەکێک لەو سێ کورسییەم وەرگرت، لەبەشی هونەری نیگارکێشان وەرگیرام، لەوکاتەدا بەشی نیگارکێشان و پەیکەرتاشی پێکەوە بوون، ساڵی ١٩٥٦ پەیمانگەی هونەرەجوانەکانی بەغدام تەواوکرد، واتا لە ساڵی ١٩٥٦وە بەرهەمی هونەریم دەستیپێکرد، بەڵام من وەکو خۆم ئەو قۆناغەم تاکو ساڵی ١٩٦١ وەک سەرەتایەک بووە، دواتر بوومە قوتابی لە ئەکادیمیای هونەرەجوانەکانی مۆسکۆ من بەهەنگاوێکی ئامادەیی دادەنێم بۆ قۆناغەکانی تری هونەریم، چونکە قۆناغی ڕاستەقینەی هونەریم پاش پەیمانگەی هونەرەجوانەکان دەستیپێکرد لە مۆسکۆ لە ساڵانی (١٩٦١-١٩٦٢) کە سەرەتا قوتابی بووم لەزانکۆی لۆمۆنۆس پاشان قوتابی ئەکادیمیای هونەرەجوانەکانی مۆسکۆ، سوپاسی یەزدانی میهرەبان دەکەم کە توانیوومە لەو کاتەوە تاکو ئێستا من بەردەوامبم لەسەر بەرهەمی خۆم، من بەردوامم لەکاری هونەریدا بەئەرکێکی پیرۆزی نیشتمان پەروەری لەقەڵەمداوە و لەو بڕوایەدام تاکو دوا هەناسەی ژیانم خوا یار بێت هەر بەردەوام دەبم.

**لەنێوان تەواوکردنی خوێندنت لە عیراق و ڕۆشتنت بۆ ڕوسیا لەکوردستان و عیراق هیچ چالاکییەکت کرد؟**

بەڵێ لەدوای ئەوەی پەیمانگەی هونەرەجوانەکانی بەغدام تەواوکرد، لەسەرەتادا بوومە مامۆستایەکی سەرەتایی نموونەیی لە هەولێر کە پێیاندەوت قوتابخانەی (موزەفەرییە)، من یەکەمین

مامۆستای هونەری بووم کە پسپۆڕیم نیگارکێشان بوو، وەک هونەرمەندێکیش ئیشم دەکرد، بەڵام بەردەوام خەونم بەوەوە دەبینی کە نهێنییەکانی هونەر بزانم، زانستەکانی هونەر بخوێنم، لەدەزگایەکی بەرزتر لەپەیمانگە درێژە بەخوێندنی هونەر بدەم، لەهەمانکاتدا لەو کاتەدا ساڵانە لە(تۆکیۆ)ی پایتەختی ژاپۆنەوە داوەتنامە دەهات بۆ خوێندکاران ئەوانەی کە بەهرەدارن کە بەشداری فیستیڤاڵێکی هونەری بکەن لە ژاپۆن، منیش کارێکی هەڵبژاردەی قوتابییە بەهرەدارەکانی کوردم هەڵبژارد و ناردم، دوو ساڵ بەدوای یەکتریدا دوو خەڵاتی جیهانیان بەدەستهێنا، بەڕێوەبەری مەعاریفی ئەوکاتە کە ئێستا بەڕێوەبەری پەروەردەیە ناردی بەدوامدا و پێیوتم مامۆستا حەیفە تۆ مامۆستای قوتابخانەیەکی سەرەتاییت، ئەو قوتابییانەی تۆ دوو خەڵاتی جیهانیان بەدەستهێناوە من دەتگوێزمەوە بۆ خانەی مامۆستایان، هەرچەندە من شوێنەکەی خۆمم پێخۆش بوو، بەڵام ئەو زۆر پێیداگرت کە من بچمە خانەی مامۆستایان، ئیتر تاکو ئەو کاتەی چووم بۆ مۆسکۆ مامۆستا بووم لەخانەی مامۆستایانی هەولێر.

**چەند ساڵ لە ڕوسیا مانەوە؟**

لە ساڵی ١٩٦١وە تاکو سەرەتای ١٩٦٨ دواتر چوومە سعودیە و لەوێ نەحەوامەوە دیسان گەڕامەوە و بوومە موعید لە ئەکادیمیای هونەرەجوانەکانی مۆسکۆ لەبەشی دیواربەند، کە یەکێکە لەبەشەکانی هونەری نیگارکێشان، ئێستا کە پێکەوە لەم ژوورەدا دانیشتووین و قسەدەکەین لە کۆلیژی هونەرەجوانەکانی هەولێر، ئەو تابلۆیەی کە هەڵواسراوە ئەوە یەکێکە لە تابلۆکانی مامۆستام و هونەرمەندی گەورەی ڕوسی «ئەلیکسەندەر دەینەکا» کە یەکێکە لەدامەزرێنەرانی قوتابخانەی ڕیالیزمی سۆشیالیزمی، ئەو تابلۆیەشم بۆیە لەبەرامبەر خۆم هەڵواسیووە، چونکە مامۆستایەکی زۆر ئازیزمە و وەکو یادگاری تابلۆی ئەو مامۆستایەم هەڵواسیووە.

**ئەو چەند ساڵەی کە لە ڕوسیا بووی چەندە هەوڵی کردنەوەی پێشانگەتداوە، لەهەمانکاتدا کە هۆکارە بۆ بەدەرخستنی کاری هونەری هونەرمەندێکی کورد بۆ چاوی ڕوسییەک کە ئاشنابێت بەکاری هونەری کوردی؟**

تۆ کە دەچیتە دەرەوەی کوردستان هەستی نەتەواویەتیت زیاتر دەبێت، لەبەرئەوەی هەموو میللەتان بایەخیان بەهونەر و ڕۆشنبیری داوە، بایەخیان بەدروستکردنی ناسنامەی نەتەوەیی خۆیانداوە، بەڵام تۆ هەست دەکەیت وەکو هونەرمەندێکی کورد کە زۆر درێغیت هەیە بەرامبەر میللەتەکەت، بەرامبەر بە هونەر، بەرامبەر بەدروستکردنی ئەو ناسنامەیە، هەر لەو ڕوانگەیەوە من سێ پێشانگەم لە مۆسکۆ کردۆتەوە، یەکەم پێشانگە لە زانکۆی لۆمۆنۆست، دووەمیان لەزانکۆی

هەواڵنامەی کتێب

دۆستایەتی کە زانکۆیەکی جیهانییە زۆر لە قوتابیانی جیهان تیایدا دەیانخوێند، پێشانگەی سێیەم لەشەقامێکی بەناوبانگی ناو مۆسکۆ کە پێی دەڵێن شەقامی «مەکسیم گۆرگی» و ئەم پێشانگەیە ٤٠ ڕۆژ بەردەوام بوو کە زۆربەی تابلۆکانم دەربارەی کوردستان بوون، منیش بۆخۆم بۆ ماوەیەک لەژێر کاریگەرێتی قوتابخانەی ڕیالیزمی سۆشیالیستی کارمدەکرد، بەڵام توانیم لەدوای ململانێییەکی زۆر تاکو چەسپا توانیم ستایلێکی دیاریکراو بەخۆم هەبێت، ستایل چییە ئەنجامی چەسپاندنی قەناعەتە، ئەو قەناعەتەش ئەنجامی زۆر ململانێ و دەمەتەقێ لەگەڵ ناخی خۆم و تاکو دەگەیتە ئەنجامێک کە بڵێین ئەوە ستایلە تایبەتمەندە بە فلان هونەرمەند ئەوە کارێکی زۆر سەختە، من ڕێز لەهەموو قوتابخانەکان دەگرم، بەڵام من بۆ خۆم ستایلێکی تایبەت بەخۆمم هەیە، هەربۆیە بەردەوام حەزدەکەم ئەو پردە پیرۆزانە لەنێوان خۆم و بینەرانی بەڕێز بەخۆشەویستییەوە پارێزگاری لێبکەم، من بەچەند شێوە ستایلێک کارمکردووە لەوانە (ئەکادیمی، واقیعی ئیشتراکی، واقیعی نوێ، واقیعی تەعبیری) و ئێستاش بەستایلی ڕیالیزمی تەعبیری درێژەم بەکارە هونەرییەکانم داوە.

**لەدوای گەڕانەوەت لەڕوسیا بەڕێزتان یەکێکبوون لەو هونەرمەندانەی کە ژمارەیەک ژیاننامەی هونەرمەندان و قوتابخانە هونەرییەکانت لە زمانی ڕوسییەوە وەرگێڕایە سەر زمانی کوردی ئەوە بۆخۆی بووە سەرچاوەیەک بۆ خوێنەران بەگشتی و خوێندکارانی هونەر و هونەرمەندانیش بەتایبەت، بیرۆکەی وەرگێڕانی ئەو کتێبانەت چۆن لەلا دروستبوو؟**

بەڕای من هەر هونەرمەندێکی کورد، هەر ڕۆشنبیرێکی کورد پێویستە بەشێوەیەکی باش زمانێکی بێگانە بزانێت، زمانی عەربی زمانێکی زۆر دەوڵەمەندە و زۆر شت بەعەرەبی نووسراوە، بەڵام ئەگەر بێین و بەراوردی بکەین بە زمانی ئینگلیزی، هەست دەکەین زمانە ئینگلیزییەکە زۆر دەوڵەمەندە، هەروەها زمانە ڕوسییەکە، من هەوڵمداوە کە زمانە ڕوسییەکەم زمانێک بێت کە سوودی لێوەربگرم، یەکەم بۆ زاتی خۆم، ئێستاش زۆر شانازی بەوەوە دەکەم کە بەراوردێکم کرد لەنێوان ئاناکرینا کاتێک کە من بە عەرەبی خوێندبوومەوە، بەڵام کە ئاناکارینای تۆلستۆم بە ڕوسی خوێندەوە بەشەوقەوە خوێندمەوە کە ئەوکاتە زمان باش فێرببووم، ئاناکارینای عەرەبییەکە وەکو بڵێی زۆر کورت کراوەتەوە، هەروەها ژیانی (ژان فرانس میلێ) باوکی هونەری ڕیالیزمی فەرەنسیم خوێندەوە لەسەرەتای هەشتاکاندا بە ڕوسی بەپێویستم زانی کە ئەو کتێبە وەرگێڕمە سەر زمانی کوردی، بەتایبەتی ئەو جۆرە ململانێییە کە یەکێک نۆ منداڵی هەبووە لەبەیانی تاکو عەسر زەوی بکێڵێت وەکو جوتیارێک بزانە چەندە ماندوو دەبێت، لەدوای عەسریشەوە تاکو شەو خۆی فێری وێنەکێشان بکات، ئەوە ڕۆحێکی زۆر گەورەیە، ئەو ڕۆحە بگەیەنمە هونەرمەندانی کورد، من ئەو کارەم بەنامەیەکی

پیرۆز داناوە، بەشانازییەوە تائێستا ١٨ کتێبی چاپکراوم هەیە، هەروەها زۆر خەونم هەیە لەوانە هاتنەدی خەونی هۆڵێکی تایبەت بەکارەکانی خۆم کە لەسەر داهاتی خۆم کردمە مۆزەخانەیەکی تایبەت کە نزیکەی ٥٠٠ تابلۆی تێدا پارێزراوە.

**کاتێک کە شێواز دیاریدەکرێت مەرجە لەگەڵیدا جۆری ماتریاڵەکەش دیارییکرێت بۆ نموونە، زەیتی بکەیتە تەنها ماتریاڵی بەکارهاتوو بۆ ئەو شێوازەی خۆت، لەگەڵ ئەوەی کە تۆ وتت من ڕیالیزمم هەڵبژاردووە، ڕیالیزم لەگەڵ زەیتیدا ئایا دەکرێت تەمەنێک لەگەڵ شێواز و جۆرە ماتریاڵێک بەریتەسەر؟**

من لەو بڕوایەدام هونەرمەندی ڕاستەقینە ئەگەر زانستەکانی هونەری نەخوێندبوو ئەوە ناتوانێت ببێتە هونەرمەندێکی گەورە، واتا نهێنییەکانی زانستی ئەنەتۆمی، نهێنییەکانی زانستی تەماشاکردن، مێژووی هونەر نەزانێت، زانستی جوانناسی نەناسێت، من لەو بڕوایەدام هەرگیز نابێتە هونەرمەندێکی گەورە، یاخود بەهیچ جۆرێک ناتوانێت ئەو نامە پیرۆزە، ئەو ئەرکە گرانەی کە لەسەر شانێتی بەرامبەر میللەتی کوردی جێبەجێ بکات، هونەرمەند دەبێت ئەوە بزانێت کە جوانی و تەنکی ڕەنگی ئاوی چەندە یارمەتی دەدات بۆ بەرجەستەکردنی زەمینەیەکی ڕۆمانتیکی، ئەو کە ماستەر بێت، دەبێت ماستەری ڕەنگی ئاوی بێت، ئەوکاتە دەتوانێت لەڕێگای ڕەنگی ئاوییەوە دەتوانێت ئەو جۆرە زەمینە تەنک و جوان و شەفافە دروستبکات کە پێویستی پێیەتی، لەلایەکی تر ڕەنگی زەیتی زیاتر گرەنتی هەیە، ڕەنگی ئاوی کەمتر گرەنتی هەیە، مەگەر یەکێک ماستەر بێت.

**بەپێی تابلۆکانت بێت کارێکی زۆرت لەسەر مێژوو کردووە، چەندە مێژوو ئیلهام بەخشبووە بۆ تۆ؟**

من کاتی خۆی ئەتروحەی ماستەرەکەم دەربارەی سەلاحەدینی ئەیوبی بوو، ماتریاڵێکم هەڵبژارد، ماتریاڵی قۆناغی مەسیحی بوو، لەسەر تەختەدار، تەختەداری ئامادەکراو ڕووپۆش کراوە بەقوماشێک کە ناوی (شاش)ە، دواتر بە تێمپەراو زەردێنەی هێلکە و شیر وێنەم کێشا، سەلاحەدینی ئەیوبی ٧ مەتر بە ٢ مەتر دەبوایە بەو تەکنیکە من جێبەجێی بکەم، هەروەها دواتریش دوانزە سوارەی مەریوان، قەڵای دمدم کە ئێستا لەمۆزەخانەیەکی ئیتاڵیدایە کە ئەندازەکەی ٧ مەتر بە ٢ مەترە.

**هونەرمەند محەمەد عارف تائێستا خاوەنی چەند تابلۆ و پێشانگەی تایبەتییە؟**

تا ئەمڕۆ ١٥ پێشانگەی تایبەتیم کردۆتەوە، هەروەها لەزۆربەی پێشانگەکانی عیراق لەساڵی ١٩٦٠وە تاکو ئێستا بەشداریمکردووە لە (فەرەنسا، ئەڵمانیا، بەریتانیا، ئەمریکا، کوەیت، بەحرێن، قەتەر،

سوریا، تورکیا، ئێران)، لەگەلەرییەکەی خۆم  نزیکەی ٣٠٠ تابلۆی ئاوی و زەیتی و ٣٠٠ گرافیک لەناو هۆڵی مۆزەخانەکەی خۆمدا هەیە، هەروەها شانازیش دەکەم کەلە مۆزەخانەی ڕۆژهەڵات لە مۆسکۆ ٩ تابلۆم هەیە کە شەش تابلۆیان تایبەتن بە کوردستان، ئەوی تر تایبەتە بە مەملەکەتی عەرەبی سعودییە.

**پرۆژی داهاتووت چییە؟**

من دامەزرێنەری کۆلیجی هونەرەجوانەکانی هەولێرم و شانازیشی پێوەدەکەم، لەچواربەرگی گەورەدا هەموو فۆتۆگرافەرەکانم کۆکردۆتەوە لەمنداڵییەوە، هەروەها شەش بەرگیش چەند نووسین هەیە دەربارەی یەکەمین پێشانگەکەم کە لە زانکۆی کۆمۆنۆلۆس کرایەوە لەساڵی ١٩٦١وە تادوایەمین پێشانگەم کە ١٥یەمین دەکات ئەو ئەرشیفەم کۆکردۆتەوە، ئێستا زۆر شادمانم بگەڕێمەوە بۆ هۆڵەکەم تاکو تابلۆی نوێ بکێشم.

هەواڵنامەی کتێب









هەواڵنامەی کتێب

# سەردان لەگەڵ (محمد عارف)دا

بەرنامە: سێبەر

کەناڵ: سەتەلایتی کوردستان

ئامادەکردن و پێشکەشکردنی: ڕێبوار محەمەد

کامێرا: سامان محەمەد، سامی سدیق

دەرهێنانی: نەجات ناویٚ

ساڵ: ٢٠٠٨

هەوارنامەی کتێب

(سەردان) ناوی بەرنامەیەکی سەتەلایتی کوردستان-ە و بەرنامەکە سەردانی ماڵی شێوەکار محەمەد عارف دەکات و دیدارێکیان لەگەڵدا سازدەکات، ئەمە بەشێکی ئەو دیدارەیە.

محەمەد عارف: لەڕاستیدا مۆسیقاو هونەری نیگارکێشان گەلێک پەیوەندی ڕاستەوخۆو پتەویان هەیە لەنێوانیاندا، من بەش بەحاڵی خۆم لەکاتی نیگارکێشاندا زۆرجار گوێ لە مۆسیقا دەگرم، ئەم نەریتە بەدرێژایی ٤٠ ساڵ زیاترە من لە ژیانی هونەری خۆم بەکارمهێناوە، بەنیسبەت ڕووداوی فۆلکلۆری کوردی کە زەمینەی گوندو دێهات و سوارچاکی و دڵداری و ژوانی تێدایە، بەڕاستی من حەزم لە حەیرانەکانی ڕەسوڵ گەردی-ە، یارمەتیم دەدات بۆ ئەوەی زیاتر بچمە ناو ئەو زەمینەیەی کە باسمکرد، هەروەها گۆرانییەکانی تاهیر تۆفیق، بەتایبەت چەند گۆرانییەکی وەکو گوڵی سەربەستی ، ئێستا من تابلۆیەکم کێشاوە کە باکگراونەدەکەی لەسەر دیواری زیندان گوڵی سەربەستی نەخشێنراوە، بۆخۆی پێشمەرگەیەکی کوردە کە لەڕێگای کوردایەتی بەندکراوە، لە پەنجەرەی زیندانەکەی خۆیەوە وردە سەمون و دانەوێڵە دەداتە کۆمەڵێک کۆتری سپی، من لەو کاتەدا زۆر حەزەکەم گوێ لە تاهیر تۆفیق بگرم، بەڵام گەر بێینە ئاستی مۆسیقای جیهانی ئەوە من بەڕاستی زۆر عاشقی مۆسیقای چایکۆفسکی-م، ئەوەی لە ڕوسیاش نەژیابێت، بەچاکی ناتوانێت بزانێت لایەنی ڕۆحی و نیشتمان پەروەری و عاتفی چایکۆفسکی چییە بەرامبەر بە ڕوسیا، بەڵام ئەو زۆر لە سنوری ڕوسیا چۆتە دەرەوە ، هەروەها زۆر ڕام لە پیانۆی ڕەحمانیۆف-م و زۆرجار گوێدەگرم، زۆر ڕام لە بتهۆڤن-ە بە تایبەت سیمفۆنییەی پێنجەم، هەروەها سیمفۆنییەی نۆیەم، لە مۆسیقای کەنەسی، من زۆر ڕام لە دیڤاڵ دێت، بێگومان مۆسیقا خواردەمەنی ڕۆحییە لەڕێگای گوێوە، وەکو نیگارکێشان لەڕێگای چاوەوە خواردنی ڕۆحییە.

**مامۆستا بەڕێزتان لەڕێگای ئەو پیشەیەی کە باوکت هەیبووە لەتەمەنی منداڵیدا بەهۆی ئیشەوە زۆر شوێن گەڕاویت، ڕەواندز، کۆیەو، مەخمور، هەولێر، ئەم گەڕانە زۆرە چی لەلای محەمەد عارف بەجێهێشتووە؟**

بەدڵنیایی ئەو هەموو گەڕانانە دەوڵەمەند بوون، بۆ من وەکو ئەو کانییەکی دەوڵەمەندی لە بن نەهاتوو بووە بۆ تابلۆکانم، لەهەمانکاتدا کاریگەری هەبووە لە هونەرەکەم.

**چی تر هەبووە کە کاریگەری هەبوویێت لەسەر کەسێتی تۆ؟**

بێگومان کەسێتییەکەی من گەر باسی خۆم نەکەم، ئەوە ئەو شتانە دەوڵەمەندی کردووم، بەدڵنیایی چوارچێوەی کوردستانییە، بەڵام ئەو چوارچێوەیە هەر جێگایەک تایبەتمەندێتی خۆیی هەیە، بۆ نموونە وشک و برینگی مەخمور ئەوپەڕی کۆنتراسە لەگەڵ ڕەواندز، من ئێستاش کۆیەم لەبیرە لەوانە سەیرانگاکانی کۆیە، چیایی هەیبەت سوڵتان و چنارۆک، هەروەها پیرە هەولێری زۆر گەورەیە.

**ساڵی چەند ئەم گەلەرییەت درووستکرد، بیرۆکەکەی لە کوێوە سەرچاوەی گرتووە؟**

بیرۆکەی ئەم گەلەرییە لە ساڵی ١٩٦١ وە دەستیپێکرد، ئەو کاتە من قوتابی بووم لە ئەکادیمیای هونەرەجوانەکانی مۆسکۆ بووم، لەو کاتانەدا سەردانی مۆزەخانەو گەلەری و ستودیۆی هونەرمەندانم دەکرد، لەو کاتەوە ئەو بیرۆکەیەم لەلا درووست بوو، منیش وەکو خەونێکی پیرۆز، بەو خەونەوە دەژیام تاکو نزیکەی پێش ١٠ ساڵ لەمەوبەر، لەئەنجامی فرۆشتنی تابلۆوە پارەیەکم دەستکەوت، هەروەها کۆمەڵێک تابلۆشم گۆڕیەوە بە چیمەنتۆو شیش.

**کەسێک هەبوو کە ئەو مامەڵەیەت لەگەڵدا بکات؟**

بەڵێ، کەسێکە لەناو شاری هەولێر هونەر دۆستە، کە بەداخەوە ئێستا لەدەرەوەی کوردستانە پێی وتم کە من ئامادەم چیمەنتۆو شیشت بدەمێ.

**لەبەرامبەر تابلۆ؟**

ئەو نەیوت تابلۆ، زۆر بەهەستێکی ناسک قسەی دەکرد، من چوار تەن و نیو شیشم وەرگرت، لەگەڵ پەنجا تەن چیمەنتۆ لەبەرامبەر کۆمەڵێک تابلۆ، بەڵام خۆی چونکە وەکو کەسێکی خانەدان و هونەردۆستانە پارێزگاری لە تابلۆکان کردووە، لە دیوەخانیماڵەکەی خۆی دایناون لەناو هەولێر، دووەم پارچە زەوییەکم هەبوو فرۆشتم، هەروەها هەندێ پاشکەوتیشم هەبوو، ئیتر هەمووی بوونە هۆکاری بەدیهێنانی ئەو خەونە دێرینە پیرۆزەم هێنایەدی.

**بۆ دانانی نەخشەی بنەڕەتی گەلەرییەکە لەلات خۆتەوە بووە، یاخود کەسێکی ترەوە بووە؟**

ئەو کاتە من یاریدەدەری پرۆفیسۆری بیناسازی بووم، کۆمەڵێک مامۆستا لەوێ بوون وەکو لیژنەیەکی هونەری هاوکاریان کردم.

**لەدوای دوورکەوتنەوەت لە دەوامی زانکۆ، وابزانم زۆربەی کاتەکانت لەناو گەلەرییەکەدا بەسەر دەبەیت؟**

بۆ ماوەی دوو ساڵ ئەرکی ئیداری و تەکلیفی ڕەسمی لیپێرسراوانی خۆمان جێبەجێکرد وەکو ڕاگری کۆلیژی هونەرە جوانەکانی هەولێر کە لەلای من خاڵێکی پڕ شانازیی و سەربەرزیمە، دوو ساڵ لە تەمەنی خۆمم تەرخان کرد بۆ ئەو کۆلیژنە پیرۆزە، ئەو کۆلیژنە نەمرە، کاتێک دەڵێم من دامەزرێنەرم، زۆر سەربەرزم بەو کارە، لەبەر ئەوە هونەرو ئیدارە هەرگیز یەکناگرنەوە، هەربۆیە دوورکەوتوومەوە لەو پۆستە، گەلەرییەکە هەشتا هەنگاو لەماڵەوە دوورە، ئەگەر کارەباش نەبێت ئەوە

موەلیدەی خۆی هەیە، هەروەکو خۆت گوێت لێیە گوێ لە مۆسیقا دەگرم و دەچمە ستویدۆکەوە بۆ ئیشکردن، هەموو شتێکم ئامادەکردووە بۆ نیگارکێشان و زۆرێک لە ڕەنگەکانم لەو ستودیۆیەدا پاشەکەوت کردووە، هەر بۆ ئەوەی گەر تووشی قەیرانێکی مادیش هاتم کێشە نەبێت، ئەو مەوادانە بەشی ١٠ ساڵی داهاتووی ئیشکردنم دەکات.

**ڕۆژێک هەبووە لەناو ئەم گەلەرییەی کە تۆ زۆرت خۆش دەوێت بێزار بیت؟**

نەخێر زۆر کەم ڕوو دەدات، لەوانەیە هەندێکجار کە لەوانەیە بۆ ماوەیەک کەس سەردانم نەکات، هەموو هونەرمەندێک دەیەوێت هونەرەکەی ڕەنگ بداتەوە لەلای خەڵک، ئیتر بەردەوامم لە کارکردن تابلۆ لەدوای تابلۆ، یاخود تابلۆیەکی کۆنم هەیە کە پێش ٣٠ ساڵ لەمەوپێشەو تەواوم نەکردووە، ئەو ڕۆژە کاری تێدا دەکەم، یاخود تابلۆیەک کە کۆمەڵێک کەسی تێدایە لەو کاتەدا دەگەمە ئەو بڕوایەی کە یەکێکیان زیاترە لای دەبەم، لەدوای ئەوەی دەگەمە بڕوایەکی ئیستاتیکی، یاخود هەندێکجار لە قوتابیان لێرە وانەکان دەخوێنن، هەربۆیە گەر بێزاریش بم ئەوە ئەو بێزاریەشم دەڕەوێتەوە.

**هەموو ئەو تابلۆیانەی ناو گەلەرییەکە لەلایەن بەڕێزتانەوە کێشراون، چۆن کاتیان لەگەڵدا بەسەر دەبەیت؟**

من گەلەرییەکەم دابەشکردووە، هەر دیوارەو تایبەتم کردووە بە قۆناغێک بە گوێرەی توانا، بۆ نموونە ئەو دیوارەی کە باگراوندی منە ئەوە کۆمەڵێک هێڵکاری ئەکادیمییە، ئەو دیوارەم بۆ ئەوە تەرخانکردووە، بەڵام ئەو دیوارەی کە دەبێتە باکگراوندی من و بەڕێزتان ئەوە بۆ ئیمپریشنەکانی ئەوروپی دامناوە لەوانە پاریس، لەندەن، مۆسکۆ، پراگ، وارشۆ، زۆر وڵاتێکی تر.

**چوارچێوەی تابلۆکانیش خۆت ئامادەیان دەکەیت؟**

لە ساڵی ١٩٦١وە کە بەخۆشەویستی و بە قەناعەتێکی پتەو پارێزگاری کەلتوری بۆ بکەم، چونکە گەر خۆم نەیکەم ئەوە کەس بۆی ناکات.

**جگە لە تابلۆو ڕەنگ و فڵچە، چیتر هەیە کە ببێتە هاودەمی تو لەناو گەلەرییەکەدا؟**

دوو شتە، یەکیان بیستراوە، کە بەردەوام گوێ لە سەمفۆنیا دەگرم، چل ساڵ زیاترە کە من گوێ لە سەمفۆنیا دەگرم، هەربۆیە هەرگیز من بێزار نابم لە سەمفۆنیا، دووەم شتی بینراوە، وەکو دەبینن کۆمەڵێک شتی فۆلکلۆری، هەروەها کۆمەڵێک پەیکەر، هەروەە کۆمەڵک شتی فۆلکلۆری

هەواڵنامەی کتێب

کە بەردەستم دەکەوێت کۆیدەکەمەوە، چونکە هەریەک لەوانە بەڕاستی نرخێکی هونەری، هەڵگری لایەنی تەکنیکی و لایەنی وەستایی و هەستێکی تایبەتییە.

**ئەرکی خاوێنکردنەکەی هەر خۆتان ئەنجامی دەدەن؟**

پێش ئەوەی ئێوە بێن خاوێنم کردەوە، ئەوەش کارێکە زۆر شانازی پێوە دەکەم.

**دەمەوێت ئەوەم بۆ باس بکەیت، کۆلیژی هونەرت دامەزراند، بەڵام زۆر بەئاسانی لێی هاتیتە دەرەوە، هۆکاری بەجێهێشتنەکەی چی بوو؟**

من گەیشتمە قەناعەتێکی چەسپاو کە ئەستەمە ئیدارییەکی سەرکەوتوو بیت و هونەرمەنێکی سەرکەوتووش بیت، هەرگیز ئەم دوانە پێکەوە کۆنابنەوە، من ئەرکی خۆمم بەجێگەیاندو کۆلیژی هونەرەجوانەکانم دامەزراند، لەوای دوو ساڵ لەتەمەنی خۆم تەرخانکرد بۆ ئیدارە، پێویست بوو بگەڕێمەوە بۆ ژیانی ڕاستەقینەی خۆم، ئەویش وەکو هونەرمەند محەمەد عارف گەڕامەوە ناو هۆڵەکەی خۆم، گەڕامەوە سەر تابلۆکانی خۆم، بۆ سەر کتێبخانەی خۆم، بۆ نووسین و وەرگێڕانی هونەری.

**لەگەڵ ئەوەی کۆلیژی هونەرت بەجێهێشتووە، بەڵام هەموو ڕۆژانێکی سێشەممان دێیتەوە بۆ ماوەی چوار سەعات وانە بە قوتابییەکان دەڵێیتەوەو وازهێنان لەهەموو ئیمتیازاتەکانی تر، ئایا ئەم کارەت بەهۆی باری ئابوری بووە، یاخود خۆشەویستی بوو بۆ ئەو قوتابیانەی کە لێرەن و دەیانەوێت بین بە هونەرمەند؟**

بەڵێ، من شەمەندەفەرەکەم لەسەر هێڵەکە داناوەو ئێستا بەئاسانی ئەو شەمەندەفەرە بەڕێوەدەچێت، من زۆر ئیمتیازاتم لەدەستداوە، لەوانە سەیارەیەکی لاندگۆزەری نوێیان دابوو پێم، شۆفێرم هەبوو، مەعاشم زۆر باش بوو، ڕاگری کۆلیژ بووم، بەڵام کە ئەرکی حکومی خۆمم بەجێهێناو لای من هونەرمەند لەهەموو پۆستێک گرنگترە.

**مامۆستا ئەم شوێنەی کە ئێمە لێی ڕاوەستاوین، یەکێکە لە کۆلیژەکانی زانکۆ، هەندێکجار لەلایەن ڕۆشنبیرانەوە زانکۆ بەوە تاوانبار دەکرێت کە زانکۆ ئەو ڕۆڵەی نەگێڕاوە کە لێی چاوەڕێ دەکرا، تۆ لەو بارەیەوە دەڵێی چی؟**

ئەم قسەیە تارادەیەک ڕاستە، بەڵام زوڵمیشی تێدایە بۆ زانکۆ، لەهەموو شتێک کەمووکوی هەیە، کەماڵ لەهیچ شوێنێک، لەهیچ شتێکدا نییە، هەروەکو وتراوە ڕێگایەکی هەزار کیلۆمەتری

بە هەنگاوێک دەست پێدەکات، بەڵکو نەک هەنگاوێک زۆر هەنگاومان ناوە، ئەی ساڵانە هەزاران کوڕو کچ زانکۆ تەواو ناکەن، ڕاستە ئێمە تموحمان هەیە، تموحمان ئەوەیە کە ئەو زانکۆیە ئاستی بەرزتر بێتەوە، کەمێک لەو ڕۆتیناتەی کە هەمانە هۆکارن بۆ تەگەرە دروستکردن بەرامبەر قوتابی، زانکۆکانی سەلاحەدین، زانکۆی سلێمانی، زانکۆی دهۆک، وەکو خێزانێک یەک دەگرنەوە لە خزمەتی هونەرو ڕۆشنبیری و زانستی کوردی.

**پێشتر خەونت بەوە دەبینی کە ببیتە مامۆستای زانکۆ؟**

لەسەرەتای حەفتاکانەوە گەر مامۆستای زانکۆ نەبوومایە، ئەوە برسی دەبووم، چونکە وەکو هونەرمەندێک ناتوانیت خۆت پێبگەیەنیت، چەندە پلەی ڕۆشنبیری بەرزتر بێت، چەندە ژمارەی هونەردۆستان زۆر بێت، هونەر قەدرو قیمەتی زیاتر دەبێت، من وەکو مامۆستایەکی زانکۆ بە هێزی بڕوانامەی خۆم، نازناوی زانستی خۆم، توانیوومە ئەو ڕێگا سەختە ببڕم، لە تەنیشت ئەو ڕێگایەوە بەردەوام وەکو هونەرمەنێک ئیش بکەم.

هەواڵنامەی کتێب

# محەمەد عارف

## ئەو پیاوەی بە بێدەنگی ژیاو بە بێ دەنگی مرد

ڕێبوار محەمەد

هەواڵنامەی کتێب

ڕۆژی هەینی ڕابردوو، هونەرمەند و پرۆفیسۆر (محەمەد عارف) کۆچی دوایی کرد.

لەوانەیە نووسین بۆ من لەسەر ژیانی ئەو پیاوە مەزنە کارێکی قورس و زەحمەت بێت، لەبەر هیچ نا، لەبەرئەوەی ئەو هونەرمەندێکی ئاکادیمی گەورەو منیش ڕۆژنامەنووسێکی ئاسایی بووم، هەر ئەمەیش وا دەکات لە سەرەتاوە ئەوە بڵێم کە من ڕەخنەگرێکی شێوەکاری نیم تا بتوانم قۆناغەکانی پەرەسەندنی هونەریی ئەو و گوزارشتی نێو تابلۆکانی و خوێندنەوە بۆ هێڵەکانی فڵچەکەی ئەو بکەم، ئەوەی من لەم چەند دێڕەدا وەک هەڵوەستەیەک لەسەر کارو ژیانی (محەمەد عارف) دەینووسم، گێڕانەوەی چەند ساتێکی کەمی ژیانی ئەوە کە بە هۆی پیشەکەمەوە وەک ڕۆژنامەنووسێک شەرەفی ئەوەم پێ بڕا، چەند جارێک لە نزیکەوە لەگەڵیدا بدوێم و چەند ساتێک لەنێو ژیانی تایبەتی ئەودا ببەمە سەر.

سێ ساڵ بەر لە ئێستا، بۆ ئامادەکردنی بەرنامەی(سەردان) کە پرۆگرامێکی «کوردستان تیڤی» بوو، ئاشنایەتیم لەگەڵ (محەمەد عارف)دا پەیدا کرد، لە ڕێگەی ئەو بەرنامەیەوەو دواتر لەڕێگەی چەند دیدارێکی ڕۆژنامەوانییەوە، تێکەڵ بە بەسەرهات و بەشێکی بچووک لە دنیابینیی ئەو بووم. بێگومان ئەوەی منی بۆ ئەنجامدانی ئەو بەرنامەیە ڕاکێشا، هەر ئەوە بوو کە (محەمەد عارف) شێوەکارێکی گەورەو داهێنەرێکی کەموێنە بوو.

(محەمەد عارف) لە تەمەنی ٦٢ ساڵیدا کۆچی دوایی کرد، بەڵام کاتێک لە ژیان و بۆچوونەکانی ئەو نزیک ببایەوە، بۆت دەردەکەوت، ئەو پیاوە نەخشەو پلانی کارکردنی بۆ دەیان ساڵی دیکەی پێ بوو، زۆر ئومێدو خەونی گەورەی هەبوو کە دەبوو ڕۆژگار ڕێگە بدات بیانکاتە کارو بەرهەم.

ئەوەندەی من لە ژیانی ئەو پیاوە مەزنە نزیک بوومەوەو دەرفەتی ئەوەم بۆ ڕەخسا لێی تێ بگەم، دەتوانم بڵێم ئەو پیاوێک بوو زۆر بە هێمنی ژیاو زۆر بە هێمنیش کۆچی دوایی کرد.

(محەمەد عارف) ژیانێکی سادەو ساکاری نوقم لەنێو دنیای تابلۆو فڵچە و ڕەنگدا هەبوو، ئەو خاوەنی گەلەرییەکی تایبەت بەخۆی بوو کە وەک خۆی دەیگوت، خەونێکی دێرینی سەرەتای ساڵانی شەستەکان بوو، ئەو کاتەی ئەو قوتابیی ئەکادیمیای هونەرە جوانەکانی بەغدا بوو کە دواتر بۆی هاتە دی.

بەسەرهاتی دروستکردنی ئەو گەلەرییە کە هیوادارم دوای خۆی وەک خۆی بمێنێتەوەو بەر ستەمی ڕۆژگار نەکەوێ، مایەی ڕێزە و من هەر جارێک بمەوێ لەسەر کەسایەتیی ئەو بوەستم، بە دەست خۆم نییە ناتوانم چاو لە ساتانە بپۆشم کە (محەمەد عارف) توانی بە هۆی تابلۆکانییەوە ببێتە

خاوەنی ئەو شیش و کیسە چیمەنتۆیانەی دواتر گالەرییەکەیان لێ دروست کرا.

(محەمەد عارف) وەک خۆی دەیگێڕایەوە، گەلەرییەکەی بە تابلۆکانی خۆی دروست کرد، ئەو دەیگوت: «ئەوەی بینراوە تەنیا لایەنێکی سیمفۆنیا بینراوەکەیە، چونکە ڕەگوریشەی بیرۆکەی ئەم گەلەرییە دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای شەستەکان کە قوتابیی ئەکادیمیای هونەرە جوانەکان بووم، پاش بینینی مۆزەخانەو گەلەرییەکانی یەکێتی سۆڤیەت کە مۆزەخانەی ئەوتۆ هەن دوو ملیۆن و نیو شاکاری هونەریی تێدایە، وەک ئەرمیتاژی (لینینگراد)، من لەو کاتەوە خەونم بە دامەزراندنی گەلەرییەکی تایبەت بە خۆمەوە دەبینی، بەڵام پاش قۆناغی خەونبینین و ڕۆمانتیکییەت، بۆم دەرکەوت ئەم پرۆژە پیرۆزە، لای زۆربەی گەورە پیاوان و لێپرسراوان کەم بایەخەو بۆم ئاشکرا بوو کە خورشتی لەشی خۆم دەبێ خۆم دایبمرکێنم، بۆیە چەند پارە و پولێکم بە چەرمەسەری کۆکردبووەوە، هەستام زەوییەکم لە نزیک ماڵی خۆمان کڕی و بۆ دروستکردنی، بەشێک لە تابلۆکانم بە شیش و چیمەنتۆ بە کەسێک گۆڕییەوە کە کاری فرۆشتنی شیش و چیمەنتۆی دەکرد، بەڵام هونەر دۆست بوو، بەو شێوەیە گەلەرییەکەم دروست کردو تا ئێستە بۆ خۆم بە خێوی دەکەم».

سەلیقەو لێهاتووی (محەمەد عارف)، جیا لەوەی لە تابلۆکانیدا بەتەواوی دەردەکەوێت، لە نێو گەلەرییەکەیشیدا جوانتر ڕەنگی دەدایەوە، ئەو وەک خزمەتکارێک خزمەتی ئەو چەند سەد مەترە گەلەرییەی دەکردو خۆی لەبەردەمیدا بە پاسەوانێک دەزانی. شێوەی ڕێکخستنی گەلەرییەکە و ڕازاندنەوەی بەشەکانی و هەڵواسینی تابلۆکانی و تەنسیقی نێوان ڕەنگی کەلوپەلەکان و وردەکارییەکانی ناوی، تەنانەت تایبەتکردنی شوێنی دانیشتن و گوێگرتن بۆ مووزیک و شوێنی کارو پاکوخاوێنییەکی بێ هاوتا، لە ڕێوە بێ ئەوەی پرسیار بکەی، ڕاددەی ناسکی و وردبینی ئەو هونەرمەندەی دەردەخست.

(محەمەد عارف)، هەموو ڕۆژێک هەشتا هەنگاوی لەبەردەم ماڵەکەی خۆیانەوە دەژمارد و وەک عاشقێک بۆ بینینی خۆشەویستەکەی و شادبوونەوە بە فڵچەو ڕەنگ و تابلۆو نووسینەکانی هەنگاوی دەنا، ئەو دەیگوت: «خۆشترین کاتی ژیانم ئەو کاتانەیە کەهەنگاوەکانم لە دوای هەشتایەمین هەنگاوەوە دەمبەنەوە بەر دەرگەی گەلەرییەکە، مەرج نییە هەموو ڕۆژێک تابلۆ بکێشمەوە، ئێستا لەجاران کەمتر کار دەکەم (ئەم قسانەی لێرەدا نووسراون، بۆ مانگی ئاب/ ئۆگەستسی ٢٠٠٨ دەگەڕێنەوە) زیاتر بیر دەکەمەوەو بەشێک لە تابلۆ کۆنەکانم بە زەوقەوە هێدی هێدی ئەگەر پێویست بێ، یان چوارچێوەکەی نوێ دەکەمەوە، یان گوێ لە سیمفۆنیا دەگرم، یان قوتابیانی بەشی ماجستێر دێنە لام و فیلمی هونەرییان پیشان دەدەم. بۆ پاکوخاوێنی و سیستمی گەلەرییەکە، ئەو دوازدە ساڵە بۆ خۆم بەڕێوەبەرو ئێشکگر و کەنناس و هەموو شتێکم و بەم شتەیش زۆر سەربەرزم».

لەبیرمە ئەو کاتەی بەشێک لە بەشەکانی بەرنامەی (سەردان)مان لەنێو گەلەرییەکەدا تۆمار کرد، کە دواتر بە شانازییەوە بۆ من بەرنامەکە جێگەی ڕەزامەندییەکی گەورەی مامۆستای ڕەحمەتی بوو، ئەو بە وردی باسی حەزی خۆی بۆ گوێگرتن لە سیمفۆنیا  بۆ کردم، هەر ئەوەیش وای کرد ئەو بەشەی بەرنامەکە هەر لەنێو گەلەرییەکەدا بە ویستی خۆی سیمفۆنیای (شەهرەزاد)ی وەک باکگراوند بۆ دابنێین.

محەمەد عارف خۆشەویستییەکی سەیری بۆ گەلەرییەکەی هەبوو، هەمیشە کە دەمبینی، هەواڵی قوفڵەکانی گەلەرییەکەم لێ دەپرسی، ئەو دوو قوفڵی سەیرو ناوازەی بۆ دەرگەی سەرەکیی گەلەرییەکەی دروست کردبوو، قوفڵەکان هەر قوفڵی ئاسایی بوون، بەڵام ئەو بە ئاسن و رووپۆشی کردبوون و بە هێزتری کردبوون، ئەوە دەریدەخست ئەو چەند دڵی بەو شوێنەوەیە کە پێی دەگوترێ گەلەرییەکەی (محەمەد عارف).

ئەو دەیگوت قوفڵەکان لە دیزاینی خۆمن و خۆم گۆڕانکارییم تێدا کردوون، چونکە بە بڕوای ئەو پێویستە ماڵی مرۆڤ و هەر شوێنێکی تری گرینگ و پیرۆز لای وەک قەڵای بەرگریی جەنگ بێت».

لە چاوپێکەوتنێکی پێشوودا کە ئێستا بە پێویستی دەزانم بەشێک لەو وەڵامانەی بڵاوبوونەتەوەو ئەوانەیشی بڵاونەبوونەتەوە لێرەدا بخەمە ڕوو، لەبارەی ئێستای هونەریی شێوەکاریی کوردییەوە پرسیارم لە مامۆستا کرد و ئەو گوتی: «جوانترین و ڕەنگینترین و نەمرترین جیهان و مێژووی هونەری شارستانییەت و مرۆڤایەتی، هەر لەکاتی ئەشکەوتەکانەوە تاکو ئەمرۆمان، ئەم بۆچونەی بەندەی سەلماندووە کە زۆر هونەرمەند و داهێنەر بگرە قوتابخانەی هونەریی و شارستانیەت دروست بوون و گەییشتنە لوتکەی زێڕین و ڕێنیسانس و لە پاشاندا لەناوچوون، بەڵام هونەرەکەیان نەمریی بۆ مسۆگەر کردوون و هەتا مرۆڤایەتی مابێت، هونەر نەمرە، بۆیە گەلی کوردیش ئەوپەڕی پێویستی بە هونەرێکی راستەقینە و نەژاد هەیە بۆ دروستکردنی ناسنامەی خۆی و مسۆگەرکردنی مێژووی لەناوبردن بۆ مانەوەی ناو و ئێستاو دوارۆژی، ئەو کاتەیش لەمێژە هاتووە تا لێپرسراو و بەپرسەکانمان ئەم راستییە بزانن و باوەڕی پێ بکەن.

محەمەد عارف کە دامەزرێنەری ئەکادیمیای هونەرە جوانەکانی هەولێر بوو، لەبارەی ڕەخنەی هونەرییەوە دەیگوت «بەمانای قوڵ و ئیستاتیکی هونەریی بەڵێ رەخنەی هونەرییمان زۆر لاوازە، زیاتر مۆرکی شەرەجوێنی وەرگرتووە، گیانی ڕووخێنەر نەوەک دامەزرێنەری هەیەو لەلایەن چەند هەرزەکاری هونەری و ئاسۆ تەسکەوە بەڕێوەدەبرێ. بەڵام دەبێ ئەمە کار لە هونەرمەندی خاوەن مێژوو و چەسپاو نەکات، چونکە هونەرمەندانی شێوەکاری کوردی لەداهێنانی خۆیان بەردەوامن و گەیشتوونەتە ئاستە باڵاکانی جیهانیی».

محەمەد عارف وەک لە ڕووخسارو هەڵسوکەوت و ڕەوشتی بەرزو هێمنی ئەودا دەردەکەوت، بۆ هونەرەکەی ڕەنجێکی پاک و بێوێنەی دەدا، بۆ خۆی لەبارەی داهاتووی هونەری شێوەکاریی کوردییەوە دەیگوت «لەسەرەتای دامەزراندنی پتەو و ڕاستەقینەدایە، بەڵام چەند ساڵێکە بەداخەوە پاشگەزبووەتەوە، ئومێدی دوارۆژێکی باشتری بۆ دەکەم، بەڵام پێویستی بە ئەرکێکی فەرهادو دەروونێکی پاکی هونەریی و کات تەرخانکردن و ڕاستگۆیی و خۆ بەدوور ڕاگرتنی دەوێ لە ململانیە سیاسییەکان».

لەو باوەڕەدام ئەو ڕەخنەگرانەی (محەمەد عارف) باسیان دەکات و بەخاوەن مۆرکی شەرەجوێن ناویان دەبات، ڕۆژێک لە ڕۆژان ئازاری ئەویشیان دابێت، بۆیە ئەو کە ساڵی ١٩٧٤ بروانامەی لە فەلسەفەی هونەردا وەرگرتبوو و ئەندامی یەکیەتیی هونەرمەندانی جیهانیی سەر بە یونسکۆ بوو کارەکانی لەلایەن زۆر هونەرمەند و ڕەخنەگری جیهانییەوە خوێندنەوەی بۆ کرابوو، دەیگوت: «بەشێک لە مێژوونووس و ڕەخنەگرەکانی عیراقی و کوردی و جیهانی، لە نێو ژمارەیەکی زۆر لە بەشداربووانی پێشانگە جیهانییەکاندا، چەند تابلۆیەکی منیان هەڵبژاردووە و زۆر بەرز هەڵیان سەنگاندووە، وەک دکتۆر (باگرانۆڤ) کە تابلۆی (ئاشتیی لە کوردستان)ی منی کردووەتە بەرگی یەکەمی پەرتووکی بە ناوبانگی هونەری هاوچەرخی عیراقی کە بیست و پێنج هەزار دانەی ڕەنگاوڕەنگی لە (لینینگراد) چاپ کراوە. یان پرۆفیسۆر (بریتس) ی ئەڵمانی کە باسی چەند تابلۆیەکی منی کردووەو خوێندنەوەی بۆ کردووە لە گۆڤاری «بلَنگ ئاند کۆست» دا، ئەمانە ساتە خۆشەکانی ژیانی منن و هێرشی بۆ ڕەخنەگرو هونەرمەندانی بازرگانیی کاری تێ نەکردووم و کارم تێ ناکات».

(محەمەد عارف) جیا لە شێوەکاری، خوێنەرو نووسەرەوەیەکی داستان و بەسەرهاتە دێرینەکانی مێژووی کوردستان بوو، بەردەوام ئەو دەستنووس و نووسینانەی پێشانی سەردانکەرانی گەلەرییەکەی دەدا کە لە بارەی بەسەرهات و ڕووداوە کوردەوارییەکانەوە کۆی دەکردنەوەو دواتر تۆماری دەکردن.

ئەو کاتێک لەبارەی خۆشەویستترین تابلۆی خۆیەوە پرسیارم لێ کرد، وەڵامی دامەوە «هەموو تابلۆکانم وەک ئەندامانی خێزانەکەم و وەک کوڕەکانی خۆش دەوێت، بەڵام تابلۆکانی (سەلاحەددین ئەیوبی)، (دوازدە سوارەی مەریوان) و (قەڵای دمدم)، ئازیزترین تابلۆو کاری هونەریی منن».

ئەو هونەرمەندە گەورەیە، بە هەموو شێوەیەک هەوڵی دەدا خزمەتی هونەری کوردی بکات و ئەوەندەی دەستی بیگرتایەو ماوەی هەبووایە، کارێکی دەکرد، ئەو لەبواری وەرگێڕان و بە کوردیکردنی شاکارو بەرهەمە هونەرییە گەورەکاندا، دەستێکی باڵای هەبوو، بە کوردییەکی پاراوو سەلیقەیەکی بەرزەوە داهێنان و ژیاننامەونووسینی شێوەکارانی جیهانیی دەکردەوە کوردی.

من باوەڕم نەدەکرد ئەو هونەرمەندە هەست ناسک و هەمیشە لەسەرخۆیە، بە نیاز بێ وا زوو بمرێت، لەوانەیە کەس بە نیازی مردن نەبێت، بەڵام کە لەگەڵ ئەودا باسی خەون و خولیاو داهاتووت دەکرد، دەتبینی ئەو وەک شێوەکارێک، خەمی چەندین ساڵی داهاتووی خۆی و کارەکەیەتی.

لەیەک لەو ڕۆژانەدا کە بۆ سەردانی ئەو چوومە گەلەرییەکەیەوە، سەبارەت بە ئەو هەموو فڵچەو بۆیەو ڕەنگ و شێوەو قەبارە جیاوازەوە پرسیارم لێ کرد کە لە بەشی کارکردنی گەلەرییەکەیدا لەسەر ڕەفەیەک داینابوون، ئەو بۆی ڕوونکردمەوە ئەوانە زەخیرەی ڕۆژانی داهاتووی کارن. پێی گوتم: «ئەو هەموو فڵچەو ڕەنگە جیاوازانە، بۆ داهاتوویە، ئەگەر لە ئێستاوە هیچ پارەیەکم پێ نەمێنێت و نەتوانم تەنانەت یەک فڵچەیش بکرم، بەشی دەیان ساڵی داهاتووم فڵچەو ڕەنگ و بۆیەی جۆراوجۆر هەیە کە بەردەوام کاریان پێ بکەم و پێویستیم بەوە نەبێت یەک دانەیش بکرم».

(محەمەد عارف) هەروەها ڕوونی کردەوە کە ڕێزی گەورەی ئازیزو سەردانکەرانی بۆ گەلەرییەکەی ئەو ئەوەیە کە کەرەستەکانی وێنەکێشان و تابلۆی بۆ دەبەن و گوتی: ئەو دیارییانەی پێوەندییان بە کارەکەمەوە هەیە، زۆر دڵخۆشم دەکەن، هەست دەکەم ئەو کەسانە دەزانن من چ خۆشەویستییەکم بۆ تابلۆ هەیە».

ئێستا کە ئەو پرۆفیسۆرە مەزنە لە ژیاندا نەماوە و وەک زانراوە دوای خۆی سەدان تابلۆو کەڤاڵی جوان و ناسکی بەجێ هێشتووە، دڵنیام لەوەی سەدان پەڕە نووسراو و پۆرترێت و نووسینی هەمەجۆریشی لەدوای خۆی لەنێو گەلەرییەکەدا هێشتوەتەوە کە هیوادارم تۆزی ڕۆژگار لەبیری ئێمەیان نەباتەوەو نەچنە بن دیوارەکانی لە بیرکردن و بێڕێزییەوە بەرانبەر بە داهێنانەکانی ئەو، ئەو دەیگوت: «ژیانی بەندە گەلێک لق و پۆپی لێ جیاواز دەبێتەوەو زیاتر لە نیو سەدەیشە خەریکی ئەم جیهانە ناسک و پیرۆزەم. بۆیە نە وەک بە تابلۆیەک، بەڵکوو بە چەندین تابلۆیش کۆ ناکرێتەوە و لایەنی پراکتیکی و تیۆریشم هەمەجۆرو ئاڵۆزە، بەڵام پاش ئەوەی وەکو دامەزرێنەری کۆلێژی هونەرە جوانەکان دەستم لە کارکێشایەوە، ئەرشیفی ژیان و هونەریی خۆم، لەسەرەتای پەنجاکانەوە کۆکردەوەو ئێستا لە ٣٠ بەرگدا لە پەرتووکخانەی تایبەتی خۆمدا بە شانازییەوە پارێزگاریم لێ کردووەو بۆ مێژوونووس و ڕەخنەگرو لێکۆڵەرە دڵسۆزو ئەکادیمییەکانی بەجێ دەهێڵم».

**سەرچاوە**

**پاشکۆی هونەری ڕۆژنامەی هەولێر ژمارە (٣) ئەیلوولی ٢٠٠٩**

# هونەرمەند محەمەد عارف

## نوێبوونەوە . . هونەرمەندێ داهێنەر . . مردنی بۆ نییە !

سازدانی : شێرزاد عەبدولرحمان

هەواڵنامەی کتێب

**بەیانی ڕۆژی ١٩٩٣/١١/١٢ لە هۆڵی «میدیا» بە چاودێری بەڕێز سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان مامۆستا جەوهەر نامیق سالم پیشانگەی پانزەهەمی هونەرمەندی گەورەی کورد (محەمەد عارف)ی لە باوەش گرت.**

**لەم تاقیکرنەوە نوێیەدا هونەرمەند گەشتێکی دیکەی بە ناخی مرۆڤ و خاکدا کردو بابەتەکانی بریتی بوون لە خستنەڕووی سروشتی خاوێن و لە باوەش گرتنی خۆزگەی مرۆڤی کوردو خەونی پاشەڕۆژی و ڕاستگۆیانەو لە بۆتەی داهێنانێکی تازەدا ئەو تێڕامانە مرۆڤانەی بەرجەستە کردووە.**

### هونەرمەندێکی هێمن

ئەوەی لە نزیکەوە (محەمەد عارف) دەناسێت و ئاشنای ژیان و بەرهەمەکانیەتی دەزانێت ئەو هونەرمەندە ڕاستگۆیە چەندە بە خاوێنی مامەڵە لەگەڵ ژیان و هونەر دەکات، بۆیە من خۆم کە لە جەنجاڵی و درۆزنی و دەردە سەرییەکانی خەڵک ڕادەکەم، پەنا دەبەمە بەر محەمەد عارف، لە ماڵە خنجیلانەکەیدا کە لە مزگەوتێکی پیرۆز دەچێت، دەکەوێتە دنیای تابلۆ خاوێنەکانی...ئەویش وەکو بنیادەمێکی فریشتەیی باس لەو دنیایەی خۆی دەکات کە بەدەرە لە «خڵتی» ڕۆژگار و تەنانەت ئاگای لە زۆر شتی گەورە نییە کە ڕوو دەدەن، چونکە هونەر هەموو ژیانی داگیر کردووەو (مەرسەمە) خنجیلانەکەی بووە بە هۆی شتێک، وەکو خۆی دەڵێت: «ئەوە هەموو ژیان و سامانێتی».

### پیشانگەی ئەمجارە

گەر ویستمان (محەمەد عارف) بێتە قسە.. هەوڵماندا نەختێک خۆمان لە شتە ڕۆژانییەکان دوور بخەینەوە، بەڵام دیارە خەمی هونەرمەند هەر دەمانگەڕێنێتەوە باوەشی ئەو پرسیارانە.. بۆیە لەسەرەتادا وتی: «تابلۆکانی ئەمجارە بەشێکی زۆریان دەربڕینی قۆناغی نوێیە بەشێوەیەکی سەرەکی ئەم یشانگەیە مۆرکێکی ئەوتۆی هەیە کە تایبەتییە، لەبەر ئەوەی کە ساڵانێکی دوور لە کوردستان نەبووم، ..هەستم بە (کەلێن)ێکی مەزن دەکردکە لە نێوان من و جەماوەردا هەبوو، تەنانەت بەرهەمەکانم بە هۆی چاپەمەنی کەوتەبەرچاو، بەڵام ئەمڕۆ هەست بە شتێکی نوێ دەکەم، ئەگەرچی زۆر لە تابلۆکانیشم لێرە نین بەڵکو لە مۆزەخانەکانی دەرەوەدان، ناچار هەندێک لەوانەم لە چاپکردن خستۆتەوە بەرچاو».

### سروشت زمانی خۆیی هەیە

**وەک هەست دەکەین سروشت پانتاییەکی زۆری لە تابلۆکانت داگیرکردووە، دەربارەی ئەم لایەنە چی دەڵێیت؟**

هەروەکو لە پیشانگەکانی تریش خۆت ئامادە بوویت بایەخێکی تایبەتیم بە سروشت داوە.

**ئاخۆ ئەمجارەیان مامەڵەت لەگەڵ سروشت چ جیاوازی هەیە لەگەڵ تاقیکردنەوەکانی پێشووتر؟**

ئەمجارەیان بایەخەکە بۆ سروشت زیاتر لە ئافرەت ڕەنگە دەداتەوەو ئافرەت زیاتر خۆی دەنوێنێ، هەندێ حاڵەتیش بووە بە پاشەکشێی ئەو دیمەنانە دیارانەی کە ئافرەتی تێدا بەرچاو خراوە.

**واتا زیاتر گەڕایتەوە بۆ لای ئافرەت؟**

لەیەک گرتنەوەی ئافرەت و سروشت بە یەکەوەو پەیوەندی ستاتیکا.. بە نموونەکە سەیری جوانی دەکەیت، ئەو ڕاستییە زیاتر دەردەکەوێت..یان سروشت کە هونەرمەند خۆی لە خۆیدا ئەشقی دەبێت.

### ڕێبازی خۆم ناگۆم

**بەلای بەڕێزتان محەمەد عارف لەم پیشانگەیە تونیوێتی «تجاوز»ی خۆی کردبێت؟**

نازانم مەبەستان لەو «تجاوز»ە چییە؟

**مەبەستمان گۆڕانە، ئایا محەمەد عارف وەکو هونەرمەند چ گۆڕانێکی گرتۆتە خۆی؟**

– ئەگەر مەبەستت ڕێباز بێت، من ڕێبازی خۆم ناگۆڕم کە ڕێبازی «ڕیالیزمی»یەو لە دەروونەوە لەگەڵ ئەو ڕێازەدا دەژیم.

**دەروونەوە؟**

ئەو شتانە دەبینم کە بەناوی نوێبوونەوە دەبینرێ کە وێ دەچێ، بەوپەڕی چاولێکەری خۆیان دەردەخەن و من وایان لێ تێدەگەم کە چاولێکەری کرچ و کاڵی ڕۆژئاوایە.

**سووربوونی بەڕێزتان بۆ ڕیالیزم لە ئەنجامی چییەوەیە؟**

ڕیالیزم هەڵوێستە، پەیوەندی نێوان مرۆڤ و هونەرمەند بەهێز دەکات، من لەم بەرهەمەو

هەواڵنامەی کتێب

بەرهەمەکانی پێشووش بەچاوی (چاو) تەماشای کوردستان و خەڵک ناکەم بەڵکو بەچاوی دڵ.

چونکە ئەوەیان شتێکی بەردەوامی نەمرە..هەر ئەوەشە هۆی ئەوەی کە ئەمڕۆ دەبینی لەم پیشانگەیە جەماوەرێکی خەیاڵی کۆدەبێتەوە، پەیوەندی نێوان خەڵک و هونەرمەند مەسەلەیەکی جەوهەرییە، هەندێ لەو هونەرمەندانەی کە بڕوایان بە «ڕیالیزم» نییە، ئەوانەن کە ناتوانن ڕەسم بکەن..سەیر لەوەدایە ئیدعای بلیمەتی دەکەن، زۆرجاریش لە ڕێگای ماستاوکردنەوە هونەر پێشکەش دەکەن ڕیالیزم زانستە...جوانناسییە...زانستی هونەرە.

**بینەرو خەمی بینەر**

**ئایا بەلای بەڕێزتانەوە ئێمە بینەری ڕاستەقینەمان هەیە؟**

بە قەناعەتەوە دەڵێم «ئۆخەی کە بینەری وا درووست بووە هەر بۆ نموونە بینەرانی ئەم پیشانگەیەی ئەمڕۆ کە تەنها خۆشەویستی هونەر ڕایکێشانە ناو باوەشی ئەم هۆڵە».

**جوانترین شت کە پێیان وتی؟**

یەکێکیان وتی : «ژیانێکی تر لەم هۆڵە ژیام! بینەر بۆ هونەرمەند گەورەترین سەروەتە».

**پیشانگەی فەرەنسا**

**لە کاتێکدا کە بەڕێزتان ئەم پیشانگەیە دەکەنەوەو دەستەیەک هونەرمەندی کورد لە فەرەنسا پیشانگەیەکی تر دەکەنەوە، ئایت هەست بە (دوورە پەرێزی) ناکەیت کە تۆ لەوێ بەرهەمت نییە؟**

ئەم پیشانگەیە بەلای منەوە پیشانگەی ئارەزوومەندانە تەنیا یەک دوویەک نەبێت، نەک پیشانگەی ئەو هونەرمەندانەی کە ژیانیان بۆ هونەری کوردی تەرخان کردووە..یان ئەو هونەرمەندانەی کە زانستی هونەریان خوێندوەو..یان شەونووخنی تەواویان نواندووە بۆ هونەر..تاڵی ڕۆگاریان چەشتووە.

**ئەنجامی ئەو پیشانگەیە بەلای تۆوە چۆن دەبێت؟**

کوانێ دەربڕین و پاڵەوانیتی کورد، کوانێ جوانی؟ لەبەر ئەوە، واتێبگەم ئەو پیشانگەیە کەلێنێکی خستە ناوەندە هونەرییەکەو زوڵمی گەورەی تێدایە بەرامبەر زۆر هونەرمەندی کورد.

**بەڕاشکاوی**

**ئەگەر محەمەد عارف خۆی ببێتە (ڕەخنەگر)ی بەرهەمەکانی خۆی دەبێ چی بڵێت؟**

لە ڕاستیدا هەر ئەو قەسیدەی (گۆران)م بیر دێتەوە کە دەڵێ.. هەرچەن ئەکەم ئەو خەیاڵەی پێی مەستم، بۆم ناخرێتە ناو چوارچێوەی هەڵبەستم!..لەهەمووی گرنگتر ئەوەیە کە هونەرمەند ویژدانی خۆی حەساوە بێت.

**ئەو کاتانەی دەست دەدەیتە فڵچەو دەتەوێ تابلۆیە بکێشی..یەکسەر بیر لە چی دەکەیتەوە؟**

بڕوات بێت دوعا دەکەم کە خوا سەرکەوتووم بکات لەوەی کە تابلۆیەک دەکێشم، لە خوا دەپاڕێمەوە لەدەربڕینی ئەو شتە سەرکەوم کە تووشی ژانی کردووم، ئەو ساتانە هەست بەوە دەکەم کە پێویستم بەوە هەیە کە تێکەڵاوی ویژدانی لەگەڵ بەرهەمەکانمدا هەیە، وەکو ئەمڕۆ لە ساڵی (١٩٦١)ەوە تا ئەمڕۆ جەماوەری وەک ئەمڕۆم نەبینیووە، کەوا بێت ئەو کاتانەی ڕەسم دەکەم بیر لەوان دەکەمەوەو بڕوام بە ڕەخنەی ناحەزان نییە.

**ئایا ڕەخنەگری شێوەکاریمان درووست بووە؟**

نەخێر تا حاڵی حازر درووست نەبووە.

**بۆچی؟**

ڕەخنە، بەڕاستی لووتکەی هەر بەرزی هونەرە، پێویستە ڕەخنەگر وەکو مایسترۆ بێت، کاتێک ٣٠٠ مۆسیقاژەن مۆسیقا لێدەدات، یەکسەر بتوانێت حاڵەتە نەشازەکە دیارکات، دەبێ بزانیت زاڵ بێت، ئێمە ئەو مایسترۆ چالاکەمان نییە کە خەونی پێوە دەبینین، بەڵام ئومێد دەکەین کە لە کوردستانی ئازاددا درووست بێت.

**کاتێک تابلۆیەک دەفرۆشیت، ئایا ئەو کاتە وەکو هونەرمەند هەست بەچی دەکەیت؟.**

بڕوات بێت لە ناخەوە هەست بە دڵتەنگی دەکەم و نامەوێ لەدەستم بچێت، هەندێجاریش هەر خۆم دەڵێم ئەمە هەستێکی کوردستانییەو بۆ وڵاتێکی غەریب دەڕوات، لەو حاڵەتە پەیوەندییەکی گیانی درووست دەبێت.

**وردە پێناس**

**مامۆستا گیان هەندێک شت هەیە، حەز دەکەین زۆر بە کورتی باسی لێوە بکەین و پێناسەی بکەیت.**

فەرموون.

هەواڵنامەی کتێب

**محەمەد عارف؟**

قوتابی هونەرە، هەموو خەونی ئەوەیە ببێتە مامۆستای هونەر..چونکە تا ئێستا هەر خۆم بە قوتابی دەزانم.

**هەولێر؟**

کۆمەڵێک یادگاری پیرۆز..خەڵکی شیرین.

**داهێنان؟**

داهێنان ئەنجامی وروژانێکی گەورەیە، عاشقێکی پیرۆز.

**ئافرەت؟**

ئافرەت گیانی هەموو شتێکە، کانیاوی هونەرمەندە.

**مردن؟**

تەنیا بۆ ئەو کەسانەیە کە ناتوانن ببن بە داهێنەر...هونەرمەندی داهێنەر قەت لە مردن ناترسێت، بەڵێ وەک گلگامێش دەیەوێت دژی مردن بووەستێت، ئەگەر گلگامێش مارەکە نهێنی مردنی لێ دزی، بەڵام ئینسانی داهێنەر هیچ مارێک ناتوانێت ژیانی لێ بدزێت.

هەواڵنامەی کتێب

**سەرچاوە**

**ڕۆژنامەی برایەتی ژمارە (١٧٩٥)ی ١٩٩٣/١١/١٤ لاپەڕە (٦) دا بڵاوکراوەتەوە.**









# هونەرمەند محەمەد عارف
# لە ڕوانگەی سامانێکی نەتەوەییەوە

دارا محەمەد عەلی

هەواڵنامەی کتێب

ساڵی ١٩٧٠ بۆ یەکەمجار لە پەیماگەی هونەرە جوانەکانی بەغدا و لەوانەی هیڵکاری مامۆستا (محەمەد عارف)م ناسی،خۆشمان دەویست وەک مامۆستایەکی کوردی شێوەکار ڕێزمان لیگرت.

مرۆڤێکی هونەرمەند، هونەرمەندێکی کوردپەروەر، هەست ناسک و هێمن و لەسەرخۆ لە قسە و هەڵسوکەوتیدا. ئەو دەیزانی من بە عەشقێکی هونەری گەورەوە چومەتە پەیمانگا و هەوڵ دەدەم هونەر فێر بم، لەبەر ئەوە هەرلەو کاتەوە ڕێز و خۆشەویستی کەوتە نێوانمان، هەربۆیە لە یەکەم پێشەنگەی تایبەتی خۆیدا لە بەغدا لە ساڵی ١٩٧١، داوای لێکردم تابلۆی بەردەمی هۆڵ (مۆزەخانەی نیشتمانی هاودەم لە بەغدا) بۆ پێشانگەکەی بە جواننووسی بۆ بنوسم، کە ئەو کات من لە فێرخوازە هونەرییەکانی جواننووسی بەردەستی مامۆستای بەنێودەنگ (**هاشم محمد الخطاك البغدادي**) خودا لێیان خۆش بێت وانەی جواننووسی فێر دەبووم، لەبەر ئەوە داوام لە مامۆستای ڕەحمەتی (محەمەد عارف) کرد، جیا لە عەرەبییەکە بە کوردیش ڕیکلامەکەی بۆ بنوسم، زۆری پێی خۆش بوو، بەڵام گووتی (دارا دەبێ ئیزن لە ئیدارەی هۆڵەکە وەربگرین، هەرواشبوو، چووە ژوورەوە و بە زەردەخەنەوە هاتە دەرەوە گوتی، دارا گیان بنووسە، ئافەرینیشی لێکردم بۆ ئەو دەستپێشخەرییە)،کە بەکوردی نووسیم پێشانگەی هونەرمەند (محەمەد عارف). ئەوی کورد بوایە بیخوێندایەتەوە یەکەوسەر دەهاتە هۆڵی پێشانگەکە، چونکە ئەو کات لایەنە نەتەوەییەکە بۆ هەمووومان گرنگی تایبەتی هەبوو بەتایبەت لە شوێنێکی وەک بەغدا، کوردیش ئەو کات نیمچە مافێکی پێدرابوو وەکو ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان کە دەستکەوتێکی مەزنی ساڵی ١٩٧٠ی گەلی کورد و خەباتەکەی بوو، کوردیش لەوپەڕی سەلماندنی خۆیدا بوو بۆ هەر بوارێک لە بوارەکانی ژیاندا،ت ابلۆکانی پێشانگاکەی مامۆستا محەمەد عارف زۆرینەی هی قۆناغی خوێندنی ئەکادیمیای هونەرە جوانەکانی (سوریکۆڤ)ی مۆسکۆی بوو.

ستایلێکی هونەری تایبەتی هەبوو،فیگەرەکانی درێژکۆلەیەکی لەخۆ دەگرت، دوور نەبووە کاریگەری هونەرمەندی گریکی (ئێل گریکۆ) لەدایکبووی ساڵی ١٥٤١ لەسەربووبێ، یان وەکو دارشتن بۆ هەندێک لە تابلۆکانی محەمەد عارف کاریگەری هونەری فارسی و ئیسلامی وەکو سەرەتا لەسەر خودی هونەرمەد هەبووبێ،وەکو خۆی دەڵێ: پشتم بە هونەری میزۆپۆتامیا منیاتۆری ئیسلامی و فارسی بەستووە بەڵام مۆرکی کوردیم پێ بەخشیوون. هونەرمەند محەمەد عارف ئەو ڕێچکە تایبەتییەی لە هونەر بە شێوەیەکی گشتی و هونەری کوردی بەتایبەت کە ئەویش هونەری واقیعی بوو لەسەریا بەردەوام بوو.

ئەو هونەرەش هەروەکو گوتمان سەرچاوەکەی لە یەکێتی سۆڤیەتەوە بوو وەکو فێرخوازیک ڕووی لەم وڵاتە کرد و بە هونەری ڕیالیزمی سۆشیالیستی ئاشنابوو،کاریگەری ئەو هونەرە لەسەر دڵ

و هونەر و جەستەی ئەم مرۆڤ دانیشت و ئەم ڕێچکەیەی بەرنەدا لەگەڵ هەندێ گۆڕانکاری لەلایەن فیکرەوە نەبێت،بۆیە دەڵێ:من زیاتر لە هەندەران خۆم دۆزییەوە و هەستی نەتەوایەتیم بە تەوژمتر بوو،هونەرمەند محەمەد عارف لە گەڕانەوەیدا بۆ کوردستان پتر و زیاتر چووە قوڵایی هونەری واقیعی کوردی.هەر بەو هونەرە سفت سۆی خۆی دامرکاندەوە.

بابەتەکانی هونەرمەند، بگرە هەر لە بابەتە ڕۆژانەییەکانی خەڵکی سادە ئاوایی و شار گوند بازاڕ و کوچە و کۆڵانەکاندا تا دەگاتە مەسەلە فۆلکلۆریەکانی کوردەوارییی، بەردەوام بوو لەسەر هێڵە سەرەکیە ڕیاڵیستییەکەی و کردی بە بەرنامەی ژیانی لە هونەر و هوڵسوکەوتیدا ، ئەمجارەیان لە کاریگەری شێوە و فیگەرەکانی بەرایشدا هێواش هێواش دوورکەوتەوە ، هەروەکو ڕۆژێک وا ڕێکەوت لەگەڵ هونەرمەند بە ڕەحمەت بێت باسم لێوە کرد و گوتم: مامۆستای بەڕێز تۆ ئەو شێوازەی وەکو پاش توێژینەوە و دیراسە ئەکادیمیەکە خۆت بە تایبەتیش لە پێشانگای یەکەمی ناوبراو لە بەغدا زۆر بە زەقی کارەکانت ئەو دیاردە هونەرییەی پێوە دیاربوو کە هەڵگری جۆرێکی ترە لە ئێستێتیکای هونەری ڕیالیستی پیشان دەدا کە بە رای خۆم ڕیالیستێکی پێشکەوتووتر بوو لەوەی ئێستا و هەناسە و مامەڵەیەکی تری فیگەر لەنێو بۆتە و پاشخانێکی تری بابەتەوە سەری هەڵدەدا ، وەڵامی دامەوە و گوتی: من وەکو هونەرمەندێکی ڕیالیستی ناسراو و زۆریش لەو هونەرە دەگرم ، دەمەوێ پتر و زیاتر بچمە قوڵایی ئەم هونەرە، چی وەکو شێوە چی وەکو ناوەرۆک . ڕێبازی خۆم ناگۆڕم . هەربۆیە گەلێ جاران لە نا و کوچە و کۆڵان و بازاڕی هەولێریم دەدیت و دەیگوت:مام دارا ، ئەو جێیانە زۆر شتی جوانی تێدایە وەبەرچاوم دەکەون، وەکو واقیع خۆی تۆماریان دەکەن و لە تابلۆکانیشمدا ڕەنگ دەدەنەوە. بەڵێ مامۆستا محەمەد عارف هەر لەگەڵ گەڕانەوەی لە بەغداوە بۆ شاری هەولێر لە کۆتاییەکانی ساڵی ١٩٨٩ئەوە کاری بوو، گەڕان بە دوای بابەتەکانی خودی خۆی وەکو هونەرمەندێکی ڕیالیستی ئەم میللەتە لە کار و کردەوەی ڕۆژانەی خەڵکی هەولێر ئەو خەڵکانەی بە دوای ژیانێکی ئاسوودە و بژێوی ژیانی ڕۆژانەیان دەگەڕێن و لە وەرزە جیا جیاکانی ساڵدا ئەو بابەتانەی دەخستە ژێر ڕکێفی هونەری خۆی لە هێڵ و ڕەنگ و دارتن و شۆڕبوونەوە بۆ ناخی پاڵەوانەکانی بگرە هەر لە بابەتی توورفرۆشێک یانیش تابلۆی قازفرۆش، بازاڕی هەولێر پاش باران، کەو فرۆش ، کچە کوردێکی سواڵکەر، فرۆشیاری شەبقەی لباد، گوڵە بە ڕۆژ فرۆش، بۆراش فرۆش، بە دەیان تابلۆی تری لەم شێوەیە کە بەرجەستەی کار و پیشەی ئەو میللەتەی دەکرد . ئەمانە زمانحاڵی هونەرمەند محەمەد عارف بوون وەکو هونەرمەندێکی ڕیالیستی، بەڵام ئەو تابلۆیانەش بێبەش نەبوون لە حاڵەتی دەروونی هەمەڕنگی تایبەت بە پاڵەوانەکانی نێو ئەم کارانەی هونەرمەند. ئەم کارانەشی هەرهەمووی

لە نێو ستۆدیۆیە تایبەتیەکەی خۆیدا ئەنجامی دەدان و لەگەڵیا دەژیا . محەمەد عارفی هونەرمەند هەر بەوەندە نەدەوەستا. مرۆڤ لە لای ئەو هونەرمەندە زۆرتر ئاوی دەکێشا پتر بۆی لار دەبووەوە، هەروەکو تابلۆکانی (کۆچ ڕەو، بیرکردنەوە مامە پیرە، خانم لە چاوەڕوانیدا، بیرکردنەوەی سیامەند، بەرەو هەندەران، خێزانێکی بەدبەخت، مام وسو، مام پیرۆت ، شڵەژان، کوردێکی ئاوارە، یەکگرتنەوەی دوو عاشق، کوردێکی داماو ، بیرکردنەوەی دوور خراوەیەک، گەڕانەوەی ئاوارەیەک، هتد.....) هەروەک هونەرمەند دەڵێ: خۆشی و ناخۆشی،ئەوان خۆشی و ناخۆشی من.هەروەها هونەرمەند محەمەد عارف لە ژیانی هونەریدا پۆرترێتی چەندین کەسایەتی کورد لە ئەدیب و شاعیر و سیاسی و هونەرمەند و روناکبیر بەو شێوازەی کە خۆی هەڵیبژاردبوو نیگاری کێشاون.وەکو پۆرترێتی (بارزانی،قازی محەمەد، شێخ مەحمود، مەلای جەزیری، ئەحمەدی خانی، نالی، حاجی قادری کۆیی،مەلا مەحمود مەلا جازە، هێمن، میری بۆتان، قانع، مەمی ئالان، ئەحمەد موختار جاف، خانمێکی هندی، ئەکتەرێکی ڕووسی، هۆشیار گۆرانیبێژێکی کوردی سۆڤیەتی، ئیڤان پترۆڤیچ،کۆلخۆزێکی سۆڤیەتی، ئافرەتێکی سعودی، سەلیم سێ تەنگە).

هەواڵنامەی کتێب

هەروەها هونەرمەند لە دنیای فۆلکلۆر و کەلەپوری کوردیدا فڵچەی خۆی وەشاندوە چەند دەقێکی ئەو بابەتانەی کە بە (هێڵ و ڕەنگ) وەک کارێکی هونەری لەسەر ئاستی هونەری شێوەکاری کوردیدا لە ژیان و تەمەنی هونەریدا خستۆتە بەر دیدی چاوی بینەر و وەریگرتووە.بۆ ئەم دیدارەش سوودی لە دەقەکانی فۆلکلۆر و بە شێوەیەکی گشتی کەلەپوری کوردی وەرگرتووە،بەوەش فەرمانی کوردی پێ دەوڵەمەند کردووە، وەکو دەقەکانی (خەج و سیامەند، کچی گوڵ پاشا، کچی میری میران، قەڵای دمدم، دوانزە سوارەی مەریوان، سەلاحەدینی ئەیوبی، مەم ئایشێ، ئایشە گوڵ....) هەورا ژوانەکانی فۆلکلۆری بەردەم قەنتەرە و سەرەکانی و دەشت و دەروو دیمەنە ڕازاوەکانی کوردستان وەکو تابلۆکانی (ژوانی سوارچاک ١-٢-٣، دڵداری لە زەمینەیەکی زێڕیندا، ژوانی کچی میران،ژوان و تاڤگە، سوار چاک و ژوان و گەڕانەوە وەکو تابلۆ لە نموونەی دوو سوارچاک لە بەهاردا، سوارەکان و ڕۆژئاوا،سوارچاک و هەورێکی چڵکن، دوو شۆڕە سوار، لە چاوەڕوانی شەوە زەنگەدا،شایی لەژێر منارەی چولی)، هونەرمەند گەر لە تابلۆیەک باڵندەیەکی نیگار بکێشایە جگە لە کۆتر، ئوە بێ سێ و دوو نیگاری کەوی دەکێشا، ڕاوە کەوی هونەرمەند بە پێچەوانەوەی ڕاوچییەکانی دی بوو کە بۆ مەبەستی سوودمەندی کارەکەی خۆیان ئەنجام دەدا.

بەڵام هەرچی هونەرمەند محەمەد عارف بوو لەپێناوی جوانی ئەو باڵندەیە بوو،دەچوو ڕاوەشکار لەنێو تابلۆیەک و لەباوەشی گەرمی ئافرەتێکدا دەستە مۆی دەکرد نەک لەناو قەفەس دا،وەک تابلۆی

(خانمی عاشقەکە) کە تابلۆیەکە پڕ لە هەست و سیحر و سۆز، نێوان خانم و ئە و باڵندە جوانە و لەنێو دیمەنێکی سەوزەلاَن و پڕ بەئاو لەلایەکیش هاژەی تاڤگەیەکت گوێی لێدەبی.چ قەدەرێک وایکردووە لەم شوێنەدا ئەم دوو ڕۆحە بەیەک بگەن و دەبێ کامیان بۆلای ئەویتریان چووبێت. دەبێ ژوانێک نەبێ و ئێمە نەزانین! ژوانیش سنوور و بەربەستێک ڕادەماڵی .لەگەڵ ئەوەی هونەری شێوەکاری دەقێکی مرۆڤانە و زمانێکی بەشەری بینراو و ڕۆح دەدوێنێ،بۆیە هونەرمەند حەزدەکات بە شێوەیەکی زۆر فراوان و یەکەوسەر دیالۆگ لەگەڵ هەر وەرگرێک بکات.کە لە بەرامبەر کارەکەی ئەو دەوەستێ،ئینجا لێرەدا شوێن و کات ڕۆڵی نامێنی بەقەت پێکان و کاریگەری هونەرەکە نەبێ لە ئەرێنی و نەرینێ بۆ سەر خودی بینەرەکە،هەر لەبەر ئەوە محەمەد عارف دەیەوێ کوردستان بە کوردستانی و غەیرە کوردستانی بناسێنێ وەکو ئاماژە پێکردنی لە زنجیرە تابلۆی کوردستانی من و بەدیاری دێخی کەوا چەند پەیوەستە بە خاک و ولاَت و زمان و مێژووەکەی کە ئەویش کوردستانە بۆیە دەڵێ (هونەرمەندی کورد چاولێکەری کەسانێک دەکەنەوە کە سەرچاوەی هونەرەکەیان ڕۆژهەلاَتی و ولاَتی خۆیانە). ئینجا هونەرمەند محەمەد عارف لە میانەی ئەو کار و بەرهەمەکانیدا هاتۆتە سەر سفرەی لایەنێکی تری هونەرەکەی کە ئەویش لە دنیای جوانی سروشتی کپ و هێمنە هەندێکیان لە بەرگێکی فۆلکلۆری نەخشاندونی هەروەک ئاماژەی پێکردووە بە سروشتی هێمنی فۆلکلۆری،هەندێکیشیان هەر بە ناوی سروشتی هێمن. ئەو هونەرەش لەسەر ئاستی هونەری جیهانی باوەو گەلێ لە هونەرمەندان ئەم کارەیان کردووە،بگرە هەر لە هونەری کلاسیکی تا دەگاتە هونەری تازە و مۆدێرن و بە کەرەستەی هەمەڕەنگ، پاشان و لەم وێستگە هونەرییەدا ئەمجارەیان هونەرمەند محەمەد عارف بارگەی خۆی ئامادە دەکات و گەشتێک ساز دەدا بۆ دەرو گوند و ڕەز و دۆڵ و شاخ و چیاسەرکێشەکانی کوردستان، ئەوەتا لە بەهاردا یان لە هاوین... لە زستاندا یانیش لە پایزدا گیان و ناخی خۆی بەم دیمەنە دڵفرێنانە ئاو دەدا، لە سروشتدا دادەمێنێ سەرەنجدەدا، ڕادەمێنێ، پاشان دێ و بەپەنجە و دەستەکانی سکێچ رادەکێشێ و لە چاوەکانیدا ڕەنگەکان تۆمار دەکا و دێت و لە ستۆدیۆی کۆلیژ یان لە گەلەرییەکەیدا لەگەڵ پەنجە سیحراوییەکانی پاگەنینی،ئەهریمەنی، کەمەنجە بەیەکەوە سروشت جوانتر دەکەن،هەر بۆیە هونەرمەند محەمەد عارف گوێگرێکی موزیکیش بوو جگە لە ئاوازەکانی سروشت زیاتر، گوێی لە سیمفۆنیای هونەرمەندانی وەک (چایکۆفسکی، ڕەحمانینۆف، شۆستەکۆڤیچ) دەگرت. هەربۆیە لە حەز و کەیفی موزیکەوە پێشەنگای دەیەمی ناولێنابوو (سیمفۆنیای چیاکان). تابلۆکانی پایز، باتاس، زستانێکی کوردستانی. هونەرمەند زۆربەی تابلۆ سروشتییەکانی بەهەماهەنگ لەگەڵ بابەتدا گرێی دەدا و پێشکەشی دەکردن. واتە تێهەڵکشانی (بابەت+سروشت)

وەکو تابلۆکانی (گەڕانەوە بەرەو گوند) ساڵی ٢٠٠٠ کە کۆمەڵە سوارێک پشتیان لە بینەر و بەرەو ئاوایی ڕێیان گرتووە.هەروەها تابلۆکانی (ژووانی فۆلکلۆری ٢٠٠٤، شایی لە بن منارەی چۆلی) بەرەو چیا، شاییەکی ڕەشبەڵەک هەروەها هونەرمەند محەمەد عارف بۆ بڕوانامەی دکتۆرا هونەرییەکەشی ساڵی ٢٠٠٤ گەڕایەوە بۆ نێو باوەشی سروشتی کوردستان و لێکۆڵینەوە و ئەتروحەکەی لە ژێر ناوی (جوانی سروشت لە کوردستانی عێراق و کاریگەری لەسەر هونەری نیگارکێشانی عێراقی هاوچەرخدا) بوو ، کاریگەری سروشت وا لە هونەرمەند دەکات ئەمجارەیان بە زمانی قەڵەم بۆمان بدوێ باسی جوانی کوردستان و جەژنی نەورۆزی کوردستان دەکا . لە ژێر ناوی سرووش وەرگرتن لە کوردستان ، هەڵبەستە بینراوەکان . هونەرمەند محەمەد عارف وەکو وێستگەیەکی تری ژیانی پلاستیکی کاری لەسەر هونەری ئیمپرێسیۆنیزم کردووە ئینجا کۆمەڵە لە تابلۆیەکی لەسەر دیمەن و شارەکانی وڵاتانی دەرەوە و ناوەوەی کوردستان دروست کردووە، نموونەی تابلۆی پاریس پاش باران، لەندەن لە شەودا، لە کەناری دەریای بەلتیق ، دیمەنێکی قەفقاس دەوروبەری مۆسکۆ لە تەم و مژدا، دەریاچەیێک لە دەوروبەری مۆسکۆ، مۆسکۆ پاش باران، ڕۆژئاوابوون لە دەوروبەری لینینگراد، یێریڤان لە کاتی باراندا، کۆڵانەکانی ڕێگا ، دەوروبەری فیلنوس، ڕۆژێکی هاوین لە کیف، ڕۆژئاوابوون لە لەنگەری ئۆدیسا، لە هاوینە هەوارەکانی سوجی، دەریاچەی ژنێف لە تەموتوماندا، وارشۆ لە ستاندا، بەرلینی ڕۆژئاوا، بەرلینی ڕۆژهەڵات، پراگی کۆن، پراگ لە زستاندا، ئاشی سوور لە پاریس، کەوانەی سەرکەوتن لە پاریس، ئوروپۆڵ لە ئەسینا، دەوری ئیریڤان، مۆنۆمێنتی گاگارین لە مۆسکۆ، کڵێسەی ئیساکوفسکی لە لیننگراد، کڵێسەی قەشە کارل لە ڤیینا، لەنگەری ڕێگا، قەڵاتی چەلەبی مێژوویی،ئیمپریشن لەسەر ئەستەمبوڵ، ئیمپریشن لەسەر بەیروت،ڕۆژئاوابوون لە دەوروبەری هەولێر، بازاڕی هەولێر، کۆڵانێک لە قەڵای هەولێر، سلێمانی پاش باران، باران لەڕێگای سلێمانی، ئیمپریشن لەسەر مەخمور، خانوی کۆن لە شەقڵاوە، بارانێکی بەهاری لە شەقڵاوە، گوندێکی دەوروبەری شەقڵاوە، گوندێک لە ڕۆخ چیای سەفین لە شەقڵاوە، ئیمپریشن لەسەر هاوینە هەواری سەلاحەدین، قەڵای کەرکوک، مزگەوتی (**الخلفاء**) لە بەغدا، وەکو هەشتەم پیشانگەی ساڵی ١٩٨١لە هۆڵی (الرواق) لە بەغدا لەژێر ناوی (**انطباعات عن العالم**) نمایشی کردوون، دەڵێم دوور نەبووە بینەر لە یەکەم ڕامانیدا بۆ هەندێک لە تابلۆکانی محەمەد عارف، وەکو گرتەیەکی فۆتۆیی هاتبێتە بەرچاو، بەڵام ستایلی هونەرمەند بە تایبەتیش پاڵەوان و کارەکتەری بۆ تابلۆکانی بەدەر نەبووە لە دەربڕینی حەزو ئارەزوو خەم و خولیاو دڵەڕاوکێ و ڕازو نیازێکی ڕاستگۆییانەی مرۆڤ، بەڵکو هونەرمەند بوارێکی بۆ لایەنی دەروونی بەدەم بابەتەکانی دەکردەوە، ئینجا کاریگەرێتی ئەم دیاردە سایکۆلۆژیانەش لەسەرحاڵەتە مرۆییەکانی خودی

هونەرەند خۆی بەرجەستە کردنێکی دەربڕینی ڕاستگۆییانەی هەست و ناخی ناوەوەی تۆمار دەکردن.

ئەوەشیان لە ئاکامی کۆمەڵێ فاکتەری جیاجیای حاڵەتە نا ئاساییەکانی کۆمەڵگەی کوردەواری وەکو نەتەوە، ئینجا نەهاتی و نەهامەتی و مەرگەساتی و کاریگەری دەرەکی و ناوەکی لەسەر ئەو (بوون)ە وەکو دیرۆک بۆمان دێنێتە سەر سفرەی ژیان و کاریگەری ئەو دیاردانەش لە درووستکردنی دنیایەکی پڕ لە دەقە نووسراوو نانووسراوەکان–زارەکی لەسەر بردەو حەیران و لاوک و چیرۆک و داستان و ئەفسانە میللییەکان کە هەندێکیان وەکو لاوک و حەیرانبێژان وەکو (هونەری دەنگ) بەرجەستەیان کردوون کەوابوو ئەگەر ئەو حاڵەتانە کاریگەری خۆیان لەسەر کۆمەڵێ مرۆڤی سادەو ساکاری ئەو بوون و نەتەوەیە جێ بهێڵێ، دەبێ چ حاڵەت و کاریگەریەکیش لەسەر ئەدیب و هونەرمەندی بەتایبەتیش شێوەکارێکی وەکو محەمەد عارف جێی هێشتبێت، ئەوانە هەر هەموویان وەکو لایەنێکی پراکتیکی لە هونەری ئەو هونەرمەندانەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە بۆ لایەنی هزریش ئەوا هونەرمەند محەمەد عارف لە دنیای جوانی نووسیندا لەدوای خۆی کۆمەڵێک بابەتی هونەری شێوەکاری و هونەر و هونەرمەندانی وەکو وەرگێڕان لە زمانی ڕوسییەوە بۆ سەر زمانی کوردی و هەنێکیش لە دانانی خۆی بۆمان هێناوەتە بەرهەم، وەکو پەرتووک، بۆ بەردەستی هونەرو هونەر دۆست و فێرخوازو هونەرمەندان و چێژوەرگرانی هونەری شێوەکاری و دواترین پەرتوکی هونەرمەند (فیگەرەکانی کوردستان) بوو.

هەواڵنامەی کتێب

### کتێبەکانیش ئەمانەن

١– فن الرسم الیدوی ١٩٨ چاپی لەبەغدا–لەدانی هونەرمەند خۆی بوو، لەدانانی ئەم کتێبە بەزمانی عەرەبی بوو، وەرگێڕاوەنە سەر زمانی کوردی.

٢– مایکل ئەنجیلۆ ١٩٨٢ لە رووسیەوە وەرگریراوە بۆ کوردی.

٣– پۆل گۆگان ١٩٨٢ لە رووسیەوە وەرگریراوە بۆ کوردی.

٤– دێلاکرۆا ١٩٨٣ لە رووسیەوە وەرگریراوە بۆ کوردی.

٥– میلیە ١٩٨٥ لە رووسیەوە وەرگریراوە بۆ کوردی.

٦– رووبنس ١٩٨٦ لە رووسیەوە وەرگریراوە بۆ کوردی.

٧– هونەرمەند محەمەد عارف ١٩٩٠.

٨– هونەری هێڵکاری ١٩٨٩ (دانانە).

٩– بنەماکانی هونەری ئەکادیمی ١٩٩٤ لە رووسیەوە وەرگێڕدراوە بۆ کوردی.

١٠- كاتيا كۆڵڤیچ ٢٠٠٢ (هونەرمەندی مەزنی گرافیكی ئەڵمانی (دانانە)).

١١- لەگەڵ شاكارە نەمرەكاندا ٢٠٠١ دانانە.

١٢- لە هونەرمەندە بلیمەتەكانی جیهان. جۆر جۆنی، داینێكا، لێنانین ٢٠٠٠ وەرگێڕان و ئامادەكردنی لە روسییەوە محەمەد عارف.

١٣- خەزێنەی هونەر ٢٠٠٦ چاپی هەولێر لە دانانی هونەرمەند خۆی.

١٤- ئینگر ٢٠٠٧.

١٥- چوار هونەرمەندی بلیمەت ٢٠٠٧ دانەر پرۆفیسۆر دكتۆر محەمەد عارف- هەولێر.

١٦- هونەری هاوچەرخی عیراق (لە روسییەوە وەرگێڕاوە بۆ كوردی) ٢٠٠٧.

١٧- منداڵ لە بەرهەمی هونەرمەندانی جیهاندا (دانانە).

١٨- جوانی سروشتی لە كوردستانی عیراق و كاریگەری لەسەر هونەری نیگاركێشانی عیراقی هاوچەرخدا ٢٠٠٦ نامەی دكتۆراكەی.

١٩- فیگۆرەكانی كوردستان ٢٠٠٩ (دانانە).

سەرچاوە: گۆڤاری شێوەكاری ژ (٢٨)ی
ساڵی ٢٠٠٩

هەواڵنامەی كتێب

# ڕۆحی باڵای هونەرمەند و نەمربوونی بەرهەمەکانی

**بەرنامە: کریستاڵ**

**ساڵ: ١٩٩٣**

**ستۆدیۆی گوڵان tv ـ هەولێر**

**ئامادەکردنی: ماجید نوری**

هەولێرنامەی کتێب

بەرنامەیەکی هونەری ڕاستەوخۆی ئەو کەناڵە بوو، دواتریش بیست و شەش ئەڵقەی لێ پێشکەش کرا، لە یەکەمین ئەڵقەیدا کە دوو کاتژمێر گفتوگۆو پرس و دەربڕینی بیروڕای هونەری لەخۆگرت، بەرنامەیەکی دیکۆمێنتاری و دیمانەسازیم لەگەڵ بەڕێز هونەرمەند (محەمەد عارف) سازدا، جگە لە کەسانێکی هونەرمەند و هونەر دۆستی زۆر کە بە تەلەفۆن بەشدارییان کرد، خانەوادەو منداڵەکانیشی وەفای خۆیان بۆ باوکیان دەربڕی، ئێستاش وەک وەفایەک بۆ ئەو هونەرمەندەی کە بە دەیان تابلۆو کتێب و نامیلکەو سەمینارو وانەوتنەوەی ناو هۆڵەکانی زانکۆی خزمەتی بەهونەری شێوەکاری کوردی گەیاندو بۆ دواجار ماڵئاوایی لێ کردین، پوختەی ئەو دیمانە تەلەفزیۆنییە کە هێشتابە نووسین و لە هیچ جێگەیەکی دیکەی ڕۆژنامەگەری بڵاونەکراوەتەوە لە دوو توێی چەند لاپەڕەیەکی گۆڤاری هەرێمی کوردستان بە سوپاسەوە بڵاودەکەمەوە، کە تێیدا هەندێ ڕاوبۆچوون و قەناعەت و فیکری ئەم هونەرمەندە بە ئەمانەت و وەک خۆی بڵاودەبێتەوە بەهیوام کونجێکی کەمی ژیانی لەم چاوپێکەوتنەوە خرابێتەڕوو.

پوختەیەکی کەمی دیمانەکە کە بەکاسێتی ڤیدیۆ پارێزراوە:

مامۆستا (محەمەد عارف) یەکێکە لەو هونەرمەندانەی کە توانیویەتی لە ژیانی خۆیدا خزمەتێکی باشی بزاڤی شێوەکاری کوردی بکات، بەدیدی هاوچەرخانەوە کەلەپوری کوردەواری لە تابلۆکانیدا تەوزیف کردۆتەوەو بەرنامەی (کریستال) یەکەمین ئەڵقەی خۆی بۆ هەڤپەیڤین و گفتوگۆ لەگەڵ بەڕێزیاندا تەرخان کردووە، سەرەتا دەروازەی گفتوگۆ بە جیهانی منداڵێتیت واڵا دەکەین، ئەو جیهانەی بەرائەت و پاکی و خوێن گەرمی و سەرکێشی تێدا کۆ دەبێتەوە، بە گاڵتەنییە (نیتشە)ی مەزن گوتوویەتی لەناخی هەر هونەرمەندێکدا منداڵێ بەنیازە گەمە بکات، حەزدەکەین ئەوەمان بۆ ڕوون بێتەوە چەندە گەمەکانی منداڵێتی و دنیای پڕ بەرائەتی منداڵیت لەسەر ئێستای هونەریت ڕەنگی داوەتەوە؟

محەمەد عارف: یادگارییەکانی منداڵی وەک دەڵێن نەقشە لەسەر بەرد، لەشاری هەرە ڕەنگین و جوانی ڕەواندوز لەدایکبووم، وەک یادگارییەک ئەو قۆناغی گواستنەوەیەم لەیادە کە باوکم گواستراوەیەوە بۆ (گوێر) ئەگەر گوێر بەراورد بکەی بە ڕەواندوز، جیاوازیی زەمین و ئاسمانە، کاتێ ئەو لۆرییەی ماڵمانی باردکردبوو گەیشتە گوێر، من غارم داو دەمەویست بە ڕاکردن بەرەو ڕەواندوز بگەڕێمەوە، دواتر ماوەیەک لەباتاس بووین، ئەوێش ئەو کاتە پڕ لە ڕەزو دارو بار بوو، جوانیی سروشت لەوێوە بوو بە کانگای عیشق و لەدڵمدا چەسپی، هاوزەمان هەر لە سەردەمی منداڵیمدا جۆرەها حەکایەت و بەسەرهاتم لەیاد ماوە کە پاشتر لەسەرەتای شەستەکانەوە توانیم لەژێر کاریگەری ئەم حەکایەت و سروشتە جوانەی کوردستاندا هەست و خولیاو نەستی خۆم لە تابلۆدا بەرجەستە بکەمەوە، بەشێک لە پاڵەوانەکانی چیرۆکە فۆلکلۆرییەکانی کوردی کاریگەریی یەکجار قوڵیان لەسەر ڕوانینی هونەریم هەبووە، بەشێکیان لەو پاڵەوانانە ناویان ئەحمەدە، چۆن ئەژدیهایەک بەری ئاوی لە گوندێ گرتبوو، بەڵام پاڵەوانی ئازاو چاپووکی کورد لە داستانێکی کوردیدا بڕیار دەدا ئەژدیها بکوژێ و ئاوەدانی بگەڕێنێتەوە بۆ دێهاتەکان، ئیتر بە هەردوو دەست شیرەکەی گوشی و لە نزیکەوە ئەژدیهای کرد بە دوو کەرتەوە، ئەوە یەکەمین داستانی کوردی بوو کە منداڵی وروژاندمی و دواتر بەدەیان بەسەرهاتی ئازایەتی پاڵەوانانی داستانە کوردییەکان و چیرۆکی فۆلکلۆری دیکەم بیست، هەموویان کاریگەرییان هەبووەو بە ڕەنگێ یان لە فیگەرو هێڵ و فەزایەکی هونەری ناو تابلۆکانمدا بەرجەستە کراونەتەوە:

**ماجید نوری: ئینجا با بێینە سەر تەوەری سەفەرو گەشتەکانت، وەک بزانم بەڕێزت لە پاڵتۆی گۆگۆڵ دەرنەچوویت، بەڵکو لە شاری وەستا ڕەجەبەوە هاتوویتە دەرەوەو دواتر سەفەرت بۆ مۆسکۆ کردووەو لەوێ چوویتە ناو پاڵتۆی گۆگۆڵ و بە پێشانگەی هونەری لێی هاتیتە دەرەوە، یەکەمین**

**پێشانگەشت لە زانکۆی لۆمۆنۆف بوو، ئیتر نازانین تەنیایی و غەریبی ئەم پێشانگایەی پێ کردیتەوە یان شتی دیکە بوو، چونکە دوو حاڵەت چاوەڕێی دەکەن ئەویش تەنیایی و غەریبیە، ئایا ئەم دوو حاڵەتە هۆکارنین بۆ ئەوەی ببنە داینەمۆی سۆزو دروستکاری عەشقی هونەر، یان بەڕێزتان پێش سەفەریش نەزیفی رۆحیتان هەبوەو هانی داون بچنە دەرەوەی نیشتیمان و پەرە بە بەهرەی هونەریی خۆتان بدەن...؟!**

محەمەد عارف: ساڵی ١٩٦١ کە چوومە یەکێتی شوورەوی پێشان من لە دەرچووانی پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی بەغدا بووم لە هەردوو بەشی نیگارکێشی و پەیکەرتاشی، بەچوونم بۆ ئەوێ زەمینەیەکی یەکجار باشم بۆ هەڵکەوت، چونکە لەو وڵاتەوە توانیم بە ئاسانی سەفەر بکەم بۆ ئەورووپای رۆژهەڵات و رۆژئاواو جێگەی دیکە، ئەمەش ئاسۆیەکی یەکجار فراوان و مەزنی لە پێشم کردەوە، بیرم لەوە کردەوە یەکەمین پێشانگەم لە زانکۆی لۆمۆنۆف بکەمەوە، چونکە ئەوە سەنتەرێکی هونەریی جیهانیە، لە زۆربەی وڵاتانی جیهانەوە قوتابییانی هونەر روویان لەو زانکۆیە کردبوو، جێگەیەکی ئەوتۆی هەبوو هەر کەسێ لەوێ بژی پێویستی بەوە نەدەکرد بچێتە دەرەوەی شوورای تاقیکردنەوەو موغامەرەی من بوو کە لەوێ وەک هونەرمەندێکی کورد پێشانگە بکەمەوە.

**ماجید نوری: کەواتە هەوڵ و توانای کارکردن لەبواری هونەردا هاندەرت بووە ئەو پێشانگەیە بکەیتەوە، ئەمەش وەڵامی راستەوخۆی ئەو راوبۆچوونە سەرپێیانەیە کە هەندێ دەڵێن لەسەردەمانی پەنجاو شەستەکاندا هەوڵی جیدی لە هونەری شێوەکاریدا نەبوون؟.**

محەمەد عارف: کە چوومە ئەوێ وەک دەرچووی پەیمانگای هونەرە جوانەکان بناغەیەکی بنەڕەتیم هەبوو، ئیتر کە چوومە ناو ئەکادیمیای هونەرە جوانەکانی مۆسکۆ، لەوێ زیاتر توانیم هەست و خولیاو حەزەکانی خۆم بە تابلۆ پەسەند بکەم، تابلۆکانم کە نمایش دەکران هەمووی بابەت و ناوەڕۆکی کوردی رەسەن بوون، توانیم بیرورا و بۆچوونی زۆربەی هونەرمەندانی وڵاتانی جیاجیا لەوێ وەربگرم، بەبێ پرۆپاگەندە لەو پێشانگایەدا سەرکەوتنم بەدەست هێناو تابلۆکان بوونە جێی مشتومڕو گفتوگۆی هونەری لەو زانکۆیەدا، لەوێ دکتۆر ئیحسان فوئاد بواری ئەدەبی دەخوێند، تەنیا من و کەسێکی دیکە بە رەگەز کورد بووین، بەڵام لەدەرەوەی کوردستان پەروەردە بوو لەبواری ئەکادیمیای هخونەری دەمانخوێند، لە دوو کۆلێژی دیکەی هونەریش کەسانی دیکە هەبوون، هەموومان پێنج قوتابیی عیراقی بووین، زۆر بەختەوەر بووم کە لەوێ وەرگیرابووم.

**ماجید نوری: ئەدی سەبارەت بەو مۆزەخانەو گەلێرییانەی کە لەمۆسکۆو وڵاتانی ئەورووپی**

**بینیوتن، هەستت بە بستەبالأیی هونەری کوردی نەدەکرد لە ئاست ئەو هەموو بەرهەم و توحفە هونەرییە جیهانییەدا کە لەوێ دانراون؟**

محەمەد عارف: بێگومان بایەخدان بە هونەر لە یەکێتی شورەوی پێشوو ئەوپەڕی تواناو پارەی بۆ تەرخان کرابوو، بلیتێکی تایبەتیان دەدا بەهەر قوتابییەکی ئەکادیمیای هونەرە جوانەکان تا بەخۆڕایی بتوانێ بچێتە هەر مۆزەخانەو هۆڵی ئۆرکێستراو بالیەو پێشانگەو فێستیڤاڵێکی هونەری ئەمەش هەلێکی باشی بۆ رەخساندم تا شەو ڕۆژ لە دیتن و گەڕان بە شوێن و جێی هونەری نەوەستم، ئیتر بەپێی بارودۆخ و بۆلوان و ئارامی لە میللەتێ تا میلەتێکی دیکە بەرهەم و چالاکی زۆریان کەم لەدنیادا هەن.

**ماجید نوری: لەدوایەمین بابەتی بڵاوکراوەی بەڕێزتاندا وتارێکتان لەسەر (کاتیا کۆلۆڤیچ) لە گۆڤاری (رامان) بڵاوکردۆتەوە کە ئەوە وا دیارە ئافرەتێکی داهێنەرە لەبواری هونەردا، ئەدی باشە لە کوردستان چی بەو ئافرەتانە دەڵێی کە لە دوای تەواوکردنی پەیمانگەی هونەرە جوانەکانەوە ئیتر لە هونەر دابڕاون، نیگارکێشی پیاو لەجێی ئەوان باسی لە خەم و موعاناتی ئافرەت کردووە، بەم حاڵەتە چی دەڵێی؟!**

محەمەد عارف: لەراستیدا ئەو لێکۆڵینەوە هونەرییەی سەبارەت بە ئافرەتێکی بلیمەتی ئەڵمانی وەک (کاتیا کۆلۆڤیچ)ی هونەرمەندم بڵاوکردەوە، مەبەستم ئەوە بوو بڵێم بەهرەی ئافرەت ئەگەر بێت و بایەخی پێ بدرێ و لە زەمینەی گونجاو پەروەردەبێ ئەو بەهرەیەی لە بەهرەی پیاو کەمتر نییە، لەو روانگە ئیستاتیکیەوە بە ئەنقەست ئەو کەسایەتییە جیهانییەم هەڵبژارد، چونکە عەرشی هیتلەری لەرزاندبوو، یەکەمین کەس هیتلەر بەربەرەکانێی لەگەڵ دەکرد، بەڵام لەبەرئەوەی بەهرەی ئەو ئافرەتە رەسەن بوو، خۆیشی لەگەڵ هونەری خۆیدا راستگۆ بوو، بەهرەی کاتیا سەرکەوت، کاتێ تەمەنی کاتیا گەیشتە شەست ساڵان غاندی مەزن بروسکەیی پیرۆزبایی بۆ دەنارد، هەروەها نووسەری مەزنی وەک ڕۆمان ڕۆلان، ئیتر چەندین بڕوانامەی دکتۆرای فەخرییان بەکاتیا بەخشی، پێمخۆش بوو کاتیا ببێتە نموونە بۆ ئافرەتانی کورد کە ئەمانیش بەهرەمەندی وایان تێدایە گەر وەک گوڵی زەمینەی گەشانەوەیان بۆ دروست بکرێ ناوبانگی جیهانی بەدەست دەهێنن، چونکە سروشتی رازاوەی کوردستان هەر لە منداڵییەوە ستاتیکا لە ناخیاندا دەڕوێنێ.

**ماجید نوری: با هەر لەوڵاتی شوورەوی جارێ دەرنەچین، نووسەرێکی بەناوبانگی وەک (ماکسیم گۆرکێ) لە سێ شاکاری (ڕۆمان.. شانۆ.. داستان) بە مەزنی و جوانی (دایک)ی تەوزیف**

**کردووە، دایک وەک دەلالەتی هونەری یان وەک سیمبوڵی  هونەری چۆن لەتابلۆکانی تۆدا رەنگی داوەتەوە.**

محەمەد عارف: لەدوو دیدو روانگەی فەلسەفییەوە تەماشای دایک دەکەم، یەکەمیان وەک دایکێ کە لەو لەدایک بوومەو خۆشەویستی بێ قەیدو شەرت پێشکەش نەوەکانی دەکات، دووەمیان دایک وەک رەمزی نیشتمان بەرجەستەم کردۆتەوە.

**ماجید نوری: ئەدی چی دەڵێی بەرامبەر ئەو بۆچوونە فەلسەفییەی کە دەڵێ گەر بتەوێ ئارامی بەدەست بهێنی، بچۆرەوە ناو پزدانی دایک، لەوێ بترازێ ئارامییەک نابینیتەوە، هونەرمەند چەندە پێویستی بە ئارامی لەمشێوە هەیە؟**

محەمەد عارف: لە پێشانگایەکمدا ساڵی ١٩٨٩ کە پەنجا تابلۆم نمایشکرد، پێشانگاکە بەناوی (سیمفۆنیای چیاکان) لە پەنجا نیگاری چارەسەرکردنی (جوانی سروشت)دا وەک دایک بەشێک لەو ئارامییەم بەبینەرانی هونەری شێوەکاری بەخشی.

**ماجید نوری: لەناو ئەم بەرنامە راستەوخۆیەدا تا ئەم گفتوگۆیانە کرا چەندین کەسایەتی بە تەلەفۆن پرسیارو راو سەرنجی خۆیان ئاراستەی مامۆستا (محەمەد عارف) دەکرد، لەوانە مامۆستا باکوری پرسیارێکی لێکردو پێی گوت: ئەسپ لە تابلۆکانتدا وەک رەمز بەکارهاتووە یان دەلالەتی دیکەی لەدوایە...؟!**

محەمەد عارف: من دژی ئەوەم وەک شێوازێکی فۆتۆگرافی ئەسپ لەناو تابلۆدا دابنرێتەوە، بەڵام بەشداربونی ئەسپ لە رووداو بەهەست و نەستی خرۆشاوی گەرمەوە، هەروەها بەخەسڵەتە مرۆییەکانی ئەو ئاژەڵەوە، ئەمە هونەرە، هەر لەکۆنەوە لەناو کورددا عەشقێ لەبەرامبەر ئەسپدا هەبووە، ئەسپ برادەری رێی هات و نەهاتی سواران بووە، ئەسپ رێگەی بۆ سوارەکەی خۆش کردووە تا بچێتە ژوان، بچێتە بەرەکانی رووبەڕووبوونەوەی داگیرکەران، بۆ گەیاندنی بەرەو ئەو ئامانجەی شاسوار بریندار‌بووبێ لە رۆژێکی گەرمدا، ئەو ئەسپە هەستی بە ئازاری برینی سوارەکەی کردووەو بەشێوازێکی وا لە پاڵیدا وەستاوە کە سێبەر بۆ سوارەکەی دروست بکات ولە تیشکی بەتینی خۆر بیپارێزێ، لە فۆلکلۆری کوردیدا ئەسپ سمکۆڵانی کردووە، هەستاوە سمی خۆی بە خوێنی سوارە بریندارەکەی رەنگدانەوەو دواتر گەڕاوەتەوە ماڵەوە هەواڵی بەو شێوەیە بە کەسوکاری بریندارەکە گەیاندووە، لە کوردەواریدا هەر ئەسپێکی رەسەن نازناوێکی مەزنی بەدوادا دراوە وەک قلە باڵداری بەحری، دوای ئەوە لە جەستەی ئەسپدا وزەو ستاتیکاو بازووی پتەو هەیە کە پڕ لە دینامیکییەت و ژیانە...

**ماجید نوری: بابێینە سەر دیدگاو شێوازو ستایل و ئیمپرێشنەکانی رووسیات، زیاتر ستایلی ریالیزمی واقیعی هەبووە، هەندێ لە هونەرمەندان لەو بڕوایەدان کە مرۆڤی نیگارکێش دەتوانێ لە زۆر سەرچاوەوە بەخشش و داهێنان وەربگرێ، لەوانە (فایەق حەسەن) لە دیمانەیەکیدا گوتی: مەرج ئەوەیە هەستەکانم بڕژێنم چ بە واقیعی بێ یان بە تەجریدی، یان (ئێدوار مانێ) توانیویەتی لەناخی خۆیەوە رەنگەکان دابڕێژێتەوە، یان گۆتە ڕای وایە ئەو سروشتەی ئیلهام بە هونەرمەند دەبەخشێ مەرج نییە سروشتی واقیعی دەوروبەری خۆی بێ، بەڵکو ڕەنگە سروشتی ناخی ژوورەوەی هونەرمەند خۆی دروستکاری ستایل بێ، یان گۆستاف کۆربە کە بۆ خۆی هونەرمەندێکی سەر بە واقیعیەتی تازەیەو لە تابلۆ بەناوبانگەکەیدا (خێری گەدا بەگەدا) واقیعی راستەقینەی وەک خۆی نەهێناوەتەوە، چی بەوانە دەڵێی کە رەخنە ئاراستەی تۆ دەکەن و دەڵێن واقیع وەک خۆی رەسم دەکەیتەوە..؟**

محەمەد عارف: ریالیزمی دوو جۆری بنەڕەتییە لە هەریەکەیاندا چەندین لق و پۆپ جیادەبێتەوە، ریالیزمی رەخنەیی کە لە ئەدەبیشدا هەیە لە هونەری نیگارکێشاندا بنەمای ریالیزمی سۆشیالیستییە، ریالیزم هەیە تەجاوزی شتی رواڵەتی بینراو دەکات و دەچێتە ناو ناخ و رواڵەتی فیگەرو کەشی گشتی تابلۆوە، کەسێ بەناوی ریالیزمی بێت و وەک فۆتۆ دیمەن بگوازێتەوە ئەمە پێی ناوترێ ستایلی ریالیزمی، کە وێنەی فۆتۆش لەبەردەمی خۆت دابنێی مەرج ئەوەیە وەک هونەرمەندێ نەبیتە دیلی دەست و پێ بەستراوی فۆتۆکە...

**ماجیدی نوری: کەواتە تۆ واقیعت وەک خۆی نەگواستۆتەوە، بەڵکو خەیاڵ و روانینی خۆتیشت لەسەر واقیعەکە بارکردووە؟**

محەمەد عارف: هونەرمەند ئەزموون و ڕۆشنبیری بەهێڵی شاقووڵی لە ژیانیدا هەیەو قەناعەتی لا دەخوڵقێنێ، ئەم قەناعەتەیە کەوای لێدەکات لەبەرامبەر هەر دیمەن و رووداوێکدا کە رادەوەستێ مۆرەپەنجەو روانینی خۆیشی هەبێ.

**ماجید نوری: گەر بێینە سەر یەکێک لە رەگەزە بنەڕەتییەکانی شێوەکاری کە ئەویش رەنگە، لەسەردەمی ڕێنیسانس وەک لە مێژووی هونەری دەیخوێنینەوە، هونەرمەندان هێڵیان کێشاوە ئینجا بەپلەی دووەم رەنگیان کردووە، بەڵام ئێستا تەماشا دەکەی هونەرمەند هەیە بەئازادی و بە سەلیقەی جیاوازەوە رەنگ دەپرژێنێ و سەربەستی بە ڕەنگ دەدات کە رەنگ خۆی خوڵقێنەری دیمەن و هێڵ بێ، تۆ بەرنامەی پێشوەخت بۆ دانانی رەنگ دادەڕێژی یان شێوازی دیکەت هەیە بۆ دانانی رەنگ؟**

محەمەد عارف: دوو جۆرە ئیستاتیکا هەیە، یەکەمیان جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە رەنگ و

هێڵ و کۆمپۆزیشن و تەکنیک و دامەزراندنی هونەرو بەکارهێنانی زانستەکانی هونەر هەر لەمەنزووروو پێرسپێکتیڤ و ئەناتۆمی و نوێکاری هەموویان بۆ بەرجەستە کردنی ناوەڕۆک بەکاردێن، کەواتە بیرورا و فەلسەفەی تایبەتی ئەو هونەرمەندە و باری کۆمەڵایەتی هەمووی لە تابلۆکانیدا بەرجەستە دەبنەوە، تەنیا بەوەڕانەوەستێ هەر دیمەن بگوازێتەوە یان تەنیا ستیل لایف رەسم بکاتەوە، بەڵکو هەوڵەکانی گشتگیر بن هەر لەبوارەکانی سوارچاکی و دڵداری تا پۆرترێت و جوانیی سروشت و هێڵکاری و تاد...

**ماجید نوری: باشە هەن دەڵێن رەنگی گەرم و زەق و تیر رەنگەکانی سروشتی کوردستانن، هەشن دەڵێن نەخێر لەبەرئەوەی کورد بەردەوام خاک و وڵاتی وێران دەکرێت رەنگی خۆڵەمێشی و ڕەش و قەترانی بەسەر واقیعی تابلۆکانیدا رەنگ بداتەوە باشترە.؟**

محەمەد عارف: تیۆری دیکە هەیە ئەویش فۆرمالیزمییە دەڵێ تەنیا ئەو رەنگە دەرێژم، جۆرە سروشت و ئیمپرێشنی دەداتە بینەر ئەمە دیتنێکی فۆرمالیزمییە، بەڵام رەنگ پێویستە لەخزمەتی ناوەڕۆکدا بێ تا هونەرێکی بەرگرو نەمر دەبێ، بەتایبەت لە بەرامبەر شەپۆلی ستایلە هەمە جۆرەکانی ئەوروپی، رەنگ بەهرەیەکی سروشتییە، ئەگەر یەکێ هەستی رەنگی نەبێ زۆر زەحمەتە داهێنان لەناو تابلۆدا بکات، بەڵام گەر هێڵکاری لاواز بێ دەتوانێ زانستی ئەناتۆمی و پێرسپیکتیڤ بخوێنێ ئەوکاتە بەپێی ئەم زانستە دەتوانێ هێڵکاری بکات، ناوەڕۆک سروشتی رەنگ دەبەخشێتەوە هونەرمەند، ناوەڕۆکی دژوار و شۆڕشگێڕ و پڕ لە تێکۆشان وئاڵۆز رەنگی گەرم و تیری دەوێت وەک نموونە، پێشکەوتن و تازەگەری لەوەدا دەبینم لەچوارچێوەی هونەری ریالیزمدا پەرە بە رەگەزەکانی دارشتنی هونەری بدەم، رەنگە هەر لەوێدا پێوەندیی رەنگەکان بۆ خزمەتی ناوەڕۆک بگۆڕێ، بۆ خۆی ئەمە پەرەپێدان بێ.

**ماجید نوری: هەر لە هەشتاکانەوە تا ئێستاش وەک ئاگاداریت زۆر گروپ و کۆمەڵەی هونەری لەشارو شارۆچکەکانی کوردستان دامەزران، باشە ئەمانە ئسلوبگەرایی کۆیان دەکاتەوە یان هاوڕێیەتی؟!**

محەمەد عارف: دروستبوونی گروپات دیاردەیەکی سروشتییە، هەر لەسەدەی نۆزدەوە تا ئێستاش هەوڵی دامەزراندنی ئەو جۆرە گرووپانە لەئارادان چوارچێوەیەکی جوانناسی یان ئایدۆلۆژی و جوانناسی چەند کەسێک لە بازنەیەکدا کۆدەکاتەوە، بۆ نموونە پێکەوە پێشانگەیەکی هاوبەش دەکەنەوە ئیتر پرۆگرامی بۆ خۆیان دادەنێن تا بەپێی پرۆگرامەکە بەرهەمەکانیان بەخەڵک بناسێنن.

**ماجید نوری: هەڵکۆڵینی سەر مس و زێڕو نەخش کۆڵینی سەر کانزای دیکە یان رەنگ**

**دروستکردن بەسەر جەستەو جلوبەرگی کوردی ئەمانە ئەچنە ئەتێلێکی هونەری شێوەکاری؟**

محەمەد عارف: نەخێر ئەمە کەلەپووری نەتەوایەتییە کە بەرجەستەی بیروباوەڕی تەلیسماوی و ئایینی دەکات هاوچەرخ نین، بەڵام وەک سەرچاوە بۆ هونەرمەند گەنجینەی لەبن نەهاتوون...

**ماجید نوری: هەواڵێک بڵاوبۆتەوە گوایە جەنابت دژایەتی تەجریدییەکان دەکەیت؟**

محەمەد عارف: لەراستیدا من ناتوانم بڵێم دژی ئەبستراکتم، بەڵام سەد ساڵ لەمەوبەر مالێیڤدیچ و کاندنسکی کە هونەری تەجریدیان هێنایە ناو دنیای شێوەکاری، وەک دامەزرێنەرو فەیلەسووف و بلیمەتی ئەو هونەرە بوون، ئەو هونەرەش زیاتر فۆرمالی بوو، تەنیا بۆ ئەوەی ئیمپریشنێ یان نیگایەکی جوان ببەخشێ، بەڵام هەر کە بینەر لێی دوور دەکەوێتەوە ئیتر لەبیر دەچێتەوەو سیماو ناوەڕۆک و بیرێ لای کەس جێ ناهێڵێ، لێرەدا فەلسەفەو ناوەڕۆک و بیروڕا و بەرجەستەکردنی قووڵ بووە قۆچی قوربانی بەرجەستە کردنی دینامیکیەتی مرۆڤ و مێژوو، داستان و سوارچاکی و سیفاتە جوانەکان دەبنە قوربانی، دیلکردنی ئەو هەموو مەزنێتییە لە دیتێل و بەشێکدا بە غوبنی دادەنێم کە هونەر لە قوژبنێکی گچکە دابنرێ، ئینجا پاش تێپەڕبوونی سەد ساڵ بەشێک لە هونەرمەندانی ڕۆژهەڵاتی کە خاوەنی شارستانیەت و بیروڕا و ئەو هەموو ئایینە پیرۆزەن و هەر لە زەمانی سۆمەری و ئاشووری و بابلی و میدییەکان و ئەو هەموو ڕۆحیاتە پڕ لە نەشئاتەوە کە گەورەترین سەرچاوەن، هەمووی لە دیدێکی بچکۆلەوە بەرجەستە بکەیتەوە، ئەمە نەخۆشییە.

**ماجیدی نوری: رایەک هەیە دەڵێ ئیسماعیل خەیات و بەڕێزتانیش تا ئاستێک کەم یان زۆر کەڵکتان لە فۆتۆگراف وەرگرتووەو بەشێوازی هونەری لە تابلۆکانتاندا بەرجەستەتان کردۆتەوە:**

محەمەد عارف: هەر هونەرمەندێ ئەگەر دیلی سەرچاوە فۆتۆگرافییەکە بێ واتە هیچ هونەری نەنواندووە، بەڵام من بەش بە حاڵی خۆم لەچەند حاڵەتێکی زۆر کەمدا بۆ نموونە کە نەمتوانیبێ ستاند بۆ دیمەنێکی سروشتی دابنێم، لەوانەیە نەمتوانیبێ لەو جێگەدا بمێنمەوە، بەڵام زاڵ بووم لەسەر سەرچاوەکەو خستوومەتە خزمەتی کار هێڵکارییەکەوە.

**ماجید نوری: لە هونەری میناتۆردا جار هەبووە لە کونە دەرزییەکدا شارلی شاپڵن دروستکراوە، یان لەسەر دەنکە گەنمێ کۆشکی کرملن دروستکراوە، یان لە تاڵی مووی سەری منداڵێکی تازە لەدایک بوو تێکی گیتار... تاد..**

محەمەد عارف: سەبارەت بە هونەری میناتۆر کەواتای هونەری بچکۆلە کراوەیە وەختێ خۆی لەداستان و کتێبە ئایینییەکان بەکاردەهات بە ناوبانگترینیان میناتۆری ئیسلامییە، یەحیا بن



هەواڵنامەی کتێب

مەحمود واستی ٩٩ میناتۆری دروست کردووە، بۆ بەشێک لە بەرهەمە کلاسیکییەکان باشترینیان لە مەکتەبەی لینینگراد لە ئەرمیتاج پارێزراوە، ئەو ئەمیتاجەی دوو ملیۆن و نیو شاکاری تێدایە، ئەو میناتۆرەم پێ جوانە کە بینەر بەبێ ماندووبوون چێژی لێ ببینێ، بەڵام من بێم بەعەدەسە لە دەنکە گەنمێ بڕوانم، لەوانەیە غەڵەتیش بم رام لەسەر ئەو جۆرە هونەرە نییە، هونەرێکم دەوێ بەچاو ببینم و چاو و رۆحی خۆم تێر بکەم و نەشئە بەخش بێ.

**سەرچاوە**

**گۆڤاری هەرێمی کوردستان ژمارە (٥٣٠) ڕۆژی ٢٠٠٩/١١/٣**

هەواڵنامەی کتێب







هەواڵنامەی کتێب

# رەگەزی کورد لەکارەکانی (محەمەد عارف)دا

نووسینی : ئیبراهیم حەمە رەش

هەواڵنامەی کتێب

محەمەد عارف هونەرمەندی ناسراوی کورد لە میانی کارەکانیدا بە کوردستانی بەرفراواندا دەگەڕێ، بەهۆیەوە چیرۆکی ئەو مرۆڤە دەگەڕێتەوە کە هەزاران ساڵە هۆگری ئەم داروو بەردە بووە، لەگەڵ ئەوەشدا محەمەد عارف لەڕێگای تێڕوانینی خۆی بۆ جوانی و لە مرۆڤی کورد ڕادەمێنێ، چونکە هونەرمەند لە هونەرەکەیدا بەر لەهەموو شتێک هێنانە کایەی جوانی مەبەستە، چەکەرەکردنی مەفهومی ئەم جوانیەش بۆ کۆمەڵێ هەلوومەرجی تایبەتی دەگەڕێتەوە.

ئەگەر بۆ ئەوە بچین جوانی لای محەمەد عارف پەیوەندییەکی بەهێزی بە مەفهومی جوانی لای سۆمەرییەکان هەیە زێدەڕۆیی ناکەین، بەڵام با پێشەکییەک بۆ دەربڕینی ئەم ڕایە دابنێین.

«ماوەیەکە مێژوونووسان هەستیان بە جیاوازی بنچینەیی کردووە لەنێوان پاشماوە هونەرییەکانی سۆمەرو ئەو شارستانیەتیانەی هاوچاخی ئەو بوون یان بە ماوەیەک دوای ئەوان هاتوون، ئەم جیاوازییەش هەست بە جوانی کردنە لەلایەن هەردوولاوە، سۆمەرییەکان لەکاتی درووستکردنی وێنەی مرۆڤ گەرەکیان بووە ئەو مرۆڤە وەکو هێمایەک پیشان بدەن، بەپێچەوانەی ئەکەدییەکانەوە کە لەگەڵ ئەوەی دوای سۆمەرییەکانیشەوە هاتوون و لەوان فێری پەیکەرتاشی بوون، بەڵام لای ئەوان مانایەکی دی هەبووە، هونەرمەندی سۆمەری بە شێوەیەکی تەجریدی تەماشای مرۆڤی کردوە، ئادگاری مرۆڤی شێواندووە، خۆی بە وردەکاری خەریک نەکردووە، هەر ئەمانەشن وایان کردووە نرخی هونەری بەرهەمی سۆمەری لە هەموو ئەو بەرهەمانە پتر بێت کە هاوچاخی ئەون و لەشێوازی دەربڕین و گوزارەدا هونەر نییە خۆی لە قەرە بدات ».

کاتێک ئاین لەلای سۆمەرییەکان سەریهەڵدا، هەڵگرانی بیروباوەڕی نوێ تووشی ئازارو شەکەنجە هاتن، شێوەو جوڵانەوەی دەستی پەیکەرەکانی سۆمەری گەواهی بۆ ئەم ڕایە دەدەن.

لەو بارووددۆخە نوێیەدا مەفهومێک چەکەرەی کردو ماوەیەکی زۆر مایەوە، ئەویش ئەگەر سوربن و خۆڕاگربن بەرامبەر ئەوانەی دژی بیری نوێ ڕادەوەستن، لەدواییدا بەرهەمی ئەم خۆڕاگرتنە دەخۆین و خێرو خۆشیان دێتە ناو، جا هەر بەرهەمێکی هونەری ڕەنگدانەوەی ئەم مەفهوومە بێت لایان جوان بووە (١) ئەم بیروورایانەی سەرەوە دەتوانرێت کتوومت بەبەر کەڤاڵەکانی محەمەد عارف دا بکەین، ئەگەر ئایین بەرامبەر مەسەلەیەک دابنێین، کە ئەمەشیان هەر بیرووڕایەکی سۆمەرییە.

لە کەڤاڵی وەکو (ڕۆژئاوابوون–ئێستا لە بنکەی سەدامی هونەرییە لە بەغدا)، (فانۆس، سێکوچکەی قەڵای دمدم– مۆزەخانەی هونەری ئیتاڵیا) ئەم بیرووباوەڕە سۆمەرییانە بە ئاشکرا دیارن، لە هەرسێ بەشەکەی سێکۆچکەی دمددمدا پیاوەکان لە بیرکردنەوەدان، غەمبارن بەڵام ناگرین،

بەڵکو تەگبیر دەکەن، شەڕ دەکەن، گیان دەبەخشن، لە کاتێکدا خان بڕیاری شەڕ دەدا، (بەشی یەکەمی نیگارەکە) هونەرمەند زۆر شارەزایانە ئەو بڕیارە لە کارە هونەرییەکەیدا بەرجەستە دەکات، بەوەی خان دەستی ڕاستی بەهێز دەخاتە سەر دەسکی خەنجەرەکەی بەر پشتی، ئەمە نەریتێکی کوردە، هونەرمەند تا ئەو ڕادە لە میللەتەکەی گەیشتووە.

لایەنێکی تری بەیەکچوونی مەفهوومی جوانی لای محەمەد عارف و سۆمەرییەکان تێکدانی ئادگاری مرۆڤ و ئەو هێمنییەیە کە باڵی بەسەر کەڤاڵەکەدا کێشاوە.

بەر لەئێستا گوتمان هونەرمەندی سۆمەری ویستوێتی ئادگاری مرۆڤ بشێوێنێ، بەمە مرۆڤی کردۆتە هێمای بیروورایەک کە بڕوای پێ هەبووە، ئەم شێوازە لەلای محەمەد عارف بە باڵاکردنی باڵای مرۆڤ دەکەوێتەوە، ئەو زمانەی تاکو ئێستا بۆتە یەکێک لە تایبەتە دیارەکانی بەرهەمەکانی محەمەد عارف.

ئەو باڵاکردنە ئەوەندە بە خۆشەویستی ئەنجامدراوە تەنانەت لەو موتیڤانەش ڕەچاوکراوە کە لە حەفتاکان هونەرمەند بۆ گۆڤاری (بەیان)ی دەکردن، لە ئاکامی ئەو باڵاکردنەدا لەهەندێ کەڤاڵدا مرۆڤەکان تەنیا سەریان بەبەر ڕووبەری کانڤاسەکە دەکەوێت، یان بناغەی کەڤاڵەکەش درێژو باریک دەکاتەوە (بەرگی دووەمی گۆڤاری کاروان- ژ- ٦٣).

هەرچی دەربارەی ئەو هێمنییەش کە باڵی بەسەر بەرهەمەکانیدا کێشاوە، ئەوا ئاکامی غەیب بوونەوەو سۆفیگەری کەسەکانە، ئەم دوو سیفاتەی بە ئاشکرا هونەری سۆمەری پێ جیادەکرێتەوە، پەیکەری شاژنی وەرکا (٣٠٠٠-٥٠٠٠ پ.ز) کە ئافرەتێکی غەمگین و هێمن و شکۆمەندە، بە سەرەتای دەستپێکردنی گوزارەو دەربڕین دادەنرێت لە هونەردا، بە ئاسانی دەتوانرێت لە ڕووی مرۆڤەکانی محەمەد عارف بەراوورد بکرێت و سیفاتی هاوبەشیان تێدا دەستنیشان بکرێت، کە دیارترینیان تەئەمولیەتی کەسەکانە، ئەم سیفاتەی کارەکانی محەمەد عارف تەنانەت لەو کەڤاڵانەشدا هەیە کە لە باری ئاسایی دەبوایە ئەوپەڕی جووڵانەوە پیشان بدەن، ئەو مرۆڤانەی لە دامێنی گوندێکی دامێنی چیایەک شانیان لەیەک خستووەو شایی دەگێڕن، ڕەمزی یەکێتییەکی پتەون- لەلایەک بارستاییەکی پتەووکران پێکدێنن، لەلایەکی ترەوە بارستایی ڕەنگێکی تۆخ پێکدێنن بەنیسبەت بنەبانێکی کاڵ، ئەو ڕەمزییەتەی کە لایەنێکی بەرزی بەرهەمەکانی محەمەد عارفە، لێرەدا بە تایبەتی مەبەستمان ئەو ڕەمزە نییە کە بە SYMBO ناو دەبرێت و مەبەستی بەکارهێنانی ڕەمزی ئاشکرای وەکو کۆترو ئەسپە، ئەمە شتێکی دییە، بەڵکو مەبەست ئەو ڕەمزەیە کە لە ناوەوەی کەڤاڵەکە هەڵدەقوڵێت، ئەو ڕەمزە

هەواڵنامەی کتێب

گۆگانیەی (٢) کە گوزارە لە هەقیقەتێک دەکات و لەبەر پێنج هەستی ئاشکرای مرۆڤ دیار نییە.

بەڵکو بەدڵخەبەردان نەبێ هەستی پێناکرێت، لێرەدا مرۆڤ وەکو ڕەمزێک لە لەدەوروبەرێک دەردەکەوێت، ڕەمزێک بۆ تێکۆشان لە پێناوی مانیدا، ڕەمزێک بۆ هیوا، بۆ خۆشەویستی.

خۆشەویستی جەمسەرێکی تەوەرەی هونەری محەمەد عارفە، خۆشەویستی لەلای محەمەد عارف سێکوچکەیەکی پێکهێناوە، خۆشەویستی لەنێوان کەسەکان و دەورووبەریان، جا خۆشەویستی هونەرمەند بۆ هەر دوو خۆشەویستییەکە، مرۆڤەکانی محەمەد عارف کە فیگۆری سەرەکی کارەکانی محەمەد عارف-ن بە ووردی چارەسەرکراوون کە شارەزایی محەمەد عارف دەردەخەن لەبواری ناسیندا، لووتیان درێژ کولەو قۆقزە، سمێڵیان گەورەیە، برۆیان ئەستورە، چاویشیان ڕەش و تیژە (٣)، کە ئەم ئاگادارانە ئادگاری ئینسانی کوردن.

محەمەد عارف، گوندێک لەدامێنی چیایەک، ڕووداوێکیش لە دامێنی گوندەکە بەرجەستە دەکا، لە ڕوانگەی ئەم ڕووداوەوە سەیری مرۆڤ و دەوروبەرو پەیوەندیان بەیەکەوە دەکات، ڕەنگە بابەتی ئەم ڕووداوە بە ڕواڵەت شتێکی ئاسایی بێت، بەڵام مرۆڤ وەکو هێزێکی کاریگەری گەورە بەرامبەر سروشت دەردەخات.

سروشت لەبەرهەمەکانی محەمەد عارف بە ناخی ئەو مرۆڤە ئاشنا دەکات کە لەو سروشتەدا دەژی، بەمە هونەرمەند شێوازی خۆی لە هونەری ڕیالیزمی خانەدان خۆی واتەنی پەیرەو دەکات.

**ژێدەر**

١- ئەوەی دەربارەی هونەری سۆمەری گوتمان، لەو دوو وتارە وەرمانگرتووە

أ- فوزي رشيد، اثر المجتمع في تكوين القيم الجمالية في سومر و اكد، گۆڤاری (فنون عربيه) ژ ١، لەندەن ١٩٨١.

ب- فيرونيكا افاناسيف، افريز المتصارعين نموذج من الفن التشكيلي السومري، گۆڤاری (فنون عربية) ژمارە ٢، لەندەن ١٩٨٢.

٢- مەبەست لەهونەرمەندی فەرەنسی گۆگانە.

٣- مینورسکی، کورد، بەغدا، ١٩٨٤، ل ٧٨.

**سەرچاوە**

**ڕۆژنامەی برایەتی ژمارە (١٨٠٠)ی ١٩٩٣/١١/٢٠**

# محەمەد عارف

## هونەرمەندێ ژینگەو کەلەپورە

تاریق کارێزێ

هەوالنامەی کتێب

بۆ گەڵاڵەکردنی سەرەتایەکی مکوم بۆ ڕەخنەو مێژووی شێوەکاریمان، بەسەرکردنەوەی دەستەی یەکەمی هونەرمەندانی شێوەکار هەنگاوێکی بنچینەییە، محەمەد عارفی هونەرمەند نەک هەر بە تەمەن لە ڕیزی دەستەی یەکەمی شێوەکارە کوردەکانەوە، بەڵکو زۆر چالاکانەش لە خەملاندنی سیماو مۆرکی هونەریی ئەم دەستەیە بەشداربووە کە پێموایە (دەستەی پێشەنگەکانی شێوەکاری کوردی) باشترین و لەبارترین ناوە بۆیان.

ژینگەو کەلەپووری کوردی جغزی کارەکانی محەمەد عارف پێک دەهێنن، لە ژینگەوە بەرەو کەلەپوور چووە، ئەم زاتە بەوەی کەلە دەستەی یەکەمی هونەرمەندانمانە، سەرەتا وەکو قوتابییەکی هونەر بەرهەمە کلاسیکییەکانی هونەرمەندانی ڕێنساسی ئەوروپا زۆر کاریان لێ کردووەو لەبەر ڕۆشنایی ئەم کارتێکردنە کاتێک لە ژینگەوە بەرەو کەلەپوور ڕۆشتووە، پەنای بردۆتە بەر لاپەڕە پڕ شکۆکەکانی مێژووی کورد ڕێک بەرامبەر بە سەدە ناوەنجییەکانی ئەوروپا دەوەستێت و کوردیش چەشنی زۆربەی نەتەوەکانی ڕۆژهەڵات لەبواری هونەری شێوەکاریدا هەژارە.

بۆیە ئەرک لەوە پیرۆز تر نەبووە کە هونەرمەند پڕۆژەی ژیانی هونەریی خۆی لەسەر ئەو ڕێچکەیە بڕیار بدات، کە دەبێ بەشدار بێت لە دروستکردنی کەلەپوورێکی هونەری بۆ گەلەکەی، ئەم کەلەپوورەشی ببێتە پانتاییەک بۆ بەدیارخستنی سیماو مۆرکە تایبەتییەکانی نەتەوەو بەو شێوەیەی بۆشایی نێو مێژوو نەهێڵی و کەلەبەری نێو دنیای کەلەپوور پڕبکاتەوە، خۆ ئەم شتەش گەرچی بەهانەیەکی بەهێزی دایە دەست هونەرمەند لەهەمانکاتدا باشترین زەمینەی خوڵقاند بۆ ئەوەی بتوانێ ڕەنگەکانی ژینگەی کورد هەڵچینێت و گوزارە لە فۆلکلۆرو ژیانی کۆمەڵایەتیی نەتەوە بگوازێتەوە بۆ سەر کەڤاڵەکانی.

محەمەد عارف لەچڕ ئەندێشەکانی ژیانی منداڵی و ڕێوڕەسمی هونەرمەندە مەزنەکانی کلاسیک دەربازبوونی ئەستەمە، لەبەر ئەوەی هونەرمەندانمان تووشی ژیانی غەریبی هاتووەو لە دەرەوەی کوردستاندا سەردەمێکی ژیانی بەسەربردووە، سۆزی خۆشەویستییەکەی بەرامبەر کوردستان هەمیشە هەستی ئەوەمان لە پرۆسەی کارکردندا بەرەو بیرگەو نەستی خودی خۆی بردووە.

نەست و گوزارە لە کۆ بیری کەڵەکە بووی دەیان نەوە دەکات و بیرگەی مرۆڤێکی هونەرمەند باشترین بواری چالاک و بە پیتی بۆ زەمانی ژیانی منداڵیی دەگەڕێتەوە، بۆیە دەبینین لە پاش دوو کارەساتی ڕاپەڕین و کۆڕەوی ١٩٩١، محەمەد عارف گەرچی لەنێو جەرگەی ڕووداوەکانیشدا ژیاوە، گەرچی هێشتا ئەم کارەساتانە کاریان لە ڕەوت و ڕێچکەی هونەرەکەی نەکردووەو لە (پێشانگەی

٣٠ هونەرمەندی کورد)دا لە هەولێر کۆتایی ساڵی ١٩٩٢ تابلۆیەکی شاری هەولێری کێشاوە (تاشی... لە ساڵی ١٩٣٠) واتا ئەو هەموو هەراو جەنجاڵییە جیهانی هەژاندوو، جیهانە هێمنەکەی هونەری محەمەد عارفیان نەشڵەژاندو، نەک لەبەر ئەوەی هونەرمەند هەستی بەستەڵەک ئاسا ڕەق هەڵاتووە، سەدحاشا لەم شتە، بەڵکو ڕێورەسمی کارکردنی هونەرمەند لە مەودایەکی پیرۆزو مکومدا بەر قەرار بووەو پەرژینی دنیای پیرۆزی هونەرەکەی هیچ شتێک نییە بیبەزێنێ! وەکو کە (عەزیز سەلیم) کاتێک گوزارەی لە کۆرەوەکەی ١٩٩١ کردووە، بەڵام بەبێ ئەوەی شێوازی خۆی بەلا بنێ، بەڵکو خەڵکی هەڵاتووی ڕێچکە گرتووی ڕیز بەستووی نیو دۆڵ و چیاو لاپاڵەکان بوونەتە فیگەرێکی دیکەی کەڤاڵەکانی و لەسەرجەم پێکهاتەکاتی تابلۆدا تواوەتەوە لە تەک کارەکانی دیکەی (پیر عەزیز) هیچ گۆرانێکی دیار یا نەگونجاوییەکیان لێ نەکەوتۆتەوە، یا هونەرمەند (عەلی لەتیف) کە هەر سەر بە لیستی پێشەنگەکانە لە کەڤاڵێکیدا لەهەمان پیشانگەی (٣٠) هونەرمەند، دیاردەی کۆرەو بۆتە بەشێکی تەباو گونجاو لەگەڵ فۆرم و ئیستاتیکای کەڤاڵ و لە خواستنی ناوەرۆکیش هیچ گرفتێکی بەرپا نەکردووە.

محەمەد عارف هونەرمەندی کەلەپوورو مێژووە، مێژووش وەکو کەسانی ناودارو ڕووداوی مەزن و کاریگەر دێنە ئاراوە، بەڵام لەڕووی خستنە کارو بەرهەمهێنانی هونەرییەوە کەلەپور تەنیا فاکتەری دەربڕینە لەلای محەمەد عارف، کەلەپووریش بەزۆری لەگەڵ ژینگەدا جووت بووەو بۆتە مایەی ئەوەی ڕەنگەکانی سروشتی کوردستان و دنیای کوردەواری بەسەر بکاتەوە.

**سەرچاوە:**

**ڕۆژنامەی برایەتی ژمارە (١٥٩٦) ڕۆژی ١٩٩٣/٣/١٥**

هەولێرنامەی کتێب

هەواڵنامەی کتێب

هەواڵنامەی کتێب











هەواڵنامەی کتێب







# محمد عارف

- ١٩٣٧ ولد في رواندوز بمحافظة اربيل-كردستان العراق
- ١٩٥٦ دبلوم معهد الفنون الجميلة/بغداد
- ١٩٦٧ ماجستير اكاديمية الفنون الجميلة بدرجة إمتياز/موسكو
- ٢٠٠٤ دكتوراه في فلسفة الفن بدرجة إمتياز/جامعة صلاح الدين في اربيل
- ٢٠٠٤ مؤسس كلية الفنون الجميلة في اربيل
- عمل مدرساً للفن في معهد الفنون الجميلة والتطبيقية وأكاديمية الفنون الجميلة في بغداد وبابل،وأستاذاً مساعداً(كلية الهندسة-القسم المعماري) وأستاذاً في جامعة صلاح الدين، وعميداً لكلية الفنون الجميلة بجامعة صلاح الدين،وهوالآن أستاذ في الكلية نفسها.
- ٢٠٠١- حاز على جائزة الدولة للإبداع الفني عن معرضه الإستعادي(١٩٦١-٢٠٠١)
- عضو جماعة بغداد للفن الحديث
- عضو جمعية الفنانين التشكيليين العراقيين
- عضو نقابة الفنانين العراقيين
- عضو رابطة الفنانين العالميين(يونسكو-باريس) منذ ١٩٧٤

## المعارض الشخصية

- (١٩٦١-١٩٦٧)ثلاثة معارض في الإتحاد السوفياتي
- ١٩٧١ الرابع/قاعة المتحف الوطني للفن الحديث- بغداد
- ١٩٧٦ الخامس/قاعة جمعية الثقافة الكردية-بغداد
- ١٩٧٧ السادس/في اربيل
- ١٩٧٩ السابع/قاعة المتحف الوطني للفن الحديث-بغداد
- ١٩٨١ الثامن(إنطباعات عن العالم/١٩٦١-١٩٨١)/قاعة الرواق-بغداد
- ١٩٨٤ التاسع الشامل(١٩٦١-١٩٨٤)/قاعة المتحف الوطني للفن الحديث-بغداد
- ١٩٨٩ العاشر(سيمفونية الجبال)/قاعة الرواق-بغداد
- ١٩٩٢ الحادي عشر الشامل(سيمفونية الفن/١٩٦١-١٩٩٢)/قاعة ميديا-اربيل
- ١٩٩٨ الثاني عشرالشامل(عاشق كردستان)/قاعة ميديا-اربيل
- ١٩٩٩ الثالث عشر(كردستاني أنا)/قاعة المتحف-السليمانية
- ٢٠٠١ الرابع عشر(الإستعادي)/قاعة المتحف الوطني-بغداد

**المعارض الجماعية**

- ◈ إشترك منذ ١٩٦٩ في أكثرية المعارض الوطنية داخل العراق،ومعارض الفن العراقي المعاصر في الخارج،منها في:الكويت،قطر،البحرين،لبنان،الجزائر،سوريا،المغرب،تونس،الإتحاد السوفياتي،المانيا الديمقراطية،المانية الغربية،إنكَلترا،فرنسا،ايران،والترينالي العالمي في الهند.
- ◈ للفنان محمد عارف محترف-غاليري شخصي على شاكلة سرداب كبير ،تبلغ مساحته نحو مائتي متر مربع،يضم أكثر من ٥٠٠لوحة وتخطيط.
- ◈ توزعت العشرات من لوحاته المقتناة على المتاحف الفنية في العالم والمجموعات الشخصية.
- ◈ فقد ٢٤ لوحة من لوحاته المقتناة من قبل المتحف الوطني للفن الحديث في معمعمة إجتياح بغداد وانهيار النظام الفشي الدكتاتوري في نيسان٢٠٠٢
- ◈ أعماله المؤلفة بالعربية والكردية والمترجمة عن الروسية إلى كلتيهما:
- ◈ فن الرسم اليدوي/تاليف بالعربية/١٩٨٠
- ◈ مايكل انجلو/ترجمة إلى الكردية/١٩٨١
- ◈ بول كَوكَان/ترجمة إلى العربية/١٩٨٢
- ◈ ديلاكروا/ترجمة إلى الكردية/١٩٨٣
- ◈ ميليه/ترجمة إلى الكردية/١٩٨٥
- ◈ روبنس/ترجمة إلى الكردية/١٩٨٦
- ◈ فن التخطيط/تاليف بالكردية/١٩٨٩
- ◈ الفنان محمد عارف/إعداد باللغات:الكردية والعربية والإنكَليزية/١٩٩٠
- ◈ مباديء الفن الأكاديمي/ترجمة إلى الكردية/١٩٩٤
- ◈ ثلاثة فنانين عالميين/ترجمة إلى الكردية/٢٠٠٠
- ◈ مع اللوحات العالمية الخالدة/تاليف بالكردية/٢٠٠١
- ◈ كاتيا كولفيج فنانة الكَرافيك الخالدة/تاليف بالكردية/٢٠٠٢
- ◈ الطفل في الفن العالمي/تاليف بالكردية/٢٠٠٥
- ◈ نكَر رائد الفن الأكاديمي الفرنسي/تاليف بالكردية/٢٠٠٥
- ◈ خزائن الفن/ تاليف بالكردية/٢٠٠٦
- ◈ جماليات الطبيعة في كردستان العراق وأثرها في الرسم العراقي المعاصر(أطروحة دكتوراه)/تاليف بالعربية/٢٠٠٦
- ◈ الفن العراقي المعاصر/ترجمة إلى الكردية/٢٠٠٧
- ◈ أربعة فنانين عالميين/ترجمة عن الروسية وإعداد بالكردية/٢٠٠٧
- ◈ وله تسعة كتب مخطوطة جاهزة للطبع.

هەولێنامەی کتێب



# محمد عارف

## المولع بالأساطير ينسج نصوصه بمشفرات الطبيعة
## انبعاث الإنسان في مصير تشكيلي مغاير

هەولێرماموستا كتێب

عادل كامل

محمد عارف كان يتساءل: إلي أين يسير الفن أو قد كتب (بلانشو) في تلك السنوات«أنه يسير نحو ذاته. وهو يصنف محدداً أي نحو ماهيته التي هي اختفاؤه» وهو الحكم الذي ينسجم مع اتجاهات فلسفية أوربية كما عند (هيدجر) و(فوكو) وأفكار ما بعد البنيوية: موت الإنسان.. وهو الذي دفع بالفن نحو مناطق بالغة الاختلاف مع التراث الأوربي نفسه. فقد قلب بيكاسو ـ مع براك ـ مفاهيم خمسة قرون من الرسم .. فبعد (التكعيبية) صار الفن يتوقف عند العلامات.. وهي نتيجة كونتها البيئة الأوربية. وقد تأمل عارف هذا المسار.. ولم يختر منه، إلا المجال المناسب لفن تتوازن فيه الغايات بالوسائل. وعندما لم يلغ الفنان البعد الاجتماعي، فأنه لم يكن يفكر بإلغاء الحداثة الأوربية.. ولكنه لم يجد فيها، ولادة طبيعة. لقد أختار الأصول التي رسختها العبقرية البشرية في كل مكان، ومنذ أقدم الأشكال النحتية الفخارية العراقية التي تعود إلي مائة ألف سنة: حيث صنعت البيئة عبر الفنان، علاماتها. هذا الوعي منح الفنان وعيا لتفحص عناصر أسلوبه ومكوناته. فهو لم يكن أوربيا، في واقعيته، لأن الواقعية، حتي في خصائصها الأسلوبية المكانية والزمنية، كانت شاملة الأبعاد. كما انه لم يكن يتقاطع مع الواقعية الأوربية، حيث كانت ـ ومازالت ـ تمتلك أسرارها العميقة. فقد رسخ الفنان، في هذا البحث، مفهوم التراث الحر.. التراث الذي هو ملك الإبداع العالمي، شرط أن لا يكون عاملا علي وجود تراث يفتقد إلي خصائصه، وهويته الإبداعية. فالتناص ـ كما سنري ـ جعل محمد عارف يدرس الواقعية، في أصولها الأكاديمية. أي التمسك بمفهوم المحاكاة، والحرفة في سياق الواقعية. أما الأساليب التي ظهرت، في ستينيات القرن العشرين، في بغداد، فإنها كانت تنحاز إلي المصير المغاير لمفهوم انبعاث الإنسان. فالفنان شخّص جوهر الصراع بين حضارة أوربية ـ وغربية أمريكية بعد ذلك زاحفة..بعيداً عن مفهوم الحضارات الذي بشرت بها الحضارات الشرقية..وبين شعوب مازالت تتمتع بسبات عميق ومؤلم. شخّص عارف هذا الاختلاف، لكي يختار واقعيته، كخطاب مغاير للخطاب الأوربي، بل تمسك بالإرادة الحرة للبيئة.. الأمر الذي جعله متطابقا مع الطبيعة، والجذور والأساطير، لان واقعيته كانت ترسم ملامحها النموذجية..وهو الذي جعله أمينا لها. فقد كان مفهوم الإنسان يشتغل داخل ذاكرته، وعبر خطابه الواقعي، مع تنويعات لهذا الخطاب. وقد لا يجد المشاهد الأوربي، في هذا الفن إلا عودة إلي أزمنه سابقة، والي مفاهيم لم يعد يراها تناسب زمنه وعصر ما بعد التصنيع. لكن الفنان الشرقي، هو الآخر لم يعد يمجد عصر (موت الإنسان) ولا عصر فخاخ العولمة أو عصر القرية وقد فقدت خصائصها، وتنويعاتها الجمالية. أن محمد عارف قد يرجعنا إلي فن الكهوف وفنون الشعوب ما قبل الكتابية.. والي أزمنة نشوء الحضارة في وادي الرافدين ومصر والشرق.. وهو اختيار لا رهان عليه..لان الفنان كان يتمسك بجذوره الحضارية.. ولم ينسلخ عن بيئته.. وفي الأخير جاء بحثه متصلا بمثاله الواقعي خلال مرحلة تميزت ـ ومازالت

ـ بصراع الأضداد.. فالفن الذي تحركه الضرورة، هو الأكثر صلة بالحرية الاجتماعية والذاتية وقد كتب (أرنست فيشر في كتابه : ضرورة الفن ) الكلمات التالية (..الشعر ضرورة.. وآه لو اعرف لماذا ) بهذه العبارة الرقيقة عبر جان كوكتو عن ضرورة الفن، وعبر في الوقت نفسه عن الحيرة إزاء دور الفن في العالم البرجوازي المعاصر وقد يبدو هذا النص عتيقا ولكن فيشر يلقي الضوء علي مفهوم موت الإنسان، وبكلمات الفنان الهولندي ( بيتر موندريان ) حين قال الأخير « أن الفن سيختفي عندما تصل الحياة إلي درجة أعلي من التوازن « لان الفن يمكن أن يختفي وان الواقع سوف يحل بالتدريج محل الفن إذ لم يكن الفن في جوهره إلا تعويضا عن انعدام التوازن في الواقع الراهن، ولكن الفن لم يختفي حتي في أوربا.. فلماذا يغدو المثال (الأوربي) نموذجاً بعد أن شكل التنوّع المبدأ الأكثر غني للخطاب الفني في جدليته الواقعية.

## فضاء الطبيعة والمركز

لا ينظر الباحث إلي تيار محدد باعتباره النموذج الأخير، فالتنوع الأسلوبي لا يعترف بالتعددية في اغناء المشهد الحضاري فحسب، بل لان المنجز الإبداعي لن يتوقف عند نهاية أخيرة. وقد شكلت الطبيعة المصدر الأول لموضوعات الفنان، منذ ان تبلورت سمات الأثر بصفته ينتمي إلي الدافع الجمالي، وإذا ما أجرينا تحليلا للاختلاف والقطيعة وما يحصل لمتغيرات الأساليب، اندثارها أو تطورها أو محافظتها علي دورها في الهامش، فإننا تبعا لعوامل لا تحصي نبرر أحكامنا وتصوراتنا. فالنقد الأوربي في نهاية القرن العشرين الذي لا يغادر حدود النص وعناصره يغفل الاختلاف الكبير في خصائص الشعوب، وقد تكون موضوعات الطبيعة اقل أهمية بعد الحديث المتواصل عن موت (الإنسان) نفسه، ولكن عزل الرائي عن مكوناته، وبضمنها الأبعاد اللا مرئية، وغير الميتافيزيقية طبعا، تمنح الفن بعداً أحاديا في المعالجة، والفنان محمد عارف الذي ينتمي إلي الشرق يتمسك بعمق عفويته في المعرفة البصرية فهو لم يستنسخ ولم يحاكي ولم يقلد النصوص السابقة ولا الحديثة.. كما انه ليس تعبيريا خالصا ولا انطباعيا.. لأنه أدرك بعد ان تفحص آليات عمله وملكته الفنية والتعرف علي خلخلة العلاقة بين الذات والعالم، والتوقف عند مآثر الفن، بكلمات الناقد الروسي (بوريس بورسوف) تلك التي تمكن (بالضبط في تثبيت القيم الدائمة لكل ما هو زائل) دفعت بمحمد عارف، ليتمسك بما سيشكل قاعدة عمل. انه سيعيد صياغة موقفه بضرب من الاحترام العميق، والجدية. لأن الفنان وبحسب كلمات أنطوان تشيخوف لا يعني بحل المسائل بقدر ما يعني بطرحها. و كتعديل شكلي لرؤية تشيخوف (الفنان) فان الأسلوب، الخطاب، يشكل أهمية خاصة، فقد

هدية الأمهوي كثير

لا تكون الطبيعة هي المركز ولكنها لن تصبح فضاء خارج الذات الإبداعية، وتاريخ الرسم العالمي، يقدم نماذجه الغنية بتنوع لا يتوقف عند أسلوب أخير. وبعيداً عن المعرفة النظرية إذا جاز لنا ذلك ستتبلور الأساليب بعوامل ثلاثة عامة: الطبيعة كموضوع، كفضاء، كمركز.. وكتقليد راسخ في الخبرة الفنية. وحساسية الرسام، واستجابته لها.. مهارته في إعادة صياغة البعد الرمزي أو الجمالي أو الأسطوري، جعلها عاملاً مساعدا لقضايا المركز داخل النص الجديد، فضلا عن المعرفة. وان كان أفلاطون قد أبعدها عن الفن الذي له أثره في التفكيك والتحليل ودراسة المجال النفسي والاجتماعي.. أي هناك: الموضوع/ الذات/ والنص.

والفنان محمد عارف، لم يغفل أهمية الموضوع، الطبيعة الخالصة، ومنحها أهمية المركز، في العمل الفني.. فقد رسم مئات النصوص الفنية لمختلف المشاهد المستمدة من الطبيعة، تلك التي تركت أثرها البصري ـ النفسي، منذ ولادته في راوندوز في اربيل عام (١٩٣٧).. مروراً بخبرته المكانية.. مع الطبيعة المتغيرة.. وأثرها في أسلوبه. لقد أثرت الطبيعة في بنية نصه الفني، علي صعيد التكوين ودراسة العناصر.. فضلا عن الغموض الكامن وراء البصريات. فالطبيعة تغدو عنده ـ أحياناً ـ حركة متناغمة مع الكون والفضاءات الكبري. فالطبيعة ليست مادة توثيقية أو جمالية أو محض علامات داخل اللوحة.. وإنما مازالت تمتلك قدرتها علي البث نحو الذات. سيعالج الطبيعة في مسار آخر خلفية لموضوعاته الأسطورية أو الشعبية أو الاجتماعية.. فالطبيعة تحافظ علي عناصرها الحية من الأشكال الأخري. وفي إطار الذات.. فان محمد عارف، يتحرر من المواقف الأحادية، أو الأخيرة، ان كانت تنتمي إلي الفلسفة المثالية أو المادية..لا بدافع المصالحة أو الترقيع..وإنما لجعل الصدق الفني يتوازن والمعرفة المكتسبة. وقد درس الفنان التجارب السابقة في رسم الطبيعة وتلذذ، بإعجاب بمختلف المدارس ان كانت شرقية أو غربية: تجارب الفنان الصيني أو الفرنسي.. الهندي أو الانكليزي، الفارسي أو الهولندي..الخ إنها تجارب أسهمت في صقل موهبته الشخصية، خاصة ان دراسته العليا جرت تحت توجهات واقعية في الاتحاد السوفيتي، في ستينيات القرن العشرين.. بمعني انه راح ينوع أسلوبه داخل الخطاب الواقعي، وفي هذه الفترة، في بغداد وبعد حزيران (١٩٦٧) ظهرت ملامح وتجارب انتقادية. حتي كادت الطبيعة ان تختفي في أكثر تجارب تلك المرحلة.. لكن محمد عارف، حتي نهاية حياته لم يكن يرسم الطبيعة بدافع البذخ، أو الترف.. وإنما وجد في الطبيعة وبخبرته الطويلة، مادة لم تنضب. ولعل العودة إلي الطبيعة عند الرسام العراقي قد جاءت كرد فعل أمام محاكاة النموذج الأوربي في التجريد.. وتكرار مفهوم الحداثة الغربية بعزل الإنسان بل بموته واستبعاد التشخيص والتحيز ـ بشكل عام ـ لهذا الاتجاه.. مع ذلك مازالت تجارب فائق حسن

وإبراهيم العبدلي ومحمد علي شاكر وخالد القصاب ونوري مصطفي بهجت مثار إعجاب، وقد تأملها محمد عارف.. وراح في ضوء حواره مع التجارب الأجنبية في الرسم، يختار نصه بتوازن مع البيئة والعناصر الحية في تراث الشعوب. كانت الطبيعة عنده تفصح عن امتداد بين المرئيات وخياله.. وبين جسده وعناصر الطبيعة في مسيرة (فنية) لاغناء البعد الجمالي كمضمون يقابل الاتجاهات الشكلية الخالصة. فمحمد عارف لم يهمل الأشكال الغربية في نضجها ـ داخل خطابها وحضارتها ـ ليبهر بها الأبصار.. بدوافع المناهج والأساليب الأوربية، صارت ـ كما هو حال استيراد البضائع المختلفة ـ مثار رغبات استهلاكية عامة. وهنا يكمن الفارق الذي يثير أسئلة دائمة: كيف يتأسس التوقيع داخل الخطاب ؟ ما معني الفن في مجاله المعاصر.. وهل سيستعين بعناصر مجاوره..؟ هل سيكرر المراحل السابقة، بموقف يتقاطع مع الهوية والخصائص البيئية.. الخ إننا وفي فاتحة الألفية الثالثة، مازلنا نبحث عن التوازن داخل النص، ذلك الذي يولد من تاريخ الفن والحضارة والذات بصفتها تبتعد عن مفهوم (السلعة). وقد يكون التمسك بما هو (خالد) محض وهم.. فالأشياء في الفضاء الكوني، وعبر مليارات السنوات الضوئية، في زوال، وانبعاث غير قابل للتكرار، ولكن ما يلفت النظر في الفن انه مازال، كجسد الإنسان ووعيه، يتبلور عبر تحديات دائمة، حيث الطبيعة لم تصر علامة فائضة. ان محمد عارف يكاد يكرر كلمات دستويفسكي (الجمال ينقذ العالم) حيث نفهم اليوم، ان الجمال لن ينفصل عن رؤية الفنان، ولا عن مكوناته الفلسفية. انه سيدخل في تكوين أساطيره داخل النص، لاستكمال منهجه الفني.

الف باء



# محمد عارف من منظور شمولي

شاكر حسن آل سعيد

يظل الفنان محمد عارف رائدا من رواد الفن التشخيصي الواقعي في العراق و من المجددين في طرح رؤاهم الفنية بما يفد عليهم من افكار و معطيات تكوينية و تنظيمية، و هو بين هذا و ذاك، اي بين ماهو عاكف عليه من رؤيا واقيعية شمولية و رؤي (او بالاحرى متغيرات رؤيوية) تقافية يبقى مبدعا و فذا في عمله الفني.

اذكر اني قدمته في احد معاضه الهامية، فكان مما لفت نظري و فتئذ مدى (حيه) للوطن الى حد التفاني، او معايشه فنه و موضوعه الي حد التيهان والشرود، فقد كان هاجسة الاول و مايزال مدى تشعبه الانساني (بهوية) الفنان الباحث، و لنقل مدى انعدام المسافات بين الانسان الغارق في همومه اليومية و الانسان المحتفظ برصيده الثقافي فهو كمن يعيش حياته في فنه و فنه في حياته، و من هذا المنطق نستطيع ان نقيم مشروعه الجديد في (سمفتة) اللوحة على حد قوله في معنى (سمفونية الجبال) و يخيل الي انه كان سيحقق (اسطورة) الفن من خلال المعرض بأسره لا اللوحة فحسب....واعني بذلك انه كان سيعيد (تنظيم) اللوحات باعتبارها (مفردات) من جملة ذات كلمات و عبارات.. و مثل هذا (النسق) يظل بالطبع هاجسا اسطوريا حيث يمتد فيه (الفكر الفني) خارج اطار اللوحة الى المعرض باسره و الواقع ان معريفتي بزميلي محمد عارف كصديق و فنان معاً تطلعني علي فحوى ذالك الصراع الداخلي الذي يحتدم في نفسه...صراع القيم الجمالية والابداعية في اطار البحث عن بنية للعمل الفني يستطيع بواسطتها ان يتجاوزها التقييمات الاكاديمية الى نتائج جديدة اكثر عمقاً و انتشارا مما اعتماد عليه.

ان واقيعية محمد عارف اذن ليست واقيعية (وقائعية) بمقدار ما هي واقيعية (واقيعية) او انها ذات نبر ثقافي يحتفظ هو لها باقل مجهود ممكن بتلك السحنة التشخيصية التي تتارجح مابين (الانطباعية) و (الواقيعية الجديدة) لكن الجديد في نظرته الواقعية هذه انه لم يعد ليوظف لها اللوحة فحسب بل نظام مجموعة اللوحات.

فمعناها اذن لايمكن في تلك المساحة الضيقة من السطح التصويري بل سوف يستغرق كل مساحة جدران القاعة، و هذا امر علي قدر عظيم من الاهمية، ذالك لانه فضلا عن اتاحته المجال للجمهور لكيما يتجاوز (مفاهيمه) القديمة عن معنى الفن (اعني مدى تقوقعه في عالم اللوحة فقط) فهو يتيح المجال له ايضا لكي ينسق ذهنيا ما بين الاعمال المعروضة، و يقارن بين البعض و البعض لكي يخرج بحصيلة جمالية عامة، بل و يحاول ان يتغلغل بين اجواء للاعمال نفسها مكتشفا (متعته) خارج حدود (لحظة الالتقاء بالسطح التصويري المرسوم، و لنقل ان الجمهور في معرض كمجرد اوراق مفرطة من كتاب بل منه سيطالع الكتاب باسره، و هنا يكمن معنى (السمفونية) في معرضه الراهن.

و مع ذالك فان مايغذي هذا المعنى ايضا هي تلك القيم الجمالية التي لابد انه سيلائم فيما بينها، اعني (التكرار، التماثل) او معنى التكوين الزخرفي ازاء التكوين العضوي الخ... من اعتبارات سوف تتواشح فيما بينها مؤلفة (ايقاعا) و نفحات تتكاثف من اجل ايصال الفكرة وهي في صيرورتها الزمنية لاالمكانية فحسب الى ذهن المشاهد.

وفي رأيي ان محمد عارف بما هو عليه من مزاج رومانسي و درامي معا قادر علي خوض مثل هذه المخاضة في المعرض الفني، ذالك انه بعد ان كان يضيفى على لوحه معنى (موضوعية السرد) او (موضوعية الوصف) اي باعتباره مؤلفا للموضوع الانساني في جانب و معبرا عنه من جانب اخر حتى ولو كان شكله للانساني (كمجرد منظر طبيعي)، فها هو الان يطرح لنا (صيغة) جديدة في استقصاء انسانيته هو، و هي صيغة لم تعد لتتسع لها تعد لتتسع لها حدود المساحة المستطيلة او المربعة مما يصلح ان يزين غرف الاستقبال، ذالك لانها ستصبح (صيغة) ذالك علاقة بالمحيط بالقاعة او الشارع او ربما المدينة او الطبيعة..و نحن نعرف ان مثل هذه (الصيغة) وجدت لها مسارب لدى كثير من الفنانين في العالم، من ذالك مثلا (هنري مور) النحات الذي استطاع ان ينحت اعمالا لاتصلح الا ان توضح على ربوات او سفوح التلال، و من ذالك ايضا معظم الاعمال النحتية الانصابية الموضوعة في الميادين و الساحات..لكننا الان ازاء صيغة لمعرض فني فحسب..و هي صيغة يحاول الفنان ان يتجاوز من خلالها معنى المعرض و اللوحة في ان واحد، و هذا هو الجديد في الامر.

و بعد فان الحديث عن محمد عارف يطول و يطول، و هو ان كان قد استكمل او كاد تمرسه بالرسم (كحالة) فردية في رسم اللوحة فها هو الان يطل علينا برؤية هي اوسع مدى من ان تستوعبها اللوحة لوحدها، و لعل من مضاعفات (صيغته) او مشروعه هذا ان تتسع مساحات اللوحات لديه ايضا، لكي تؤلف بذالك لذاتها محيطا بشكل او باخر.





هەواڵنامەی کتێب







هەواڵنامەی کتێب













هەواڵنامەی کتێب







هەواڵنامەی کتێب


















هەواڵنامەی کتێب













هەواڵنامەی کتێب


PROF. DR. MOHAMED ARIF
KURDISTAN
GRAPHICS
PART (1)
الفنان البروفيسور الدكتور
محمد عارف
الكرافيك
الكردستاني


PRINCIPLES OF ACADEMIC ART
مبادئ الفن الاكاديمي
ترجمه من الروسية
بروفيسور دكتور
محمد عارف
روستوفجيف


The Charming Nature In Iraqi Kurdistan
and
its Effect on The Iraqi Modern Painting
PROF . DR . M . ARIF
جوانی سروشت لە کوردستانی عێراق
و کاریگەری لە هونەری نیگارکێشانی
عێراقی هاوچەرخدا


PROF. DR. MOHAMED ARIF
INGRES
HAWLER 2005








چیکۆسلۆڤاکیا ـ براغ ١٩٥٩

مۆسکۆ **55 cm X 35 cm**


ARIF 63




چێشتخانەی (دونای العائم) لە پارکی مەکسیم گورگی ـ مۆسکۆ ١٩٦٤

**60 cm X 50 cm**




پاش باران ـ مۆسكۆ ١٩٦٤

**65 cm X 45 cm**


СССР
МУХАМЕД АРИФ 63




MOCKBA
MOSCOW



پاریس ١٩٧٨

بەغداد **60 cm X 50 cm**
















MOHAMED ARIF 2007



مادۆنای خەرەند ٢٠٠٩

**60 cm X 50 cm** هەولێر



سروشتی هێمنی فۆلکلۆر ١٩٧٧

**80 cm X 50 cm** بەغداد



پۆرترێتی سیامەند ١٩٧٦

بەغداد **97 cm X 71 cm**





له زنجیرەی کوردستانی من ١٩٩٧

هەولێر **40 cm X 25 cm**



له زنجیره‌ی ژوانی سوارچاک ١٩٩٧

هەولێر **40 cm X 40 cm**



یادی دڵدارییەکی پیرۆز ١٩٩٩

**60 cm X 60 cm** هەولێر



چیە دووی دوو نازدار ٢٠٠٥

هەولێر **70 cm X 50 cm**








گەڕانەوەی ئەسپەکانی بێ سوار ٢٠٠٢

**100 cm X 80 cm** هەولێر


هەواڵنامەی کتێب





لەدەشتی هەولێرەوە بەرەو چیا ٢٠٠٤

**80 cm X 60 cm** هەولێر






بەرلین ١٩٦٥

**60 cm X 40 cm** مۆسکۆ



کلێسای کارلۆ ـ ڤیەننا

**60 cm X 40 cm** مۆسکۆ




بڕیاری سیامەند ١٩٧١

بەغداد **35 cm X 30 cm**






لە زنجیرەی مەموزین ١٩٦٥

مۆسکۆ **55 cm X 35 cm**



پۆترێتی ناتاش بترۆڤنا ١٩٦٢

مۆسكۆ **90 cm X 70 cm**



شیرین (پێشکەشە بە هەموو خێزانی شەهیدان) ١٩٧٤

بەغداد **90 cm X 12 cm**



سروشتی هێمنی فۆلکلۆر ١٩٨٢

بەغداد **70 cm X 50 cm**



عاشقی رۆژ ١٩٩٧

هەولێر **70 cm X 50 cm**



سروشتی هێمنی فۆلکلۆر ١٩٩٧

هەولێر **70 cm X 50 cm**




گولاڵەسورەی بەهار ١٩٩٩

**40 cm X 28 cm** بەغداد





کچی میرو ترێی ڕەش میری ٢٠٠٨

هەولێر **80 cm X 60 cm**



گەشبینی لە کوردستان ٢٠٠٥

**80 cm X 60 cm** هەولێر



لەیادگارییەکانی رەواندز لەکاتی بەفر بارین دا ٢٠٠٤

بەغداد **65 cm X 45 cm**



یادگارییەکانی خێزانی کوردێکی راستەقینە (٣) ٢٠٠٠

هەولێر **100 cm X 60 cm**



میلۆدیای بنەفسجی ٢٠٠٢

**75 cm X 55 cm** هەولێر



جوانی فۆلکلۆر ١٩٨٩

**75 cm X 45 cm** هەولێر



له زنجیره ژوانی سوارچاک ١٩٩٦

**هەولێر 50 cm X 35 cm**




رەواندز (ژوان ٢) ٢٠٠٣

**45 cm X 35 cm** هەولێر




ئارایشتی کچی میر ٢٠٠٣

**80 cm X 60 cm** هەولێر




هەژاربوونی پیاوێکی خانەدان ٢٠٠٤

هەولێر **50 cm X 40 cm**




یادگارییەکی زانکۆی (پاتریس لۆمۆمبا) ٢٠٠٤

**35 cm X 30 cm** مۆسکۆ



سێو فرۆش ٢٠٠٠

هەولێر **100 cm X 60 cm**



یادگارییەکی کۆن لە پاشەکێی خەرەندی رەواندز ٢٠٠٩

هەولێر **60 cm X 50 cm**







یادگارەکانی پێشمەرگەیەکی راستەقینە (٦) ٢٠٠٤

هەولێر **75 cm X 60 cm**





محەمەد پاشای ڕەواندوزی ٢٠٠٩

هەولێر **80 cm X 60 cm**



بیرکردنەوە ئافرەتێکی جەنگاوەر ٢٠٠٨

هەولێر **80 cm X 60 cm**



هەواڵنامەی کتێب

لە زنجیرەی یادگارییەکانی پێشمەرگەیەکی راستەقینە (٢) ٢٠٠٤

هەولێر **90 cm X 70 cm**



دۆعای کچی شەهید ٢٠٠٤

**35 cm X 30 cm** هەولێر


بژی
کوردستان


نەورۆزە




هەواڵنامەی کتێب

پۆترێتی مەلا محەمەد جەلی زادە ١٩٩٣

هەولێر **70 cm X 50 cm**


هەواڵنامەی کتێب

پۆترێتی گۆران ١٩٩٥

**70 cm X 50 cm** هەولێر



پۆترێتی باوكی هونەرمەند ٢٠٠٢

هەولێر **40 cm X 30 cm**




MOHAMED ARIF
گیو موکریانی
چاپخانەی
KURDISTAN




MOHAMED ARIF 2000


MOHAMED DEIP
12. 9. 2002

- The Art of Drawing, written in Kurdish / 1989.
- Artist Mohammad Arif, preparation languages: Kurdish, Arabic and English / 1990.
- The principles of academic art, translation into Kurdish / 1994.
- Three international artists, translation into Kurdish / 2000.
- With the eternal and universal paintings, in Kurdish / 2001.
- Katia Caulfij the eternal graphic artist, in Kurdish / 2002.
- The child in the global art, in Kurdish / 2005.
- Ingres the leading French academic artist, in Kurdish / 2005.
- Art Stores, in Kurdish / 2006.
- The aesthetics of nature in the Kurdistan of Iraq and its impact on contemporary Iraqi drawing, (PhD thesis), written in Arabic / 2006.
- Iraqi contemporary art, translated into Kurdish / 2007.
- Four international artists, translation from Russian and preparation in Kurdish / 2007.

Has nine manuscript books ready for printing.

هەواڵنامەی کتێب

*1989 10th (Symphony of the Mountains) / Ruaq Hall –* Baghdad.

◈ 1993 11th / (overall Symphony of Art 19611993-) / Media Hall – Erbil.

◈ 1998 12th (Kurdistan Lover) / Media Hall – Erbil.

◈ 1999 13th (I'm from Kurdistan) / Museum Hall – Sulaymaniyah.

◈ 2001 14th (Retrospective) / Hall of the National Museum – Baghdad.

*Group Exhibitions*

◈ Since 1969, he participated in most of national exhibitions in Iraq, and Iraqi contemporary art exhibitions abroad, including Kuwait, Qatar, Bahrain, Lebanon, Algeria, Syria, Morocco, Tunisia, Soviet Union, GDR, West Germany, England, France, Iran, and global Altreynala in India.

◈ He had a personal gallery in the form of a large basement which is about two hundred square meters, with more than 500 of paintings and drawings.

◈ Dozens of his paintings were distributed in art museums in the world and personal collections.

◈ 24 pieces of his paintings which was acquired by the National Museum of Modern Art, missed at the time of the invasion of Baghdad and the collapse of the dictatorial regime in April 2003

◈ Works composed in Arabic and Kurdish and translated from Russian to both languages:

◈ Art of Painting, written in Arabic / 1980.

◈ Michelangelo, translated into Kurdish / 1981.

◈ Paul Gauguin, translation into Arabic / 1982.

◈ Delacroix, translation into Kurdish / 1983.

◈ Millet, translation into Kurdish / 1985.

◈ Rubens, translation into Kurdish / 1986.

## Muhammad Arif

*Biography & professional life:*

- 1937 Born in Rawandz, the province of Erbil – Kurdistan of Iraq.
- 1956 Diploma in the Institute of Fine Arts / Baghdad.
- 1967 Master in the Academy of Fine Arts with honors / Moscow.
- 2004 Ph.D. in the philosophy of art with distinction / University of Salahuddin in Erbil.
- 2004 Founder of the Faculty of Fine Arts in Erbil.
- Worked as a teacher of art at the Institute of Fine and Applied Arts and the Academy of Fine Arts in Baghdad and Babylon, and assistant professor in (Faculty of Engineering – Architect Dept.) and professor at the University of Salahuddin, Dean of the Faculty of Fine Arts at the University of Salahuddin.
- 2001 Won the State Award for artistic creativity for a retrospective exhibition (19612001-).
- Member of the Baghdad Modern Art
- Member of Iraqi Fine Artists Association.
- Member of Iraqi Artists Association
- Member of the Association of International Artists (UNESCO - Paris) since 1974.

*Personal Exhibitions*

- (1961 -1967) three exhibitions in the Soviet Union.
- 1971 4th exhibition / Hall of the National Museum of Modern Art – Baghdad.
- 1976 5th exhibition / Hall of the Kurdish Cultural Association– Baghdad.
- 1977 6th exhibition in Erbil.
- 1979 7th exhibition / Hall of the National Museum of Modern Art – Baghdad.
- 1981 8th exhibition (Impressions from the World / 19611981- Ruaq Hall – Baghdad.
- 1984 9th exhibition (overall from 1961 to 1984) / Hall of the National Museum of Modern Art – Baghdad.

هەواڵنامەی کتێب

# MUHAMAD ARIF

## 1937 - 2009



Design: Bacyan Jalal

Baktyar Saeed